# مرۆڤ هەموویان بران

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: كلّ البشر أخوة
تأليف: موهنداس غاندي
ترجمة: د. أنطوان أبوزيد (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٧، بيروت
ترجمة: آواز فاتح جاف (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

موهنداس گاندی

# مرۆڤ هەموویان بران

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە:

ئاواز فاتح جاف

AUNOHR

پرۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

موهنداس گاندی
مرۆڤ هەموویان بران
وەرگێڕانی لە عەربییەوە: ئاواز فاتح جاف
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٩
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شاخەوان کەرکووک

# زانکۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیایی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەیی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژایی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیایی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان– وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەوروپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخڵکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیـژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگەداری ڕووەکەی تری مێژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کە بیاندەنە بەر ڕووناکی، بیانخەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابلۆقە دراین کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لە ساڵی ١٩٩٣وە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا- ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆلەک لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە بالاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی بالای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەگەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەلام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕێنیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی نالاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە سالانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندەساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتووره ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام ئەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی باڵادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سلێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی بریتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کاتێکدا کە ڕەنگە ناتوندوتیژی و توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکار بێن، مرۆڤ تەنیا بە ناتوندوتیژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خۆی ببێتەوە. کاتێک دەڵێین نا بۆ توندوتیژیی خۆ، ئەو کاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا-ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا-ی کۆمەڵگەییییە. مەبەست لێی نا-یە بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر بەواتە فرەوانەکەی، واتە بەگشت شێوەکانی لە کوشتن و ستەمی کۆمەڵایەتی و هەژارکردن و داگیرکاری و سەرکوتین و سەرکۆنەکردنی منداڵ و توندوتیژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا-یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمانێکی ئەخلاقیی وجودییە و، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیاتی بەهۆکارەکانی ناتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مێژوو، توندوتیژی هاوشانی کۆمەڵێ جوانی بووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ناتوندوتیژی زاراوەیەکی نەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیژی دابڕێین..."

"توندوتیژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمەتی ستەمدا. چەکێکی نایابی دەستی ستەمکارانە. کاریگەرترینی چەکەکانیانە. بەڵی توندوتیژی بەکارە. بەداخەوە توندوتیژی هەموو پرسێکی بەرز دەلەوتێنێ. بەڵام خزمەتی دەکا! بێگومان نا. دەیشێوێنێ و لە ئامانجی بەرزی خۆی دووری دەخاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بۆ ئامرازگەلێک کە وەک خۆی نەبن" پاساو هێنان بۆی تەنانەت ئەگەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیدایی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیانداین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فەرەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موڵڵەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژینگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەیییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەیی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببیتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

# پێشەکی وەرگێڕ

هیچ ئاینێک بالاتر نییە لە حەقیقەت و ڕاستی؛ گەڕیدەیەکی ماندوونەناسە لە بەدوا داگەڕان بە دوای حەقیقەت و جەوهەری ئاینگەرییەتی، کاتێک جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەموو باوەڕێکی ئاینی وەلا بخرێت کە هاوئاهەنگ نەبێت لەگەڵ ئاوەز و دژ بە ئەخلاق بێت، و بنەماکانی ئەخلاقی لە دەست دابێت. مەبەستییەتی بڵێت مەحاڵە کەسێکی درۆزن و توندوتیژ و ناپاک درک بە بوونی خوا بکات. ئەو کەسەی دەیەوێت بڕوانێتە حەقیقەت و خوا، دەبێت لە ناخی خۆی و مرۆڤەکاندا پشکنینی بۆ بکات، گاندی ئێژێت (پێویستمان بە حەج، داگیرساندنی مۆمەکان، و سووتاندنی بخوور... نییە، بەڵکو پەروەردگار لە دڵی هەمووماندا دەژی هەر کاتێک بتوانین لە هەر هەستێکی جەستەیی دەرباز بین، خوا دەبینین)، ئەگەر ئێمە لە ناخی خۆماندا هەست بە بوونی خوا نەکەین، دەرک نەکەین کە نیشتەجێی ویژدانمانە، ئیتر چ پێویستە (حەجکردن، و داگیرساندنی مۆمەکان و سووتاندنی بخوور...) ئەم کارانە کەڵکی چییە گەر ئێمە تەنیا وەک ڕەفتارێکی کۆمەلایەتی خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین و پەیڕەوی بکەین... ئەمانە تەنیا وەک ڕێگەیەکن بۆ نێزیک بوونەوە لە خواوەند، و یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی جوانییەکانی خواوەند تیاماندا ببزووێت و بخرێتەگەڕ کە لە ناخماندا چێنراوە و لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی هەبێت.

لەم کتێبەدا، مهاتما، دەردەکەوێت کە سەرکردەیەکی دڵسۆزی گەلەکەیەتی و ڕابەرێکی ئاشتیخوازی دەگمەنە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە. ئێمە لەناو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە دڵنیا دەبینەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ

بگات بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان، و دیموکراتی، و مەدەنی، کۆمەڵگەیەک هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی قۆرخکردنی تێدا بەدی نەکرێت و ڕێگەی بەرگرییەکی ئاشتیخوازانە بگرێتە بەر، تەنیا لە ڕێگەی (ئاهیمساوە) ناتوندوتیژی دەستەبەر دەکرێت... چونکە مرۆڤی ئاهیمسایی سیفەتگەلێکی هەستیار و جوانی تێدا بەدی دەکرێت وەک ڕاستگۆیی و ئازاییەتی و لێبوردەیی و خێر و چاکە...

ئەم فەلسەفە سادە و ساکارە لەلایەن مهاتما گاندییەوە پەیڕەو کرا، هەر بۆیە توانی بەبێ شەڕ و ڕشتنی دڵۆپە خوێنێک دوژمنی داگیرکەری بەریتانی لە وڵاتەکەی وەدەربێنێت، کە نموونەی ئەم جۆرە شۆڕشە لە مێژوودا دووبارە نەبووەتەوە.

من لە دوای وەرگێڕانی ئەم کتێبە و بەراوردکردنی دەقی زمانە عەرەبییەکە لەگەڵ ئینگلیزییەکەدا، بۆم دەرکەوت هەندێ جیاوازی ورد لە نیوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی وەرگێڕاوی زمانە کوردییەکە جوان و ڕازاوە و پڕ مانا تر بێت، ئەو مافەم بە خۆمدا شێوازێک بگرمە بەر لە نێزیککردنەوەی هەردوو دەقی عەرەبی و ئینگلیزی... بۆ ئەسپەردەبوون لە کارەکە حەز دەکەم ئاماژەییەک بدەم، ڕەنگە ڕوو بدات دەستەواژەیەکی دەقە ئینگلیزییەکەم وەرگێڕابێتە سەر زمانی خۆمان نەک عەرەبییەکە، چونکە بە جوانتر و نێزیکترم زانیوە لە دەقی ئەسڵی کتێبەکە.

هەروەها لەبەرئەوەی پێشەکی وەرگێڕاوی زمانی عەرەبییەکەم لە بەردەست نەبووە، ویستم ئەو کەلێنە بە وەرگێڕانی پێشەکی زمانی ئینگلیزییەکە پڕ بکەمەوە.

بە ئۆمیدم لەم کارەدا سەرکەوتوو بم، بە تایبەت ئەمەیان یەکەم ئەزموونمە لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانە، بە خۆم لە ڕووی فەلسەفییەوە کەسێکی شارەزا نیم، بەڵام هەموو کات حەزم بە بابەتی فەلسەفی کردووە، هەر ئەم

حــەزەش بوو هـانی دام ئـەم کــارە ئەنجــام بـدەم، جــا خــوازیارم وەکــو ئەزمـوونێکی تایبەت حـەقی بابەتەکەم دابێت، و کەمـترین کـەم و کۆڕی لەخـۆ گرتبێت.

لە کـۆتاییـدا سـوپاسی بێـپـایانی کـەسـانی ئـازیزم دەکـەم کـە ئـەرکی پێداچوونەوەیان گرتە ئەستۆ:

برای خۆشـەویستم بڵند فـاتح و هـاوڕێ و هـاوسـەرم مستـەفا عەزیز، بەرێز مـامـۆسـتـا مـەهاباد حـەسـەن کـە لەگـەڵم مـاندوو بوو و ئەرکی هەڵـەچنی لە ئەسـتۆ گـرت. و بەرێز مامـۆستـا عەباس سـاڵح لە وەرگێڕانی پێشـەکی دەقی ئینگلیزییەکە.

٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢
ئاواز فاتح جاف

## پێشەکی

زۆر بە دەگمەن مامۆستایەکی وەها مەزن دەر دەکەوێت. لەوانەیە چەند سەدەیەک تێپەڕێت بەبێ ئەوەی زاتێکی وەها دەربکەوێت. گاندی، ئەو مامۆستایە بوو کە لە ژیانی خۆیدا بەوە ناسراوەتەوە یەکەم جار بە خۆی و دواتر بە وانی تریش دەبێژێت کە چۆن بتوانن وەکو ئەو بژین... ئەم هەڵبژاردانە لە نووسین و وتارەکانی گاندی لەلایەن (سری کریشنا کریپالانی)یەوە، کە بە ئاگاییەکی زۆرەوە کۆ کراونەتەوە، هەندێ زانیاری دەداتە خوێنەر دەربارەی هزری گاندی و گەشەی فکری و ئەو شێوازە پراکتیکییانەی کە ئەو گرتنیە بەر.

ژیانی گاندی، ڕەگ داکوتاوی ناو نەریتی ئاینی هیند بوو، لەگەڵ خولیای گەڕانێکی بەسۆز بە شوێن ڕاستیدا و، پیرۆزکردنی ژیان و ئامادەیی بۆ قوربانیدان بە هەموو شتێک لە پێناو ناسینی خودادا. ئەو هەموو ژیانی لە گەڕانێکی بێوچان بە دوای ڕاستیدا بردە سەر: من لە پێناو ئەم ئامانجەدا دەژیم و دەجووڵێم و هەم. ژیان سادە و ڕووکەش دەبێت ئەگەر ڕەگ و پاشخانێکی قووڵی نەبێت. هەندێک لەو باوەڕەدان کاتێک شتێک دەبینین کە ڕاستە، دەیکەین، بەڵام بەو جۆرە نییە. تەنانەت کاتێکیش دەزانین کە چی ڕاستە، ئەوە ناگەیەنێ ئێمە هەڵبژاردن و کاری ڕاست دەکەین. بە گوێرەی مەزهەبی هیندۆسی، لەم بارودۆخەی ئێستەماندا، ئێمە تەنیا بەشێکمان مرۆڤە و بەشی خوارەوەمان هێشتا هەر ئاژەڵە، تەنیا بە زاڵبوون بەسەر ڕەمەکەکانی خوراەوەمان لە ڕێگەی خۆشەویستییەوەیە کە دەتوانێت ئاژەڵەکەمان تێدا سەر ببڕێت. مرۆڤ لە میانی پرۆسەیەکی ئەزموناوی و

هەڵە، لە خۆگەڕان و ڕێبازێکی سادە و ساکاردا، هەنگاو دەهاوێت بۆ بەرەو پێش چوون.

ئاینی گاندی ئاینێکی عەقڵانی و ئەخلاقی (مۆراڵ) بوو. ئەو بە هیچ باوەڕ و ئامۆژگاری و فەرمانێک ڕازی نەدەبوو ئەگەر بەلایەوە ناعەقڵانی بێت یان ویژدانی قبووڵی نەکردبێت.

ئەگەر بە هەموو بوونمانەوە، نەک تەنیا بە هزرەکانمانەوە باوەڕمان بە خودا هەبێت، ئەوا بە بێ جیاوازیی ڕەگەز و چین، یا میللەت و ئاین، هەموو مرۆڤایەتیمان خۆش دەوێت و، کار بۆ یەکبوونی مرۆڤایەتی دەکەین. هەموو کارەکانم لە خۆشەویستییەکی بێهاوتا بۆ مرۆڤایەتی سەرچاوە دەگرن. هیچ جیاوازییەکم نەکردووە لەنێوان خزم و بێگانە و، هاونیشتمان و بیانیدا، سپی پێست و ڕەش پێست، هیندۆسی و هندییەکان و خاوەن باوەڕەکانی دی لە موسڵمان و ئاگرپەرست و گاور و جوو. ڕەنگە بڵێم لە دڵەوە نەمتوانیوە هیچ جیاوازییەکی لەو شێوەیە بکەم، بە هۆی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و توندوتوڵی پڕ لە نزا و پاڕانەوە، ماوەی چل ساڵ زیاترە ڕقم لە هیچ کەسێک نەبووەتەوە. مرۆڤەکان هەموو برای یەکترن و هیچ کەسێک بێگانە نییە بەوی تر. دەبێت خۆشگوزەرانیی هەمووان ئامانجمان بێت. خواوەند وەکو بۆندێکی هاوبەش مرۆڤەکان یەک دەخات.

ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی وەکو باشترین هۆکار بۆ هەموو کێشەیەکی ناوەخۆیی و ناودەوڵەتی. گاندی جەختی دەکردەوە ئەو نموونەیەکی پراکتیکیە نەک خەیاڵی. ئەو یەکەم کەس بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە پرنسیپی ناتوندوتیژیی لە تاکەوە فرەوان کرد بۆ سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەو بە مەبەستی تاقیکردنەوە و سەلماندنی سەرکەوتوویی ئەو پرنسیپە، هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە. ئەو لە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی

سەربەخۆیی هندستان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت شێوازگەلی مەدەنیی ناتوندوتیژ بگرینە بەر. هەڵوێستی ئەو لەسەر ئازادیی هندستان لەسەر ڕق و کینەی دژ بە بەریتانیا بنیات نەنرا بوو، ئەو دەیگوت پێویستە ڕقمان لە تاوان بێت نەک لە تاوانکار. بۆ من نیشتمانپەروەری یەکسانە بە مرۆڤایەتی. من نیشتمانپەروەرم چونکە من مرۆڤ و مرۆڤدۆستم. من ئازاری ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا نادەم لە پێناو خزمەتکردنی هند.

ئەگەر بمانەوێت دنیا لە بارودۆخی ئەتۆمیی ئێستەدا ڕزگار بکەین، پێویستە پرنسیپی ناتوندوتیژی بگرینە بەر. گاندی دەڵێت: کاتێک بیستم کە بۆمبێکی ئەتۆمی هیرۆشیمای خاپوور کرد، ماسوولکەیەکیشم نەجووڵاند بەڵکو بە پێچەوانەوە بە خومم گوت: ئەگەر دنیا ئێستە شێوازی ناتوندوتیژی نەگرێتە بەر، ئەوە جۆرێک لە خۆکوژی بۆ مرۆڤایەتی بڵاو دەکاتەوە.

کاتێک ناتوانین بسازێین لەگەڵ ئەم قەیرانەی ئێستەدا و ئەو هەلومەرجە نوێیانەی کەوا زانست لەگەڵ خۆیدا هێناونی، گرتنە بەری پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی و ڕاستگۆیی و لێکتێگەیشتن ئاسان نابێت، بەڵام نابێت بەو هۆیەوە کۆڵ بدەین. لە کاتێکدا نکۆڵی و زۆر بلێی سەرکردە سیاسییەکان ترس دەخەنە دڵمانەوە، ویژدان و دانایی گەلانی دنیا هیوامان پێ دەبەخشن.

لەگەڵ خێرایی و زیاد بوونی گۆڕانە نوێیەکاندا نازانین دنیا دوای سەد ساڵی دی چۆن دەبێت. ناتوانین پێشبینیی ئاراستەکانی فیکر و هەست بکەین لە داهاتوودا. ساڵان دەڕۆن بەڵام هێشتا پرنسیپە مەزنەکانی حەقیقەت و ناتوندوتیژی لەمەڕ ساتیا و ئاهیمسا لەوێن و ڕێ نیشاندەرمانن. دەبێت وەکو گاندی باوەڕمان نەگۆڕ بێت کەوا لە سەرووی هەورەوە دەدرەوشێتەوە.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیین کە ئاگەداری شکست و گۆڕانە مۆڕاڵییەکانی

خـۆیەتی، سـەردەمـێک کـە تیـێدا حـەقـیـقـەتە کـۆنەکان دەڕۆخـێن و فـۆرمـە باوەکـانیش درز دەبەن و تەڵخ دەبن. کینە و یەکتـر قـبووڵنەکردن ڕوو لە زیاد لە ئارادایە.

مـایەی شـانـازیمانە کەوا یەکێک لە مـەزنتـرین کـەسایەتییـەکانـی مێژوو لە سـەردەمـی ئێمەدا ژیا و قسـەی بۆ کـردین، لەگـەڵماندا ڕێی کـرد و فێری شێوە ژیانـی مـەدەنیی کـردین. زوڵم لـە کەس نـاکا و لـە کـەسـیـش ناترسـێت، چونکە هیچ شتێکی نییە بیشارێتـەوە. سـەیری ڕووخساری هـەموو کەسێک دەکات و هـەنگاوەکـانیـشـی پـتـەو و جێگیـرن و قـسـەیشـی سـوور و لە ڕووە. لە مـێژەوە پلاتۆ وتوویەتی: لە دنیـادا بەردەوام پیـاوێلێکی ئیلهـامبـەخشـی کـەمـی وا هـەن کە ناسینیان لە نرخاندن نایەت.

نیودلهی – ١٥ی ئاب ١٩٥٨

RADHAKRISHNAN.S

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەباس ساڵح

٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٢

بەشی یەکەم

## ئاین و حەقیقەت

مەبەستم لەئاین کۆمەڵێک ڕەفتار و داب و نەریت نییە بەڵکو ئەو بنەوایانەی کە لە هەموو ئاینەکاندا هەیە و وامان لێ دەکات ڕووبەڕووی دروستکەر (خالق) بوەستینەوە.

من دەزانم ئەگەر دژی خراپە نەجەنگم و، لە خۆبەختکردن دوا بکەوم هەتا ئەو ڕادەیەی ژیانم بە قوربانی بێت، ناتوانم پەی بە خودا بەرم، هەرچەندە ئەزموونیکی کەم و سنوورداریشم هەیە وەلێ باوەڕیکی وەهام تێدا جێگیر بووە کە هەتاکو زیاتر ڕاستگۆ و ڕوونتر بم زێدەتر هەست بە نێزیکیی پەروەردگار دەکەم و، ئەوەندەی تر نێزیک دەبمەوە کاتێک ئەو باوەڕەم تەنیا پاساوێک نەبێت، وەک ئەمڕۆ، وەک شاخەکانی هێمالایا پتەو بێت، سپی وەک تاجە بەفرینەی سەر لووتکەکانی.

بۆ من، خودا حەقیقەت و خۆشەویستییە، ئەو خێر و سەرچاوەی ئەخلاقە. خواوەند هیچ ترسێکی تێدا نییە، ڕووناکی و ژیان لە یەزدانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرباری ئەمەش ئەو لەسەرەوەیەوە و لە پشتی ئەم هەموو شتانەوەیە. پەروەردگار ویژدانی خەڵکە. ئیلحادی مولحیدە (بێ بڕوای گومڕایە)... خواوەند پەیڤ و عەقڵ بەرز ڕادەگرێ... ئەو خواوەندی ئەو کەسانەیە کە ئارەزووی ئامادەبوونی ئەویان هەیە. هەروەها خودا بۆ ئەو کەسانەی لە هەوڵی ئامادەبوونی بەرجەستەیدان تەنی دەبێتەوە.

کرۆکی بێگەردیی پەروەردگارە. بۆ ئەو کەسانەی بڕوادارن و ئەو هەر ئەوە و هیچی تر، بۆ هەمووان خودا هەموو شتێکە، یەزدان لە ناخ و دەرەوە و پشتەوەشمانە... خودا بە سەبر و بەخشندەیە، لەتەک ئەمەشدا سامناکیشە. نەفامیی بڕواداران بۆ ئەو نابێتە بیانوو. لەهەمان کاتدا بەردەوام بە بەزەییە، چونکە هەمیشە هەلی تۆبەکردن دەبەخشێت لە ئەنجامدا بە دیموکراسی دەیبینینەوە. هەر بۆیە کاتێک ئەو هیچ فشارێک بەسەر ئازادییەکانماندا ناسەپێنێ، ئێمە خۆمان شوێنکەوتووی چاکە و خراپە دەبین و هەڵی دەبژێرین.

لە بەرامبەردا لە خۆی فەرمانڕەوایەکی مەزنتر نابینینەوە، زۆر جار دەست تێوەردانی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کاسەیەمان لێ دوور بخاتەوە کە دەمانەوێت بیخۆینەوە. هەروەک دەر دەکەوێت خودا ڕێز لە هەڵبژاردنەکانمان دەگرێت و، بەشی پەراوێزێکی نەبینراومان بۆ بەجێ دێڵێ، هەتاوەکو وەڵامەکانمان تەنیا پڕ بە شادی بێت... هەر بۆیە هندۆسی لەو نیگایەوە تەماشای گەردوون دەکات کە یارییەکی خوداییە.

بۆ ئەوەی لەڕۆژگارێکدا مرۆڤ بڕوانێتە ڕۆحی حەقیقەت کە تێ دەپەڕێت بە گەردووندا تێڕوانینێکی ڕووبەڕووانە، دەبێت نزمترین بوونەوەرکانی پەروەردگاری خۆش بوێت بەئەندازەی خۆشویستنی خۆی. بۆ ئەمەش گەرەکە خۆی لە هیچ ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیان نەدزێتەوە. بۆیە خۆشەویستیم بۆ حەقیقەت ڕێگەی بۆ هەموارکردم بچمە ناو بواری سیاسەتەوە. بێگومان و بە خاکیبوونێکی تەواوەوە دەتوانم دووپاتی بکەمەوە ئەو کەسەی هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئاین و سیاسەت نەبینێت گەمژەترین کەسە لەهەمبەر ئایندا.

من تەنیا خەباتگێڕیکی هەژارم کە ڕۆحم بۆ چاکە و حەقیقەتێکی کامڵ و ناتوندوتیژی جێگیر هەناسە هەڵ دەکێشێت، نەک تەنیا لە کردەوە و

وتەكانم، بەڵكو هەروەها لە هزرەكانیشمدا. لەگەڵ ئەوەشدا لەم نموونە ڕاستترم نەبینی كە هیچ گومانێكی تێدا نییە، لەبەرئەوەی سەركەوتن دژوارە، بە خۆشحاڵییەوە ڕووبەڕووی دژوارییەكانی ڕێگەكە دەبمەوە، چونكە هەنگاوەكانی بەهێزم دەكەن و، بۆ هاوێشتنی هەنگاوی داهاتوو بەهێزترم دەكەن.

خوداوەند نیشتەجێی ئاسمان یان دۆزەخ نییە، بەڵكو لە ناخی هەریەک لە ئێمەدایە. گەر من خۆم بۆ خزمەتكردنی مرۆڤایەتی تەرخان بكەم ئەو كاتە لە ڕۆژگارێكدا، توانی بینینی یەزدانیشم دەبێت.

لەڕاستیدا پێویستە ئاین لە كردەوەكانماندا ڕەنگدانەوەی هەبێت، كەس ئەمەیان بە دەمارگیری دانەنێت، بەڵكو ئەو بوچوونە دەستەبەر دەكات كە ئێژێت بنەوا ئەخلاقییەكان حوكمی گەردوون دەكەن، وەلێ ئەگەر چی مرۆڤ ناتوانێت یەزدان بە چاوی خۆی ببینێت، كەچی مرۆڤ ئەو بنەوایانە ڕەتناكاتەوە. ئەمە ئاینی هندۆسی و، ئیسلام و، مەسیحیەت و هتد... بەرز ڕادەگرێت و بۆی نابێتە بەدیل، بەڵكو كار لەسەر هاوئاهەنگی (هارمۆنییەت) دەكات و واقعیكی تایبەتیان پێ دەبەخشێت.

هەر كاتێک مرۆڤ گەیشتە ناخی ئاینەكەی خۆی، ئەو كات لە ناخی ئاینەكانی دیكەدا خۆی دەبینێتەوە.

تاوەكو ئێستە چەندان ئاین بوونیان هەیە، ئێمە دەبینین هەر یەكەیان دەیەوێت خاوەن كۆمەلێک هێما بێت و لە ئاینێكی دیكە جودا بكاتەوە. بەلام پێویستە مرۆڤ ئەو هێما تایبەتییانە وەلا بنێ كاتێک دەبنە بتێكی پەتی، هەروەها دەبنە ئامرازێک بۆ كەمكردنەوەی پلەوپایەی ئاینەكانی دیكە.

پاش خوێندنەوە و ئەزموونێكی قووڵ لە بارەی ئەم پرسەوە ئەنجامم دا، گەیشتمە ئاكامێک، كە گشت ئاینەكان ڕاستن، هیچ كامێكیان لە هەڵە بەدەر

نین. هەر یەک لەو ئاینانە بەلامەوە خۆشەویستن هاوشانی خۆشەویستیم بۆ ئاینەکەی خۆم. ئەمەش یەکسانە بەو خۆشەویستییەم کە بۆ نێزیکترین خزمانم هەمە. هیچ ڕێگەیەک نییە ڕازیم بکات بە ئاینێکی تر، چونکە من ئەوەندەی ڕێز لە بڕوای کەسانی دی دەگرم هاوتەریبی ڕێزگرتنمە لەو باوەڕەی خۆم.

پەروەردگار ئاینی جیاوازی دروست کردووە، هەروەها شوێنکەوتووانیش (مورید)ی بۆ دروست کردوە، کەواتە من چۆن وا بیر بکەمەوە کە بڕوای دراوسێکەم لە بڕوای خۆم نزمترە، بۆ هاتنە سەر ئاینەکەی خۆمی بۆ بخوازم!؟ ئەگەر من بە ڕاستی هاورێ و ئەسپردەیی هاوڕێتییەکەی بم، تەنیا دەتوانم پاڕانەوەی بۆ بکەم بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بگونجێت لەتەک ئاینەکەی خۆیدا. لە مەملەکەتی خوداوەند پایەگەلێک هەن و هەموشیان پیرۆزن.

کەس بۆ ساتێکیش نەترسێت لە لاوازبوونی ئیمانی ئەگەر ڕووی لە خوێندنەوەیەکی قووڵ و شایستەی ئاینێکی دیکە کرد، چونکە فەلسەفەی هندۆسی وا دادەنێت هەموو ئاینەکان بەشێکی ڕاستی لەخۆ دەگرن. بۆیە دەبینیت ناچار دەبین بەرانبەر هەموویان ڕێز پیشان بدەین. بێگومان بڕوادار هەمان هەڵوێستی دەبێت بەرامبەر بە ئاینەکەی خۆی، وەلێ ئێمە لە ئاینەکەمان کەم نابێتەوە گەر خوێندنەوەیەک یان سەرنجێکمان هەبێت بۆ ئاینێکی دی، بەڵکو ڕێزگرتنی ئێمە گشتگیر دەبێت.

با ژیانمان بە شێوەیەک لێ بکەین کە لە بەرەژەوەندییەکانمان بدوێ. باشتر لەوەی کە وتەکانمان ئاشکرای بکات. لە هەزار و نۆ سەد ساڵەوە بۆ جارێک خودا خاچەکەی هەڵنەگرت، بگرە تاوەکو ئەمڕۆش و، هەموو ڕۆژێکیش، دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە. ئەمە دڵنەواییەکی بێئومێدانەیە خەڵکانێک کاروباریان ڕادەستی خواوەندێکی مێژوویی مردوو لە دوو هەزار ساڵەوە دەکەن. کە واتە بانگخوازی بۆ خواوەندێک مەکەن کە سالآنێکە

نەماوە، بگرە بۆ خواوەندێک هەتاوەکو ئەمڕۆ لە ناوتاندا زیندووە.

بڕوام بەو کەسانە نییە ئیمانی خۆیان بۆ کەسانی دی ئاشکرا دەکەن، بەتایبەت ئەگەر مەبەستیان وەرگەڕاندنەوەیان بێت لە ئاینەکەی خۆیان. لەبەرئەوەی ئیمان بۆ ئەوە نییە باسی لێوە بکرێت بگرە لە پێناو ژیانە، پاشان خۆی بڵاو دەبێتەوە. شارەزابوون لە کاروبارەکانی پەروەردگار لە ناو کتێبەکاندا بە دەست نایەت، بەڵکو لە ئەزموونی ژیانی کەسایەتییەکەیە. لە باشترین هەلومەرجدا، کتێبەکان تەنیا یارمەتیدەرن، زۆر جاریش دەبنە ڕێگر.

گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا دروستن و، هاوشانی بەخشینەکانی خواوەندن کە پێمانی بەخشیوە، هەروەها هەست دەکەم خواوەند ئەو بەخششانەی لەڕێگەی ئەو کەسانەوە بۆ ناردووین کە سرووشی (وحی) بەسەریاندا دابەزاندوە، هەر بۆیە ئەگەر توانیمان کتێبگەلی ئاینە جیاوازەکان لە نیگای خواپەرستەکان بخوێنینەوە، درک دەکەین کە هەموویان لە بنەڕەتدا لەیەک دەچن و، بەشێوەیەکی زۆر باش لەنێوان خۆیاندا تەواوکەری یەکترن.

باوەڕهێنان بە تاکانەیی خودا بەردی بناخەی هەموو ئاینەکانە. وەلێ من پێشبینی ناکەم ڕۆژانێک دابێن کە هەموو ئاینەکان ببن بەیەک. لە ڕووی تیۆرییەوە، مادام یەک پەروەردگارە هیچ بەربەرستێک نییە لە یەکگرتنییان. بەڵام لە ڕووی پراکتیکیەوە، نەگەیشتم بەوەی کە دوو کەس هەمان تێگەیشتنیان دەربارەی خودا هەبێت، هەر لەبەر ئەمە ڕەنگە کۆمەڵێک ئاین بە گوێرەی میزاج و ڕەوشی ئاو و هەوا بوونیان هەبێت.

بەڕای من هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا کەم تا زۆر ڕاستن. لەبەرئەوەی خەڵک کامڵ نین و، ئەو ناکاملّییەش دەگوازرێتەوە بۆ هەموو شتێک کە بەردەستیان دەکەوێت هەر بۆیە زۆری و کەمی لە ئارادایە. سەبارەت بە

کامڵبوون ئەو سیفەتە تەنیا بۆ پەروەردگار دەگەڕێتەوە نەک بۆ کەسێکی دی. مرۆڤ ناتوانێت وەسفی بکات، چونکە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت وەرگێڕان (تەرجومە) بۆ کامڵبوون بکات. بەڵام من ئەو بڕوایەم هەیە کە هەموو مرۆڤێک توانی هەیە کامڵ بێت، بە ئەندازەی کامڵیی یەزدان. پێویستە هەر هەموومان بڕوانینە ئەو کامڵبوونە، وەلێ کە گەیشتینە ئەو حاڵەتە پیرۆزە، مەحاڵە بتوانین وەسفی بکەین. کەواتە پێویستە بە بێ لەخۆبایی بوون دان بەوەدا بنێم کە ئامۆژگارییەکانی ڤیدا و، قورئان و، ئینجیل، بەبێ جیاوازی هەموویان پەیڤی خودان بەڵام بە شێوەی ناتەواو پێڕەو دەکرێن. و لەبەرئەوەی ئێمە کامڵ نین و، هەزار حەز بە لایەک ڕامان دەکێشێت، ئەستەمە بۆ ئێمە بە تەواوەتی تێ بگەین لە پەیڤی خوداوەند.

ناتوانم بڕیار بدەم کە دەقەکانی ڤیدا* تاکە دەقن کە پەروەردگار بۆ باوەڕداران سرووشی پێ کردبێت، بەڵکو لەو بڕوایەدام هەمان سرووش لە ئینجیل و تەورات و قورئان و زەند ئاڤیستا دەر دەکەوێتەوە. بە هیچ جۆرێک ناگەمە قەناعەت کە هەر وشەیەک و هەر ئایەتێک لە کتێبەکانی هندۆس لەلایەن خواوەندەوە سرووشی پێ کراوە... ڕازی نابم بە هەستێک پێوەستم بکات لەگەڵ هەر ڕاڤەیەک لە لایەن عەقڵ و ڕەوشت ڕەت بکرێتەوە ئەگەر چی فەقێیەکانیش پشتگیریی بکەن.

هەرچییەک بێت جێگەکانی پەرستن، مزگەوتەکان یان کڵێسەکان یان پەرستگەکان بێت من جیاوازییان ناکەم، بەو پێیەی هەمووی ماڵی خواوەندن و هەر هەموویان ئیمان بنیاتی ناون، وەڵامدانەوەیە بۆ گشت ئەو کەسانەی

---

* کۆنترین کتێبی ئاینی هندییە، سەبارەت بە مێژووی نووسین و کۆکردنەوەی "ڤیدا" شارەزاییان و ئەرکیۆلۆجستەکان ناکۆکن. (وەرگێڕ) بڕوانە: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل: هزر و فەلسەفە و وشیاری لە خۆرهەڵاتی کۆندا/ کۆواری ڕامان/ ژمارە (٨٠)، یەکی شوباتی ٢٠٠٣/ ل.٢١٧

ئارەزووی گەیشتن بە نەبینراو دەکەن.

بالاترین مەبەستی مرۆڤ درککردنە بە پەروەردگار. لەبەر ئەمە پێویست دەکات هەموو چالاکییە سیاسی، کۆمەلایەتی و، ئاینی لەسەر ڕۆشنایی ئەم مەبەستە ڕێک بخرێت و لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە بێت. بڕوادار دەبێت ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی تایبەت خۆی بۆ خزمەتکردنی کەسانی دی تەرخان بکات، چونکە تەنیا ڕێگە بۆ بینین و دۆزینەوەی پەروەردگار لە ناو بوونەوەرەکاندایە هەتاوەکو لەگەڵیدا دەبنە یەک. ئەم کارەش ئەستەمە بکرێت مەگەر بڕوادار بە خۆ تەرخانکردن بۆ هەمووان، بەڵام سەرەتا بە ڕۆڵەی وڵاتەکەی دەست پێ بکات، چونکە من پارچەیەکم لەو گشتە (الکل) مەزنە، من ناتوانم لە دەرەوەی مرۆڤایەتی خواوەند ببینمەوە. هاونیشتیمانم خزمانی ڕاستەوخۆی من، ئەمانیش لەوپەڕی فەرامۆشی و نەداری و شەکەتیدان، ئەگەر پێویست بکات بۆ بە هاناوەچوونیان مەحاڵ ئەنجام دەدەم. گەر من دڵنیا بم کە یەزدان لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی چیاکانی هیمالایا دەدۆزمەوە، هەنووکە ڕێگە دەگرمە بەر. وەلێ من دەزانم خواوەند لە شوێنیکی دی نییە جگە لە ناو دڵی مرۆڤایەتیدا نەبێت.

شتێکی تراجیدییە ئەمڕۆکە ببینین ئاین هیچ واتەیەک نابەخشی جگە لە هەندێ خواردن و خواردنەوەی دیاری کراو، یان هەستێکی قبوولکردن لە نێوەندی کۆمەڵگە سەر بە چینی سەروو یان خواروو بێت. لێمگەرێن با پێتان بێژم گەمژەییەک نییە لەمە بێماناتر بێت. پایەبەرزیی مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونی یان بە پێڕەوکردنێکی ئەسپەردانەی ئەتەکێت بەدەست نایەت، بەڵکو تەنیا فاکتەرێک بۆ دیاریکردنی پایەبەرزی لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتدایە.

خواوەند لەسەرەتای دروستکردنی مرۆڤەکانەوە نیشانەکانی بەرزونزمیی لە نێویاندا دروست نەکردووە. ئەگەر دەقێک هەبێت فرمان بدات بە نزمی و

زەلیلیی مرۆڤ بە هۆی لەدایکبوونی، پێویستە باوەڕپیکراو نەبێت، چونکە ئەمە ڕەتکردنەوە و بە درۆخستنەوەی بوونی خوداوەندە.

لەو بڕوایەم کە هەموو ئاینە مەزنەکانی دنیا ڕاستن، ویستی خوداوەندە بەم شێوازە بێت، تاوەکو وەڵامی مەبەستەکانی بدرێتەوە و لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە بێت کە لە سایەیدا پەروەردە کراون. بێگومان هەرگیز ڕۆژێک نایەت بتوانین بێژین کە یەک ئاین هەیە لە گەردووندا یان وای دەربخەین یەک ئاینی بنچینەیی لە ئارادایە. تەنانەت ئێمە لە سروشتدا نموونەی هێڵێکی ڕاست نادۆزینەوە.

ئاین تەنیا درەختێکە و لقگەلێکی هەیە. ئەگەر سەیری لقەکانی بکەین ئێژین ئاینگەلێک هەیە، بەڵام گەر بە تەنیا سەیری درەختەکە بکەین ئەو دەم دەزانین یەک ئاین هەیە و هیچی دی.

خراپە بۆچی هەیە؟ خراپە چییە؟ ئەم دوو پرسیارە سنووری عەقڵ دەبەزێنن، ئەوەندە بەسە بزانین چاکە و خراپە هەن، مادام توانی دیاریکردنیانمان هەیە، ئێمە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین و خۆمان بە دوور بخەینەوە لەوەی تریان. لە پێناو یەزدان، پێویستمان بە حەج، داگیرساندنی مۆمەکان، سووتاندنی بخوور یان ڕەنگکردنی خوداوەند بە فیرمیلون نییە (ماددەیەکی کیمیایی سوورکراوەیە/ وەرگێڕ). لە ڕاستیدا پەروەردگار لە دڵی هەمووماندا دەژی، هەر کاتێک بتوانین لەهەر هەستێکی جەستەیی دەرباز بین، خودا دەبینین.

گەر ئێمە ڕوئیایەکی تەواومان لە بارەی حەقیقەت هەبووایە، چیدی لە دوای پەروەردگار نەدەگەڕاین، لەبەرئەوەی لەتەک خودادا یەکانگیر دەبین، چونکە حەقیقەت خودایە. چونکە ئێمە خاوەنی ئەو ڕوئیایە نین، کەواتە ئێمە نا کامڵین، لە ئەنجامدا وەک ئەوەی لە ئاین تێگەیشتووین، ئاین بە ناکامڵی دەمێنێتەوە، کە ئاینەکان بەردەوام لە پەرەدان. نابێت لایەنی

نەرێیــانەی (نیگەتیــفی) ئاینەکــانی دی لامــان شــاراوە بێت، بە هۆی ڕێزگــرتنمــان. هەروەها دەبێت بە تەواوەتی درک بە کــەم و کــوڕییــەکــانی ئاینەکانمان بکەین، نەک بۆ ئەوەی بیکەین بە بیانوویەک بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنین بەڵکو لە جوانترین شێوەدا ڕاستی بکەینەوە. ئێمە ئەگەر بە بێ لایەنگیری تەماشای هەموو ئاینەکان بکەین، مانای ئەوەیە ئێمە لە پێناو دەوڵەمەندکردنی بڕوای خۆمان کەمتەرخەم نین لە وەرگرتنی هەموو ئەوانەی شیاون لە ئاینەکانی دی، ئەمەش بەئەرکێک دادەنرێت. هەر وەک دارێک یەک قەدی هەبێت لە کاتێکدا چەندان لق و گەڵای پێوەیە، هەروەها هەمان شت سەبارەت بە ئاینیش، تەنیا یەک ئاینی حەقیقی و کامڵ هەیە، بەڵام هێشتا و چەندان جۆر و لقی هەیە، ئەمەش بەهۆی دەست تێوەردانی مرۆڤەکانە. ئاینی یەکتایی لە هەموو گوتنێک تێ دەپەڕێ. سەرباری ئەمەش دەبێت پەنا بەرینە بەر قسەکردن بۆ دەربڕین لەسەر ئەم ئاینە، بۆ زانیاری، وشە لە لایەن مرۆڤگەلێکەوە دانراوان کە هێشتا کامڵ نەبوونە و، پێشنیاز و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ دەکرێ، ئاخۆ کامیان ڕاستترە؟ هەر یەکێک بە بۆچوونی خۆی ڕاستە، هەروەها ئەستەمیشە کە خەڵک هەموو لە هەڵەدا بێت. لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی دەزانم مرۆڤ دەبێ لێبوردە بێت، ئەمەش واتەی ئەوە نییە کەم تەرخەم بێت بەرامبەر ئاینەکەی خۆی، بەڵکو پێویستە باشتر لە ئاینەکەی تێ بگات و بێگەردانە خۆشی بوێت. سروشتی لێبوردەیی دوورە لە دەمارگیری بە ئەندازەی دووریی جەمسەری باکور لە جەمسەری باشوور. شارەزابوون لە ئاینەکان بەشێوەیەکی قووڵ، ڕێگە دەدات بۆ لەناوبردنی بەربەستگەلێک کە ئاینەکان لێک جیا دەکاتەوە و ڕێگری لە یەکگرتنیان دەکات.

سەبارەت بە سیاسەتێک لە ئاین خاڵی بێت، ئەو سیاسەتە دەبێتە چالاکییەکی تەواو ڕیسواکەر. پێویستە بەردەوام مرۆڤ بەرپەرچی بداتەوە.

ئەگەر سیاسەت بایەخ بە خۆشگوزەرانیی گەلان بدات ئەو دەم ئاسایی دەبێتەوە خاوەن ڕۆحێکی ئاینی خۆی بۆ تەرخان بکات.

پێویستە ئەمەش ئامانجی گەڕیدە بێت کە بە دوای خودا و حەقیقەتەوە بێت، ئێژم (خودا و حەقیقەت) چونکە ئەم دوو زاراوەیە قبووڵی گۆڕانکارییان هەیە، ئەگەر هەر کەسێک بەڵگەی بۆ هێنامەوە کە خودا خودایەکی درۆینەیە، یان خۆشحاڵ دەبێت بە ئازاردانی بوونەوەرەکان، زووبەزوو واز لە پەرستنی دەهێنم. هەر بۆیە لە بواری سیاسەتیشدا پێویستە مەملەکەتێکی ئاسمانی دروست بکەین.

ناتوانم لە ژیانێکی ئاینیدا بژیم بەبێ ئاوێتەبوونم لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا، ئەمەش بە بێ تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسەت ناکرێت. ئەمڕۆ باگێڕی چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، پێکهاتەیەکی تەواو جودانەکراوە لە یەکدی، هیچ ستوونێکی جیاکەرەوە لەنێوان چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لە نێو ئەوانەش کە ڕەنگە ئاینی بێت نەماوە. من پەی بە ئاینێک نابەم کە نامۆ بێت لە چالاکییەکانی مرۆڤ، هەموو کردەوەکانمان بنەوا ئەخلاقییەکانی لە دەست دەدات ئەگەر ئاین بەشدار نەبێت لەو چالاکییانەدا. لە ئەنجامدا شپرەزەیی و ژاوەژاو و تۆڕەیییەکی زۆر ژیانمان دەگرێتەوە و هیچی تر.

فۆرمەکان فرەن، بەڵام ئەو ڕۆحەی شێوەیەک دەبەخشێ بە هەموو شتێک یەکێکە. لەم حاڵەتەدا کەڵکی چییە، سووربوون لەسەر جیاوازیکردن لەنێوان بوونەوەرە باڵاکان و نزمەکان، لە کاتێکدا یەکەیەکی بنەڕەتیی فرەیی لەخۆ دەگرێ، کە لە سایەی خۆیدا هەموویان کۆ دەکاتەوە؟ هەر حەقیقەتێک لەتەک گشت هەنگاوێک کە دەیهاوین خۆی دەسەپێنێت و، دوا ئامانجی هەموو ئاینەکان ئەوەیە ئەم یەکە بنەڕەتییە پێک بهێنن.

لەلای خۆمەوە حەز دەکەم لەگەڵ ئەو کەسانە بم کە ئێژن (خودا

خۆشـەویسـتییە)، بەڵام لە نـاخی خۆمـەوە ئێژم دەشێ خـودا خـۆشـەویسـتی بێت، پەروەردگـار لە پلەی یەکـەمـدا حـەقیـقـەتـە، گـەر وشـەیەکی مـرۆڤـانە بە کاربێنم بۆ وەسفی یەزدان، لە وشـەی حەقیقەت گونجاوتر نابینمەوە. لە دوو ســاڵی ڕابردوودا، زیاتر هـەنگاوم هـاوێشــتـووە بۆ ئەوەی بێــژم خــوداوەند حەقیقـەتە، شایستەیە جیاکردنەوەیەکی ورد بکرێت لەنێوان ئەم دوو ڕستەیە ئەویش (خـودا حـەقـیـقـەتـە) و (حـەقـیـقـەت خـودایە). دوای پەنجـا سـاڵ لە لێکۆڵینەوەی بەردەوام و بێ وەڕسبوون لە دەربارەی حەقیقەت، گەیشتمە ئەم پوخـتـەیـە، کە ئەویش خـۆشـەویسـتی نێزیکترین ڕێگەی ڕاسـتـەوخـۆیە بۆ گەیشـتن بە حەقیقەت. بەڵام بوم دەرکـەوت وشـەی (خـۆشـەویستی)، لـە زمانی ئینگلیـزیدا ئامــاژە بۆ واتاگــەلێک دەکــات، لەوانە مــانای ئەوینـیــەکی سـیکسـیـانەیە و کـارێکی ڕیسـوای مـرۆڤ دەسـتنیـشـان دەکـات، بۆم ڕوون بوویەوە خـۆشـەویسـتی بە واتـەی ئاهیـمـسـا مـوریدگـەلێکی بە لای خـۆیدا ڕانەدەکێـشـا. بەڵام لە هـەمـان کـاتدا هەرگـیـز تێـبـینیم نـەدەکـرد وشـەی (حەقیقەت) بە چەند مانایەک بێت یان جێگەی گومـان بێت، هەتاوەکو خودی مـولحیدەکانیش بێ گومـانن لە هێزی حـەقیـقـەت. وەلێ ئەوان بە پەرۆشن بۆ دۆزینەوەی حــەقـیــقــەت، دوودڵ نـەبوون لە ڕەتکردنەوەی خـودی خـودا، لەم بارەوە بـە بۆچوونی خـۆیان ئاســایی و گــونجــاو بووە. هەر بـۆیە دەبێــژم (حەقیقەت خودایە) نەک (خودا حەقیقەتە). ئینجا نابێ کەس لە یادی بکات کـە بە نـاوی پەروەردگـارەوە هەزاران کـاری ترسناک ئەنجـام دراوە و، هیچ ناوێکی لێ نـەنرا. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێت دان بنێم بـەوەی چەندان دانـا بە ناوی حــەقـیـقـەتەوە هـاوشـێـوەیان ئەنجـام دا. لە کـۆتاییـدا، بە گــوێرەی فـەلسـەفـەی هندۆسی، تەنیـا پەروەردگـار شـایسـتـەیە بە خـاوەندارێتی (کـەینوونە) درووست بوون واتە حــەقــیــقــەت و هـیـچی تر بوونی نیــیــە، ئیــســلامـیش لە لای خـۆیەوە جـەخت لەســەر ئەم ئایدیایە دەکـاتـەوە لە ئاشکراکردنی باوەڕ. ئەم ئاینە دووپاتی دەکاتەوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە

کە خودا تەنیایە و خودایەکی دی بوونی نییە بێجگە لە خۆی. لە ڕاستیدا وشەی حەقیقەت لە سنسکریتی (ساتە) بە واتەیەکی تەواوتر: ئەوەی کە بوونی هەیە. هەر بۆیە پێناسەی (حەقیقەت خودایە) بە گونجاوتر دەبینم. و بۆ ئەوەی دڵنیا بم، تەنیا هۆیەک بۆ ئەو دڵنیابوونە خۆشەویستییە، واتە ناتوندوتیژیە، لەبەرئەوەی هۆ و مەبەست لە کۆتاییدا حەقیقەتێکن لەبری یەکترن، بۆیە بێگومانم لەوەی کاتێک دەبێژم کە خودا خۆشەویستییە.

حەقیقەت چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کارێکی دژوارە، وەلێ من لە لای خۆمەوە ئەم کارەم شی کردووەتەوە و ئێژم ئەو دەنگەیە کە بەئەسپایی لەناخەوە باسی ڕاستیمان بو دەکات.

بەهەرحاڵ حەقیقەت لە دڵی هەموو مرۆڤێکدایە، دڵیش ئەو شوێنەیە کە دەبێت مرۆڤ پشکنینی حەقیقەتی تێدا بکات، بەلایەنی کەمەوە ببێتە ڕێنیشاندەری، بەڵام ئێمە دەبێ ئەو مافە نەدەین بە خۆمان کەسانی دی ناچار بکەین هەڵسوکەوتیان بە گوێرەی تێڕوانینەکانی ئێمە بێت بۆ حەقیقەت. سەبارەت بە درۆ، لە نووسینەکانی مندا جێگەم بۆ نەکردووەتەوە ئەگەر چی بە ڕادەیەکی کەمیش بێت. لە ڕاستیدا دوودڵ نابم لە ڕەتکردنی دەستکەوتێک لەسەر حیسابی حەقیقەت بێت. لە لایەکی دی، قەناعەتێکی پتەوم هەیە ئاینێکی تر نییە جگە لە حەقیقەت. ڕەنگە شیاو نەبێت نووسینەکانم ڕق و کینە لە خۆ نەگرن و، کەسیش تێبینیی نەکات. ئاخۆ ئەوە هەر خۆشەویستی و حەقیقەت نییە دنیا دەژیێنێت؟ ژیان بوونی نییە ئەگەر خۆشەویستی ئامادە نەبێت. ژیان بە بێ خۆشەویستی مەرگە. خۆشەویستی و حەقیقەت دوو ڕووی دراوێکن. لەو باوەڕەدام کە بتوانین بە خۆشەویستی و حەقیقەت دنیا بە ڕوومان‌دا والا بێت.

من تەنیا ملکەچی حەقیقەتم، ئەمەش بابەتی خۆبەختکردنمە. پێویستە بە پلەی یەکەم بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێین، لە پاڵ حەقیقەتدا جوانی و

باشیتان پێ بەخشراوە. ئەمە پوختەی حەقیقەتی ڕێنوێنییەکانی مەسیحە لەسەر چیاکە، یەسوع هونەرمەندێکی بێهاوتا بوو، چونکە حەقیقەتی بینی و زانیی چۆن ڕاڤەی بۆ بکات، هەمان شت سەبارەت بە محەمەد کە قورئانی بۆ دابەزی. هەتا ئەو ڕادەیەی ئەم کتێبە وەک پسپۆڕەکانی ئەم بوارە ئێژن بەلایەنی کەمەوە بووەتە بەرهەمێکی تەواو لە ئەدەبی عەرەبیدا. لەبەرئەوەی مەسیح و محەمەد پێش هەموو شتێک بۆ حەقیقەت تێکۆشاون، بەهرەی دەربڕین لە لایان ئەوپەڕی سروشتی بووە. هەرچەندە هەر دووکیان نووسینێکیان نەبووە پێوەندیی بە هونەرەوە هەبێت. حەقیقەت و جوانی ئەو دوو شتەن کە من بۆیان ئەڕوانم. یەکێک لە هۆیەکانی ژیانیشمیان تێدا دەدۆزمەوە، هەروەها ئامادەشم بمرم لە پێناو ئەو نموونەیەی کە وێنایان کردووە. قورسە مرۆڤ بە وردی بڕوانێتە خودا و دەستنیشانی بکات، بەڵام حەقیقەت دیاری کراوە لە دڵی هەر یەکەماندا و نەخشێنراوە. هەموو حەقیقەت ئەوەیە کە لە ساتێکی دیاریکراودا باوەڕ بکەیت کە ئەوە حەقیقەتە، ئەو خواوەندەکەتانە. ئەگەر کەسێک ئەم حەقیقەتە ڕێژەییە بپەرستێت بە دڵنیاییەوە دەگاتە حەقیقەتێکی ڕەها، واتە دوای ماوەیەکی کەم دەگاتە پەروەردگار. من پیاوی دەوڵەت نیم بە جلوبەرگی خواپەرستێک ڕووپۆشراو بم. بەڵام لەبەرئەوەی حەقیقەت باڵاترین شێوەکانی داناییە، دەشێ جاروبار کردەوەکانم لەتەک ئەرکی پیاوانی دەوڵەت گونجاو بێت. بەڵام هیواخوازم سیاسەتێکم نەبێت جگەلە لە سیاسەتی حەقیقەت و ئاهیمسا. هەتاوەکو ڕزگاربوونی وڵات و ئاینەکەشم لەسەر حسابی حەقیقەت و ئاهیمسا بێت، چونکە ڕازی نابم ڕزگاربوونیان لەسەر حسابی ئەم دووانە بێت کە ڕزگاربوونێکی دروست نابێت.

سەرەڕای زەلیلی و هەڵچوون و ئەوەی ناوی شکستی لێ دەنێین، هێشتا دەتوانم هێمنیی خۆم بپارێزم. چونکە بڕوام بە خودا و حەقیقەت زۆر لەو

وردکـارییـه سـادانه قـووڵـتره. هـەندێ کـەس بـه هـەزاران ڕێگه تـوانیـویانه وەسـفی پەروەردگار بکەن، بەڵام من بۆ وەسـفکردنی خـودا تـاکه شـێوازێکم پێڕەو کرد ئەویش: حەقیقەت خودایه.

به درێژاییی تەمـەنم هـەرگیـز شـتێکم نەگوتووه که بیرم لێ نەکردبێتـەوە، چونکه به سـروشـتی خـۆم به شـێوەیەکی ڕاست بـەرەو ئامـانج هـەنگاو دەنێم و، زۆر جاریش سـەرکەوتوو نەبوومه له پێگەیشتنی، من دڵنیام که حەقیـقەت زوو یان درەنگ لـه خـۆیەوە دەر دەکـەوێت، ئەمــەش بۆ چەند جـارێک تاقـیم کردووەتەوە.

تایبەتمەندییـەتیی سادەیی و خاکیبوونم له بەدواداگەڕانم بۆ دەستکەوتنی حـەقـیقـەت، له هـەمـان کـاتدا هاوڕییـانم ئاگـەدار دەکـەمـەوە له سـادەترین هـەنگاوەکانم هـەتاوەکو بتوانم بە باشی درک به هـەڵەکانم بکەم به مەبەسـتی ڕاسـتکردنـەوەیان. ئەوەتا دان دەنێم کـه زۆرینـەی کـات له پێـشـبـینی و حـوکـمـەکـانمدا هەڵه بـوومـه... لەگـەڵ ئەوەشـدا هـیچ جـارێک زیانێک نەدەکـەوتەوە کـه نـەتوانم چارەسـەرێکی بۆ بـدۆزمـەوە لەبـەرئەوەی قـبـووڵی پاشەگەزبوونەوەم له هەڵەکان هەبوو. هەڵبەت ئەوەی ڕووی دا پێچەوانه بوو، چونکه ئەو حـەقـیقـەتەی من دەمـبینی پێوەسـته بە(ئاهیـمسا) ناتوندوتیژییـه درەوشـاوەتر له ڕابـردوو بە دەرکـەوت و، وڵاتیش دووچاری زیانێکی بـێ چارەسەر نەبوویەوە.

من جوانی له ناو حـەقیقەتدا و له ڕێگەی حـەقیقەتیشەوە دەبینم و پەی پێ دەبەم و هـەمـوو حـەقـیـقـەتێک، نـەک تەنیـا ئایدیا دروسـتـەکـان، بەڵکو له ڕووخسـاره ڕاستگۆیەکانیشدا، وێنەی پڕ له حـەقیقەت یان ئەو سرووودانەی به جـوانتـرین شـێـواز دەچڕێن، ئەمـانه بابـەتگەلی جـوانین و، جـوانییـەکی مـەزنیش. کەسـانێکی کـەم دەتوانن له ڕێگەی حـەقـیـقـەتـەوە جوانی ببـینن. مـرۆڤی ئاسـایی زۆر جار له حـەقیـقـەت لا دەدات تا ڕادەیەک دەسـتـەوەسـتان

دەوەستێت لە ناسینەوەیان هەر کاتێک مرۆڤ بۆ یەکەم جار چاوەکانی هەست بەم حەقیقەتە دەکەن، پاشان لە ناخیەوە هونەری ڕاستگۆیی بەرز دەبێتەوە.

بەلای هونەرمەندی تەواوەوە، تەنیا ئەو ڕووخسارانە جوانن کە لە ناخی ڕۆحیانەوە حەقیقەت دەدرەوشێتەوە و جوانیی پێ دەبەخشێت، نەک ئەو ڕووخسارانەی کە لە دەرەوە بۆیە کراون. جوانیەک نییە لە دەرەوەی حەقیقەت بێت. سەرەرای ئەمەش دەکرێت حەقیقەت بە ڕوونی خۆی پیشان بدات لەو شێوانەی کە دەرەوەیان خاڵییە لە گشت جوانییەک، ئێژن سوکرات ڕاستگۆترین پیاوانی سەردەمی خۆی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ڕووخسارێکی ناشرینی بێ هاوتا بووە، بەلای منەوە، ئەو جوان بوو چونکە بە درێژاییی تەمەنی بێوچان بۆ حەقیقەت تێدەکۆشا. لە کاتێکدا فیدیاسی هونەرمەند ڕاهاتبوو لە وەرگرتنی جوانیی دەرەکیی شتەکان. بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی کە سەرسام بێت بە جوانیی ناخی سوکرات چونکە حەقیقەتی تێدا جێگیر بوو. من بانگەشەی هیچ سیفەتێکی خوایی تایبەت بۆ خۆم ناکەم و هیچ بوونەوەرێک ناتوانێت ئەم بانگەشەیە بکات. هەروەها خاوەن بەهرەیەکی پێغەمبەرایەتیش نیم. من ئەو مرۆڤە هەژارەم بەبێ حەوانەوە هەوڵ دەدەم بۆ دەرخستنی حەقیقەت، هەر بۆیە گشت قوربانییەک هەرچەندە گەورەش بێت بەلامەوە سانا دەبێت لە پێناو ئەوەی ڕووبەڕوو خواوەند ببینم. سەرجەم ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان دەدەم، چ کۆمەڵایەتی، سیاسی، مرۆڤایەتی، یان ئەخلاقی بێت، هەر هەمووی بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن.

ئەوەی من دەیزانم لە ناو زەلیلترین گیانلەبەرانی خواوەنددا، خودا دەبینین. بە ئەندازەی مەزن و باڵاترین بوونەوەرە ڕێزدارەکانی، هەوڵم دا چارەنووسم لەگەڵ چارەنووسی بوونەوەرە سەرەتاییەکاندا بەش بکەم،

ئەمەش ناکرێت مەگەر خۆم بۆ خزمەتی تەرخان بکەم. پاشان من چۆن دەتوانم بێبەشترین چینەکان دەستنیشان بکەم، بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە سیاسەت نەبم؟ کەواتە من تەنیا خزمەتکارێکی خاکیی هندم و ئینجا هەموو مرۆڤایەتی. لەبەرئەوەی ناتوانم ببمە مامۆستایەک، پێویست دەکات بێ وەستان تێ بکۆشم، بە بێ ئەوەی بتوانم ڕادەیەک بۆ هەڵەکانم دابنێم. هیچ ئاینێک بالاتر نییە لە حەقیقەت و ڕاستی. بەو تێروانینەم ئاکاری درووست بەشێکی جیانەکراو دەبێت لە ئاینێکی ڕاست. ئاین بۆ ئەخلاق وەک ئاو وایە، پێویستە بۆ تۆوە چێنراوەکانی ناخی زەوی.

من گشت باوەڕێکی ئاینی ڕەت دەکەمەوە کە هاوئاهەنگ نەبێت لەگەڵ عەقڵدا و، دژی ئەخلاق بێت. لە هەمان کاتدا چاوپۆشی دەکەم لە هەر سۆزێکی ئاینیی ناعەقلانی بەڵام ڕێگری ئەخلاق نەبێت. هەر کاتێک بناخەی ئەخلاقی لە دەست بدەین ئایندارێتیمان کۆتاییی پێ دێت. هیچ شتێک نییە وەک فەرامۆشکردنی ئاین بۆ ئەخلاق، بۆ نموونە ئەستەمە خودا لەکن کەسێکی درۆزن و دڕندە و پیس بمێنێتەوە.

دەتوانین ویست و پاڵنەرەکانمان بۆ سەر دوو پۆل دابەش بکەین: خۆپەرستی و ئیرەیی. لە کاتێکدا ویستە خۆپەرستییەکان دژە ئەخلاقن، بەڵام سووربوون لە گەشەپێدانی خود بەمەبەستی خزمەتکردنی کەسانی دی تەبا دەبێت لەتەک ئەخلاقدا... چونکە بالاترین بنەوای ئەخلاق ئەوەیە بێ وەڕسبوون تێ بکۆشین لە پێناو خێری مرۆڤایەتیدا.

ئەگەر بۆم دەرکەوت جێبەجێکردنی یەکێک لە کردەوە ڕۆحییەکانم زەحمەتە، بێ دوودڵی دەبێت دان بنێم کە شکستێک ڕووی داوە، من باوەڕم وایە هەر کارێکی ڕۆحانی پێویستە بە مانای وشە پراکتیکی بێت.

کتێبە پیرۆزەکان ناتوانن لۆجیک و حەقیقەت ببەزێنن، چونکە بوونی ئەم کتێبانە بۆ ڕوونکردنەوەی لۆجیک و دەرخستنی حەقیقەتە. نابێت ئێمە

لێبوردەییمان هەبێت لە بەرامبەر هەڵەکاندا، هەتا ئەگەر کتێبە پیرۆزەکانی جیهانیش پاڵپشتیی لێ بکەن. هەڵەکان نابنە حەقیقەتێک تەنیا لەبەرئەوەی خەڵکی باوەڕیان پێ هیناوە. هەرگیز حەقیقەتیش نابێتە هەڵە ئەگەر چی کەسانێکیش پێوە پێوەست نەبن.

کەس وا نەزانی من لێرەدا جەخت دەکەمەوە لەسەر چاکەی هەموو دێرینێک، تەنیا لەبەرئەوەی دێرینە... بانگەشەی وازهینان لە هەستی ڕەخنەگرانە ناکەم. ئەم هەستەی کە خوداوەند پێمانی بەخشیوە بۆ ئەوەی دژی هەموو لاساییەکی کۆن ببینەوە. هەر لاساییەکی بنیاتنەر لەسەر جیاوازیی بنەواکانی ئەخلاق بە بێ دوو دڵی پێویستە وەلا بخرێت، ئەگەر چی بۆ سەردەمانێکی کۆنیش بگەڕێتەوە. ئەمە حاڵی ئەو دابونەریتانەیە کە ڕاهاتووینە پێڕەویان بکەین بەرامبەر بە نەفرین کراو و، بێوەژن یان هاوسەرگیریی منالان. ئەگەر توانم هەبوایە ئەم ڕێورەسمە ترسناکە تێکەڵ بە ئەفسانەی پروپووچ بووەم پووچەڵ دەکردەوە. پێم قبووڵە هەموو مرۆڤێک ڕێز لە بتێک بگرێت، هەرچەند ئەم هەستە بەلامەوە نامۆیە. بەڵام دەزانم ئەمە وەڵامدانەوەیەکە بۆ هەندێک پێداویستیی سروشتی مرۆڤ. ناخی مرۆڤ تینوویەتیی بۆ هێماکان هەیە.

ئەمە مانای ئەوە نییە پەنابردن بۆ وێنەکان (بتەکان) لە پێناو نوێژێکی باڵاتر قەدەخە ناکەم. بە پێچەوانەوە من خواپەرستیەکی بێ شێوە و وێنەم پێ باشترە، چونکە هەر یەکەیان لایەنی (پۆزەتیڤی) ئەرێیانەی خۆی هەیە، بە مەرجێک بە تەواوەتی گونجاو بێت، کەواتە بەراوردکردن سەر لێشێواندنە بۆ مرۆڤ.

ژیانم پڕە لە کارکردنێکی بێوچان و بێهێلاکی، من بە خۆشحاڵییەوە بەردەوام ڕای دەپەڕێنم. خۆم بە سبەینێوە سەرقاڵ ناکەم چاوەڕوانی سبەینێ نیم چی لەگەڵ خۆی دەهێنی وا هەست دەکەم کە وەک باڵندەیەک

ئازادم. پاشان دڵنەوایی دەبینمەوە لەو بیرۆکەیە کە من بەبێ وەستان لە کۆششێکی ڕاستگۆیانەدام دژ بە حەزە مادییەکانم. من ناتوانم لە کەسانێکی وەک خۆم نیگەران بم چونکە لە کەم و کوورییەکانی مرۆڤ بەئاگام. بۆ خۆم ڕازی نابم گیرۆدەی هەڵە دووبارەبووەکان ببمەوە، هەروەها بەهەمان شێوە بۆ ئەو کەسەی خراپە دەکات ڕازی نیم بە هیچ جۆریک دووچاری ئازار ببێتەوە، بگرە هەڵدەستم بە ڕاوانانی خراپەکە خۆی لە هەر کوێیەک بێت.

بەردەوام گەشبینم، هەرچەندە من ناتوانم هیچ بەڵگەیەک بخەمە ڕوو کە (حەق) لە کۆتاییدا سەر دەکەوێت. وەلێ ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت بە هۆی باوەڕی پتەومەوە و... لەم باوەڕەوە سرووشم بۆ دێت و ڕێنوێنیی کردەوەکانم دەکات. ئاینی من دان بە هیچ سنوورێکدا نانێت، چونکە کەمترین بوونەوەرەکانی خواوەند تێیدا جێگەیان دەبێتەوە و، لێبوردەیی نییە بەرامبەر هەر ڕق و کینەیەک یان جیاوازیی ڕەگەز، چ تایبەت بە ڕەگەز یان ئاین، یان ڕەنگ بێت. باوەڕ ناکەم ڕۆژگارێک بێت هەموو مرۆڤایەتی لەسەر زەوین تەنیا یەک ئاینی هەبێت. ئەمەش بۆ من هاندەرێکە هەموو شتێک بکەم بۆ دۆزینەوەی فاکتەرێکی هاوبەش لەنێوان ئاینە جیاوازەکان و کەشێکی لێبوردەیی لەنێوان هەموویاندا دابین بکەم.

وا دەزانم مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ئاستی ڕۆحدا بگاتە کامڵبوون، پێویستە لە هزرەکان، وتەکان و، کردەوەکانی بگاتە بێگەردی. لە ئەنجامدا، هەر گەلێک پیاوێکی لەم جۆرەی تیدا هەڵ نەکەوێت شایەنی بەزەیی پێهاتنە.

لە چاوی خوداوەند خواپەرستێک و تاوانبارێک یەکسانن، چونکە هەردووکیان لەسەر هەمان پێوەر دادگەیی دەکرێن و، هەمان هەلی گەشەسەندن یان پاشگەزبوونەوەیان بۆ ڕەخساوە. لەبەرئەوەی هەردووکیان لە ڕۆڵە و بوونەوەرەکانی پەروەردگارن و هاوشێوەی یەکترن. خواپەرستێک

خۆی بەرزتر لە تاوانبارێک بگرێت شایەنی پێدانی سیفەتی پیرۆزی نییە بە هۆی لووتبەرزییەکەیەوە، لە پایەی کەم دەبێتەوە پتر لەو تاوانبارەی کە درک بە کردەوەکانی خۆی ناکات. دەبێت مرۆڤ بۆ خێری گشت خەلیقەت هەموو توانەکانی خۆی بخاتە گەڕ و، بپاڕێتەوە لە یەزدان کە یارمەتیدەری بێت. سەرەڕای ئەمەش، گەر ئارەزووی لە خێری هەمووان هەبێت بێ گومان ئەم خێرە خۆشی دەگرێتەوە. وەلێ ئەو کەسەی تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی خۆی و تیمەکەی بکاتەوە، کارێکی خۆپەرستانە ئەنجام دەدات، دوای ماوەیەکی درێژخایەن پەشیمانی دەکێشێت. پێویستە مرۆڤ جیاوازی بکات لەنێوان شتێک کە وەک چاکە خۆی بنوێنێت و لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی خێرە.

ئەگەر من دکتاتۆرێک بوومایە، سوور دەبووم لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت. هۆکاری پاڵپێوەنەرم بۆ ژیان لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامادەشم لە پێناویدا بمرم. بەڵام ئەم کارە ئەوپەڕی تایبەتە بە خۆمەوە، هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەتەوە نییە. بەلای منەوە خۆشگوزەرانی، تەندروستی، هاتوچۆ، کاروباری دەرەوە، سەرمایە و بابەتەکانی دی تەنیا کاتییە و گۆڕەپانی کاروبارەکانی دەوڵەتن. دەوڵەت بۆی نییە بایەخ بە ئاینی من و تۆ بدات، چونکە ئەمە کارێکی تایبەت بە مرۆڤە.

من دەزانم تاوانێکی گەورەتر نییە لەوەی بێتاوانێک بە ناوی خودا بچەوسێنرێتەوە. کاتێک تێ دەفکرم لە بچووکی و لاوزایی توانەکانم لە هەمبەر ئەو کارە مەزنانەی کە پێویستە ئەنجامی بدەم، تووشی سەراسیمە دەبم بەڵام من دەزانم ئەو ئاواتە گەورانەی کە هاوولاتییانم بە منەوە بەستوویانە، ڕێزگرتنێک نییە لە کەسایەتیی دژیەکی من، بگرە بەرجەستەبوونێکە کە بێگومان ناتەواوە. بەڵام جێگەی شایستەبوونە، لەبەر دوو تایبەتمەندیی دەگمەن ئەویش: حەقیقەت و ناتوندوتیژییە، بەڵام هۆی کامڵنەبوونی ئەم بەرجەستەبییە دەگەڕێتەوە بۆ سنووردارییی سروشتی مرۆڤایەتیم.

ئامادەم هەموو شتێک بکەم بە قوربانی وڵاتەکەم، تەنیا دوو شت نەبێت، بێگومان ئەویش حەقیقەت و ناتوندوتیژییە. بە هیچ نرخێک نایکەمە قوربانی، هەرچییەک بێت نرخیان لە جیهاندا، چونکە بە لای منەوە حەقیقەت خودایە و، هیچ کەرەستەیەک نییە بۆ دۆزینەوەی بە پێرەوکردنی ڕێوشوێنی ناتوندوتیژی نەبێت، ڕازی نابم بە خزمەتکردنی هند لەسەر حسابی حەقیقەت یان پەروەردگار. هەر کەسێک حەقیقەت بکاتە قوربانی، لە کۆتاییدا ناپاکی لە وڵاتەکەی دەکات و دەستبەرداری کەس و کارە نێزیکەکانی و خۆشەویستترین کەس لە دڵیدا دەبێت.

بەشی دووەم

## مەبەست و ئامراز

بە گـوێرەی فـەلسـەفـەی خـۆم لە ژیان مـەبەسـت و هۆ دوو زاراوەن دەکـرێ بگۆڕدرێن و لە بری یەکتر دابنرێن. دەگوترێت (ئامرازەکان لە کۆتاییدا هەر ئامـرازن). وەلێ من خێرا دەڵێم، هەموو شـتێک لە کوتاییدا لە ئامرازەکاندا بوونیـان هـەیە. بەهـای مـەبەسـتـەکـان لە بەهـای ئامـرازەکـاندایە و، هـیچ دیوارێکی جـیـاکـەرەوە لەنێـوان ئـامـراز و مـەبەسـتـدا نیـیـە لەڕاسـتـیـدا پەروەردگـار ئازادییـەکی کـەمـی پێ بەخـشـیـوین لە بەکـارهێنانی ئامـرازدا، هـاوکـات خـۆی هـەمـوو ئامـانجـەکانی دیاری کـردووە، ئەمـەش قـبـووڵی هیچ هەڵاوێردنییەک ناکات.

ئاهیـمـسـا و حـەقـیـقـەت تێکەڵبـوونیکی پتـەویان هەیە لـەگـەڵ یەکـدیدا بە شێـوەیەک کە مەحاڵە لە یەک جیا بکرێنەوە. بـە شێوەیەکی پراکتیکی لە دوو ڕووی دراوێک دەچن، یان پارچە کانزایەکی تەنک کە نەخشی لـەسەر نەبێت. کەواتە، چۆن بتوانین پشتی دراوەکە لە ڕووەکەی جیا بکەینەوە؟ هـەر چییەک بێت، ئـاهیـمـسـا ئامـراز دەنوێنێت، لـە کاتێکدا حـەقـیـقـەت بەرجەسـتـە لە مـەبەسـتەکانـدا دەبێت. بۆ ئەوەی کـەرسـتـەکان تـەنیا بە کـەرەسـتـە بمێننەوە، دەبێت لە بەردەستماندا بێت. ئاخۆ ئاهیمسا باڵاترین ئەرکەکانی ئێمە نییە؟ بە هـەر حـاڵ ئێـمـە ئەگـەر بایەخ بە ئامـراز بدەیـن دەبینین دەگـەینە مـەبەست، زوو یـان درەنگ. هـەر کـــە لەم خـــاڵە بەئـاگـــا هاتـین، دڵنیـــا دەبینەوە لـە سـەرکـەوتنی کـۆتایی. هەرچەندە دژوارییـەکانی غـەڕابوون کە ڕووبەڕوومـان

دەبنەوە و، هەر چییەک بێت شکستە ڕواڵەتییەکانمان، کۆڵمان پێ نادات لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. بڕوام بە ڕێگە کورتکراوەکانی توندوتیژی نییە کە دەیگرنە بەر بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن، هەرچەندە هەندێک لە مەسەلەکان شایەنی سۆز و جێگەی پەسەندی منن، بەڵام دەمبینی بەرپەرچی ئەو ئامرازە توندوتیژانە دەدەمەوە، کە داکۆکی لەسەر دەکەم...کەواتە ناکرێت هیچ زەوینەیەک بۆ ڕێککەوتنێک لەنێوان قوتابخانەی توندوتیژی و پرنسیپەکانی مندا هەبێت... لەگەڵ ئەوەشدا من بڕوام بە ناتوندوتیژی هەیە کە نەبێتە بەربەستێک لە هاوکاریکردنم لەگەڵ گێرەشێوینی و هەموو باوەڕپێکراوانی توندوتیژی، نا بە پێچەوانەوە، هەندێ جار هاوکاریکردن بەسەرمدا سەپێنراوە. بەڵام هاوەڵبوونی من لە کاروانەکەدا بۆ ئەو کەسانە لەبەر ئەو ئامانجەیە دەست لە هەڵەکانیان هەڵبگرن وەک ئەوەی لە منەوە دیارە و، هیچی تر، چونکە ئەزموونەکان بۆمیان سەلماندووە چاکەیەکی جاویدانە هەرگیز لە درۆ یان توندوتیژی سەرچاوە ناگرێت. ئەگەر چی بەم قەناعەتەوەم، نغرۆ دەبم لە ناو خەیاڵدا نغرۆبوونێکی ساویلکانە، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە خەیاڵێکی دڵڕفێنە.

وەلێ گەورەترین هەڵەتان ئەو بۆچوونەیە کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان مەبەست و ئامرازدا نابینن. ئەو هەڵەیەی کە پاڵی بە ئەنجامدانی تاوانگەلێک داوە کە لە وەسفکردن نایەت، هەتا لەلایەن خەڵکانێکیش کە بە پیاوانی ئاینی دادەنرێن. وەک ئەوەی بانگەشە بکەن بۆ ئەوەی گوڵ لە توترک بڕوێت. تەنیا کەرستە و گونجاوترین ڕێگە بۆ پەڕینەوەی ئوقیانۆس سواری کەشتییە. بەڵام گەر ویستتان لە بری کەشتی ئوتۆمبیل بەکار بێنن، ئەوە ئێوە بە زوویی دەخنکێن، بە گوێرەی قسەی نەستەق (باوەڕدار ئەو خواوەندە دەکاتە نموونەی خۆی کە دەیپەرستێت) بە لای منەوە ئامرازەکان لە (تۆو)یەک دەچن، لە کاتێکدا مەبەست وەک درەختەکەیە. کەچی ئەو

پێــوەندییــەی کــە لەنێــوان مــەبەست و ئامــرازدا هەیە هەتا ڕادەیەک چارەنووسیـە (قـەدەری) هـاوشـانی ئەو پێـوەندییە کە لەنێوان درەختـەکە و تۆوەکـەدا هەیە. ئەگـەر من ڕازی بم کڕنۆش بۆ ئەهریمەن ببـەم، ناکرێت لە دواییدا چاوەڕوانی ئەو بەرە بم کە پەروەردگار دەیبەخشێتە ئەو کەسانەی کـە دەیپـەرستن. ئینجـا، وەک دەگـوترێت بـۆ نموونە (من دەمـەوێت خـواوەند بپـەرستم، ئیدی گـرینگ نییـە بۆ ئەم مـەبەستـە پەنا بەرم بۆ ئـەهریمەن). ئەمـەیان نەزانین و گـەمژایەتییـە ئەمـە کارێکی مـەترسـیدارە، مـرۆڤ ئەوە دەدووریتەوە کە چاندوویەتی.

وشـەی سۆشیالیزم پڕە لە جوانی، گەر بە هەڵەدا نەچم بە بۆچوونی خـۆم لە سـۆشـیالیـزمدا هەمـوو تاکەکان لـە ناو کۆمـەڵگەدا یەکسـانن، گەورە و بچـووکی تیـا نییـە کـە کـەللەسـەر لە جـەسـتـەی مـرۆڤـدا زیاتر نییـە لە ئەندامـەکـانی دی تەنیـا لەبەرئـەوەی جـێگەیەکی بـەرزی لە جـسـتـە داگیـر کردووە. یان پێیـەکان کەمتر نین، چونکە بەر زەوی دەکەون، بە گوێرەی ئەم بۆچوونە هەمان شت پێڕەو دەکرێت لەسەر ئەندامانی یەک کۆمەڵگە.

لە ڕژێمی سۆشیالیزمدا، میر و جووتیار و، دەوڵـەمەند و هـەژار، خـاوەن کـار و کـرێکار یەکـسـانن. بە دەسـتـەواژە ئاینیـیـەکـان دەتوانین بێـژین سۆشیالیزم چینایەتی ڕەت دەکاتەوە و ئامانجی تەواوی یەکەتی و یەکگرتنە. لە بەرامبەردا گەر سەیری کۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیا بکەین هیچی تیا بە دی ناکـەین بێــجگە لە دووانەیی یان هـەمـەجـۆرییـەک بەڵام یەکـەتی لە ئامـادەنەبوونی دووانەییدا دەدرەوشێتەوە، بە ڕای مـن دەکرێت یەکـەتییـەکی کـامـڵ دروست ببـێت بە بێ ئـەوەی ڕێگر بێت لە دروسـتـبـوونی نمـوونەی سۆشیالیزمی جیاواز.

بۆ ئەوەی بگەین بەم ئامانجە دەبێت شتەکان بە فەلسەفەوە وەرنەگرین، لە ناخی خۆمانـەوە نەیەژین مادام تا ئێستە دنیا نەگەیشتووەتە سـۆشـیالیـزم

پێویسته ئێمەش نەجووڵێین و، بەردەوام بین لە وتار خوێندنەوە و پێکهێنانی پارتەکان و، وەک باز بنیشینە سەر نێچیرەکانمان، بێ ئەوەی گۆڕانکارییەک لە ژیانماندا بکەین. هەڵوێستێکە هیچ پێوەندییەکی بە سۆشیالیزمەوە نییە. لەم بوارەدا، هەرچەندە ڕێگەی مەلی ڕاوکەر بگرینە بەر، ئەوەندە نێچیرەکە لێمان دوور دەکەوێتە.

بە هەرحاڵ سۆشیالیزم لەو ساتەوە لەبەر چاو ڕوون دەبێتەوە کە یەکەم باوەڕ پێکراوی دەر دەکەوێت. ئەوەندە بەسە ژمارە (یەک) لەبەر دەستمان بێت بۆ ئەوەی ژمارە (سفر) و پاشان سفرێکی دیی بۆ زیاد بکەین و، هەر جارێ و ژمارەیەکی دەقاتمان بە دەست دێت. بە پێچەوانەوە هەرگیز هیچ شتێکمان دەست ناکەوێت ئەگەر ئێمە بە سفر زنجیرەیەک ژمارە دەست پێ بکەین، ئەمەش ئەو کاتەیە کە کەسێک یەکەم هەنگاو نانێت. ئەو دەمە کارێکی هەڵەشانە ڕوو دەدات ئەگەر سفرەکان لە دیوەکەی دیدا دابنێین، بێ ئەوەی حسابێک بۆ بەفیڕۆدانی کات و کاغەز بکەین.

وەک ئەوەی من دەیبینم سۆشیالیزم وەک کریستاڵ ڕوونە. لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی بگات بە مەبەستەکانی ئامرازێکی پاک و خاوێن دەسەپێنێت، کەواتە ئامرازە ناپاکژەکان لە کۆتاییدا دەگاتە مەبەستە ناپاکژەکان. ناکرێت لە ڕێگەی (مەقسەڵەوە) لە خاچدان یەکسانییەکی ڕەوا بهێنینە کایەوە لەنێوان جووتیار و میر، یان خاوەن کار و کرێکار. درۆکردنیش ڕابەری خەڵک بێت بۆ حەقیقەت. تەنیا ڕێبازی ڕاستگۆیی خاوەنەکەی بەرەو حەقیقەت دەبات. لەم چوارچێوەدا، ئایا دەتوانین بێژین ناتوندوتیژی و حەقیقەت وەک دوو برای جمگ وان؟ بێگومان نا، چونکە ناتوندوتیژی بە توندی دەبەسترێتەوە بە حەقیقەت و بە پێچەوانەشەوە بۆیە جارجار دەشوبهێندرێن بە دوو ڕووی دراوێک مادام هەردووکیان یەکەیەک دروست دەکەن و ئەستەمە لەیەکدی جیا بکرێنەوە. کەواتە بەهای پارچە دراوەکە یەکە بە هەر ڕوویەکیدا سەیر

بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین نەخشەکانی هەر لایەک جیاوازە. بەڵام بۆ گەیشتن بەم یەکبوونە تەواوە پێویستمان بەبێگەردییەکی گەورە و مەزنە. هەر کە ڕۆح یان جەستە پیسییەک دایگرێت بە زوویی درۆ و توندوتیژی نیشتەجێی دەبێت.

لە ئەنجامدا، تەنیا سۆشیالیزمی بێگەرد و ناتوندوتیژە ڕاستگۆیەکان، شایستەن بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی دروست لە هند و هەموو دنیا.

بێگەردیی خود، هەرچەندە دەستەوەستانە لە پێشکێشکردنی واقعیکی بەرجەستە، بەڵام ئامرازێکی بەتوانە لای مرۆڤ بۆ چاککردنی دەوروبەرەکەی و تێپەڕاندنی قورسترین کۆسپەکان. وەلێ ڕێبازی ئەم بێگەردییە بە شێوەیەکی ورد و نەبینراو کار دەکات هەر چەندە لەسەرخۆ و ماندووکەرە، بەڵام کورتترین ڕێگەیە بۆ دەربازبوون و خێراترین و زامنترین ئامرازە. بەڵام پێویستە خاوەن باوەڕێکی پتەو بێت وەک بەرد.

بەشی سێیەم

## ئاهیمسا یان ڕێگەی ناتوندوتیژی

ناتوندوتیژی گەورەترین هێزە لە بەردەستی مرۆڤایەتیدا بێت. ناتوندوتیژی بەهێز و بەتوانترە لە چەکێکی وێرانکار کە دەشێ لە لایەن مرۆڤەوە بەکار بهێنرێت. وێرانکردن لەگەڵ یاسای مرۆڤایەتیدا گونجاو نییە. دەبێت مرۆڤ لە ئامادەباشیدا بێت بۆ مردن گەر بیەوێت بە ئازادی بژێت، ئەگەر چی پێویستیش بێت بە دەستی خزمانی نێزیکی بکوژرێت، نەک بە ئەنقەست بکوژرێت. هەر تاوانێک، هەر چییەک بێت هۆیەکەی، بە تاوان دادەنرێت دەرهەق بە مرۆڤایەتی.

مەرجی یەکەمی ئاهیمسا ئەوەیە کە مرۆڤ ڕێز لەو یەکسانییە بگرێت کە بوونی هەیە لە جیهاندا، ئایا ئەم داواکارییە لە سەرووی سروشتی مرۆڤەوەیە؟

هەر وەک چۆن کەسێک لە ڕاهێنانی هونەری توندوتیژیدا بێت پێویستە چۆنییەتیی کوشتنیش فێر بێت، بە هەمان شێوە کەسی ناتوندوتیژیش دەبێت ئامادەباشیی هەبێت بۆ مردن. توندوتیژی بە هیچ جۆرێک لە ترس دەربازبوونی نییە بەڵکو هەوڵ دەدات بجەنگێت دژ بە ترسەکە خۆی. بەپێچەوانەی ئەمە، دبینیت ناتوندوتیژی (ئاهیمسا) لە هەموو ترسێک پارێزراوە، بۆیە پێویستە ناتوندوتیژ (ئاهیمسا) ئامادەباشی بکات بۆ قوربانییەکان هەتاوەکو لە ترس ڕزگاری بێت، چونکە نابێت لە کاتی

خـەباتکردنی بۆ ناتوندوتیـژی بیـر لەوە بکاتەوە ئایە خـانووەکـەی، یان سـەروەتەکـەی، یان ژیانی لە کیس دەچێت. ئەگـەر گـشت ترسـەکـان تێ نەپەڕێنێت، دەستـەوەسـان دەبێت لە پێڕەوکردنی ئاهیـمسا پێڕەوییـەک کە بگاتە کـامـڵبـوون. لە ناخی خـۆیەوە ترسـێکی نیـیـە جگە لە خـواوەند. هەر کەسـێک پەناگەی خـوداوەند بێت، بەزوویی "ئاتما" (ئاتمایش بە مـانای ئەو ڕۆحـە دێت کـە نەمرە و تـاهەتایە دەمـێنێـتـەوە، واتـە ئینسـان چەند جـارێک لەدایک دەبێتـەوە و بە چەند شـێوازی جیـاواز تاکو کـاملأ دەبێت– وەرگێڕ) دەبینێت، سنوورەکانی جـەستـە تێ دەپەڕێنێت، لەو کـاتەدا ئێمـەی پەنابردوو بۆ خـودا پێـوەندیمـان بە جـەسـتـەوە نامـێنێت. هـەر بۆیە دەبیـنیت ڕاهێنراوەکـانی توندوتیـژ یا نـاتوندوتیـژ پـەنا دەبەنە بـەر تەکـتـیکی تەواو پێچەوانەی یەکتر. ناتوندوتیژی ئەوە نییە بە خۆشەویسـتی ئەو کەسانەی کە خـۆشـمـانیـان دەوێت قـایل بین، بگرە نـاتوندوتیـژی لەو سـاتـەوە دەست پێ دەکات کاتێک ئەو کەسـانەمـان خـۆش بوێ کـە ڕقیـان لێـمـانە. باش دەزانم بەجێهێنانی ئەم ڕاسپاردە مەزنـەی خۆشەویستی چەند دژوارە. مـەگەر ئەمە حـاڵی هەمـوو ڕاسـپـاردەیەکی باش و مـەزن نـییـە؟خـۆشـویسـتنی دوژمنەکان دژوارترین ڕاسپاردەکانە. بەڵام ئەگەر ئێمە بە ڕاسـتی بمانەوێت جێبەجێی بکەین ئەوە بەخـشـینەکـانی پەروەردگـارمـان پێ دەگـات و بۆ تێـپـەڕاندنی کۆسپەکان یارمەتیدەرمان دەبێت.

تێـبـینیم کـردووە ناشـرینتـرین کـەرەسـتـەکـانی کـاولکردن نەیتـوانیـوە بەشێوەیەکی تەواو ژیان لە ناو ببات. بە دڵنیاییەوە یاسایەکی باڵاتر هەیە لە یاسـای وێرانکردن. تەنیـا یاسـایەکی باڵا دەتوانێ مانایەک بە ژیانم ببـەخشێ و هـاوئاهـەنگیـەکی پێویست دروست بکات. لەتەک کـارکـردنی میـکانزمـێکی کومـەڵایەتی، پاشان ئەگەر ئێمە پابەند بین بەم یاسایەوە پێویست دەکات بە گـوێرەی ئەم یـاسـایە کـار بکەین. بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەمـان ڕێک بخـات و،

هەر کاتێک بەرەنگاری هەر ململانێ و بەرهەڵستیەک بوونەوە، هەوڵ بدەن بە خـۆشــەویســتی دوژمنەکـانتــان ببــەزێن. بە درێژاییی ژیانم پەنـام بۆ چارەسـەرکـردنی چەندان مـەسـەلە بـۆ ئەم وەسیلەیە بردووە. ئەمـەش مـانای ئەوە نییە کە هەموو دژوارییەکان بەم شێوەیە چارەسـەر کراون. بەڵام دەبینم یاسـای خـۆشـەویسـتی کـاریگەرترە لە دەنگی توندوتیـژی. ئـەمـەش لەوەوە سـەرچاوەی گـرتووە بۆ نموونە کــە من ناتوانم تووڕە بم، بگرە زۆر جــار سـەرکــەوتووانە توانیــومــە دان بە خــۆدا بگرم، لەبەرئەوەی زۆر جــار دەسپێشخـەریم هەبووە لە کارەکان و بە شێوەی هۆشیارانە هەڵسوکەوتم کـردووە، کـە بەردەوام ئـەسـپـەردە بم. سـەبارەت بە پێداویسـتیی ململانە ناوەخـۆییـیەکـان بە بەردەوامـی، هەرچەند خـۆم بۆ بـەرژەوەندی ئەم ڕێبـازە تەرخــان بکەم، ئەوەندە زیاتر دڵخــۆشــتــر دەبم بـە ژیان. ئـەمــەش ئەوە دەسـەلمێنێت ئەو یاسـایانەی باسـمان لێوە کـرد گونجـاوترن بۆ پێکهـاتەی گەردوون، ئینجا من ئاشتی و مانا نهێنییەکانی سروشتی تیا دەدۆزمەوە کە بەرهەڵستی (تەحدا)ی هەموو وەسف کردنێک دەکات.

کـاتی ناسین و فێربوونم بۆ سـاتیاگراها، بۆم ڕوون بووەوە مـرۆڤ ئەگەر بیەوێت بگاتە حەقیقەت دەبێت هەڵەی دوژمنەکەی چاک بکاتەوە بە هۆگری و باشـە لە بری پەنابردنە بەر هێـز. ڕەنگە مـرۆڤ شـتێک بە ڕاست دابنێت، بەڵام لای کەسـانی دی بە هەڵە بێتە بەرچاو، سـەرەڕای ئەمـەش دەبێت مرۆڤ کـاری ئەم سـەبرگـرتنە قـبـووڵ بکات بـە هەمـوو نارەحـەتیـیەکـانەوە. بۆیە پێویسـتـە مرۆڤ حـەقیـقەت لەڕێگەی ئەو ئازارانەوە بناسێتەوە کە بەسـەر خۆیدا سەپێنراون نەوەک لەڕێگەی ئەو ئازارانەوە کە بۆ ئەوانی تر دروسـتی دەکات.

لەم سـەردەمە پڕ لە داهێنانی سـەرسووڕێنەدا کـەسێک ناتوانێ بێژێت ئەم شتـە یان ئەم هزرە بێ سوودە، چونکە تەنیا لەبەرئەوەی نوێیە. یان بگوترێت

برۆژەیەکی ئەستەمە چونکە جێبەجێکردنی سەختە. ئەم وتەیە لەگەڵ گیانی سەردەمدا شیاو نییە. ئێمە ڕۆژانە بەردەوام کارگەلێک جێبەجێ دەکەین، هەتاوەکو دوێنێ ئەستەم بوو خەیاڵی پێوە بکەین. کەچی دەبینین شتە ئەستەمەکان گۆڕاون بۆ شتانێک کە دەتوانرێت ئەنجام بدرێن. بەڵام داهێنراوە نوێیەکان لە بواری توندوتیژیدا لە ئەوپەڕی سەرسووڕماندان. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە دەبێت لە میتۆدی ناتوندوتیژیدا داهێنانی مەزنترمان هەبێت.

پێویستە جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و کردەوەکانی بکەین و، کارێک کە دەتوانین وێنای بکەین کە مرۆڤ بەرهەڵستیی ڕیژیمەکەی بکات و هێرشی بکاتە سەر. بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرهەڵستکار خۆی دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕیژیمە بکات، ئەمە مانای ئەوەیە مرۆڤ بە ویستی خۆی ململانێیەک دژی خۆی هەڵدەگیرسێنێت. ئەدی یەزدان وەک یەک دروستمانی نەکردووە؟ هەموومان ڕۆڵەی یەک خوڵقێنەر نین؟ مادام ئێمە وا بین، بۆ چی زاتی ئەوەمان نییە دووپاتی بکەینەوە کە تواناکانی خواوەندمان تێدا هەیە؟ کەواتە، توندوتیژیی مرۆڤێک بەرانبەر بە بوونەوەرێکی مرۆڤانە مانای ڕێزنەگرتنە لە ئەم توانا خواوەندییانەی ناخمان و ئازار گەیاندنە نەک تەنیا بەم دوژمنە، بەڵکو بەم شێوازە بە هەموو مرۆڤایەتی.

ناتوندوتیژی پرنسیپێکی جیهانییە، تەنانەت لە حاڵەتی ململانێشدا دەبێت سەر بکەوێت. لەبەرئەوەی کاریگەرییەکەی بەوە پێوانە دەکرێت کە چەند لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوروبەری ململانێکار خۆڕاگرە. بەهەر حاڵ ناتوندوتیژی بێ مانا دەبێت گەر سەرکەوتنەکەی لە ژێر کونترۆڵی دەسەڵاتە فەرمانڕەواکاندا بێت.

هەندێ لە هاوڕییانم پێیان وتم کە حەقیقەت و ناتوندوتیژی لە ناو سیاسەت و یان هەر کاروبارێکی دنیاییی تردا جێگەی نابێتەوە. لە ڕاستیدا

ئەمە ڕای من نییە. من ئەم ئامرازانە بەکار ناهێنم بۆ زامنکردنی ڕزگار بوونی خۆم، بەڵکو هەوڵ دەدەم لە هەموو بۆنەکاندا کە دووچارم دەبێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەمدا سوود بەخش بێت. ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی ناتوندوتیژ بێت، بە ستەمە کۆمەڵایەتییەکان ڕازی نابێت.

بەرگریکردنەکی ئاشتیخوازانە بوار بە خەباتگێڕی ئاهیمسای دەدات کە بەرگرییەکی ڕاستەوخۆ بکات لە هەموو مافێکی هەڕەشە لێکراوی، ئەمەش هەر هەموو ناڕەحەتییەکانی ئەم بەرگرییە لەئەستۆی خۆی دەگرێت. کەواتە ڕێگەیەکی تەواو پێچەوانەی بەرگریی چەکدارە، کاتێک ویژدانم ڕازی نەبێت بە کارێکی قێزەوەن ئەو کات هێزی ڕۆح لە ناخمدا بانگهێشت دەکەم. لە بەرامبەردا، ئەگەر پەنام بردە بەر هێز بۆ پووچەڵکردنی یاسایەک پێوەست بە بەرژەوەندییەکانم بێت دەبینی هێزی بازوو بەکار دێنم. و بە پێچەوانەی ئەوە، گەر ملکەچی یاسایەک نەبم، ئەو کات ڕازیم هەموو دەرەنجامەکانی لە ئەستۆ بگرم، ئەو دەمە هێزی ڕۆح دەخەمە گەڕ، ئەمەش خود دەکاتە قوربانی، هەموو خەڵکی دان بەوەدا دەنێن کە قوربانیکردنی مرۆڤ بە خۆی زۆر جوامێرانەترە لە قوربانیکردن بە کەسانی دی. تایبەتمەندیی ناتوندوتیژی لە خەباتکردن دژ بە ئەستەمەکان لەوەدایە کەس دووچاری ئازار نابێت جگە لەو کەسەی بەکاری دەهێنێت. لەم ڕێگەیەدا خەباتگێڕانی ناتوندوتیژ هەندێک هەڵەیان ئەنجام داوە، بەڵام ئەو جۆرە هەڵانە ئازاری بە کەسانی دی نەگەیاند. لە پێش خەڵکانێکدا کاریان ئەنجام دەدا بەڵام بەزوویی بۆیان دەردەکەوت کە هەڵەیە، مرۆڤ ناتوانێت دڵنیا بێت و بانگەشە بکات ئەم کارە درووستە یان هەڵەیە، چونکە ئەمە ڕای ئەوە لە بەرامبەردا، دەبێت واز لەو کارانە بهێنێت کە بە ستەم دایدەنێت، هەر چییەک بێت ئاکامەکانی ئەو وازهێنانە، بێ گومان ئەمە هەنگاوی یەکەمە و ئەو کلیلەیە دەرگە دەکاتەوە لە بەردەم بەکارهێنانی هێزی ڕۆح.

به دڵنیاییـیەوە، دەتوانین بێژین، کـە هیچ یاخیـبوونێکی ناتوندوتیژی لە مێژوودا ڕووی نەداوە و نموونەیەکیش سەبارەت بەمە لە بەردەستدا نییە. بەڵێ بەپەرۆشم یەک نموونە لەم بارەوە بهێنمەوە و خەون ببینم وڵاتەکەم لە ڕێگەی ناتوندوتیژییـەوە سـەربەخۆییی خۆی بەدەست دەهێنێت. ئەوەتا من ئامادەم ئەمە سەدان جار دووبارە بکەمەوە هەتاوەکو دنیا هەمووی پەی پێ دەبات. و لە پێناو ئەم خاڵەدا دەبینم گرێدراوی پرسی ناتوندتیـژی دەبم، کوشتنی خۆمم پێ باشترە لەوەی ناپاکیی لەتەکدا بکەم. بۆیە ئێژم، هەرگیز بۆچوونی حەقیقەت لە یاد ناکەم. لەڕاستیدا تەنیا ناتوندوتیژی ڕێگە دەدات بە حەقیقەت کە شرۆڤەی خۆی بکات. لە زنجیرە کۆکراوەکانی ئەزموونی ئەم سی ساڵەی دواییدا، ساڵانی هەشتەمی سەرەتام لە ئەفریقیای باشوور، بۆمـیـان سـەلماند کـە داهاتووی هند و دنیـا بەندە لەسـەر پێڕەوکـردنی ناتوندوتیـژی، چونکە ناتوندوتیـژی ئەو ئامـرازەیە کـە کـەمـترین زیان و کـاریگەرترین ڕێگەیە بۆ داکۆکیکردن لە مـافی هەمـوو چەوسـاوەکـان و مامەڵەکارانی سیاسـەت و ئابووری بۆ بەجێهێنانی. لەبەرئەوەی ئاهیمسا تەنیا ئەو ڕۆڵە نابینێت کە پاکژی و ئاشتی بو خودی تاکەکان لە ناو خۆیاندا دروست بکات، بەڵکو یاسـایەکی هەڵسوکـەوتی کـۆمـەڵایـەتییـە بۆ ژیانێکی شـیـاو کـە ڕێز و هـەیبـەتی مـرۆڤی تێدا دەسـتـەبەر بکات. و پەرە بدات بە پێشکەوتنی مەسەلەی ئاشتی، بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی مرۆڤایەتیدا.

هەتاوەکو ساڵی ١٩٠٦ پشتم بە توانی عەقڵ بەستبوو. لەو کاتەدا چالاکی چاکسازی بووم و، لەوپەڕی چالاکیدا بووم. بەڵام پابەندبوونم وای لێ کردم تەنیا خـودی حـەقیـقـەتەکـان بخـوێنمـەوە، لە هەر شـیکردنەوەیـەک بۆ هەر هەڵوێستـێک. بەڵام لە دواییدا بەئاگا هاتمەوە، کـە هێـزی عـەقڵ شکسـتی هێناوە و بێ کەڵکە. کاتێک لە ئەفریقیای باشوور ڕووبەڕووی بارودۆخێکی لەوپەری ناسکیـدا بـوو. هاووڵاتیـیـانم خـۆیان لە دۆخـێکی نیگەرانی و

هەڵچووندا بینییەوە، هەر وەک چۆن بەسەر کرمێکی زەویدا ڕوو دەدات کە ڕۆژگارێک قیت دەبێتەوە، چونکە کاتی تۆڵەسەندن هاتە پێشەوە. دەست دەکەن بە تێکدانی هەموو شتێک. لەو کاتەدا من دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوەی کە پێک بێم لەتەک توندوتیژی و، یان میتودێکی دی ببینمەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە و ئەگەری ڕوودانی قەسابخانەیەک دوور بخەمەوە لە خەڵک و کۆمەڵگە. ئەو کات هزرێک بە بیرمدا هات ئەویش پێویستە ئێمە ملکەچی کارگێڕییەکی ڕیسواکەر نەبین و ڕێگەش بە دەسەڵات بدەین بمانخاتە زیندانەوە، گەر ئەمەی پێ خۆش بوو. ئەم کارە پێویستی بە ئامادەباشی هەبوو زیاتر لەوەی کە جەنگ پێویستی پێیە. ئەو دەمەی من هێشتان گرینگیم بە لایەنگیریی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دەدا، چونکە بۆچوونم وا بوو لە کۆتاییدا ئەمە ڕزگاربوونی هند و دنیای تێدایە. بە ماوەیەکی دوور لە ڕەشبگیری گشتی گەیشتمە بەریتانیا، لە پڕێکدا خۆمم لە ناو گەرمەی شەڕدا بینییەوە. بەڵام بە هۆی ئەو نەخۆشییەی کە تووشم هات ناچار بووم بۆ هند بگەڕێمەوە. ئا لێرەدا بڕیارم دا هەڵمەتێکی فرەوان بەرپا بکەم بە ئامانجی ئەوەی هاوولاتییانم بێنە پاڵ ڕیزی سوپای بەریتانیا. بەمەش ژیانی خۆم خستە مەترسییەوە، ئەوەی دەمکرد و دەستم پێ کردبوو هەندێ لە هاوڕێیانمی تۆقاند. لە ساڵی ١٩١٩ دوای دەرچوونی یاسای (کاری ڕەشی ڕواڵەت[1]) و ڕەتکردنەوەی حکومەت کە کارێک بکات بۆ چارەسەرکردنی ستەمەکان کە بوونەتە هۆکاری قوربانی، تووشی شکست بووین. لەو کاتەوە واتە ساڵی ١٩٢٠ دەبوایە هەڵویستێکی ئوپۆسیوزیانە وەربگرم و، زیاتر قەناعەتم کرد تەنیا عەقڵ بەس نییە بۆ دابینکردنی

١. ئەم یاسایە ئازادیی مەدەنیی لە هندییەکان دەسەندەوە. (وەرگێڕ). مەهاتما گاندی ئەو شۆڕشگێڕەی کە چەکی دەستی چڵێک زەیتون بوو، عیسام عەبدوفەتەح، وەرگێڕانی شیروان شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، خانەی وەرگێران، ل ١٣٢

پێویستییەکانی گەل. بەڵکو دەتوانیت هەندێک سەرکەوتن بەدەست بهێنیت تەنیا بە چەشتنی ئازارەکان، چونکە ئازار یاسای مرۆڤە، لە کاتێکدا جەنگ یاسای جەنگەڵە. بەڵام ئازارەکان تا ڕادەیەک بە هێزترن لە یاسای جەنگەڵ بۆ ڕێنوێنیی دوژمن و کرانەوەی گوێچکەکانی. ڕەنگە گوێبیستی دەنگی عەقڵ نەبێت. هەرچەندە ژمارەی سکالانامە دۆڕاوەکانی من زۆرن، وەلێ کەسانی تر نەیانتوانی هاوشێوەی من سکالانامەیەک دابڕێژن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینیت گەیشتمە ئەم ئاکامە بنەڕەتییە ئەویش تەنیا عەقڵ بەس نییە بۆ ڕازیکردنی کەسانی دی، پێویستە دڵی خاوەن کەیسەکە و داواکار ببزوێنیت، پاشان پەنا بەرینە بەر هێزی ئازار. ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جۆرێکی نوێ کە لە ناخی مرۆڤ سەرچاوە بگرێت. ئەویش ئازارە مرۆڤ بڕازێنێتەوە و لە پایەی بەرز بکاتەوە، نەک شمشێر.

ناتوندوتیژی ئامرازێکە لە بەردەستی هەمووانە: چ منداڵ، یان هەرزەکار، یان پێگەیشتوو بێت، بە مەرجێک باوەڕێکی ڕاستەقینەیان بە خوای خۆشەویستی هەبێت، لەم باوەڕبوونە خۆشەویستییەکی یەکسان لەنێوان هەمووان وەربگرن... ئەگەر ناتوندوتیژی بە یاسای ژیان دابنێین. باشتر وایە کاریگەر بێت بەسەر بوونەوەر بەگشتی نەک تەنیا هەندێ کرداری گۆشەگیرانە.

ئەگەر بمانەوێت ناتوندوتیژ بین، پێویست دەکات زەوییەکی زیاترمان نەبێت لەوەی کە هەژارەکانی دنیا هەیانە.

هەر کە مرۆڤ پرنسیپی ناتوندوتیژیی پێڕەو کرد، پێویستە دوور بێت لە هەر شێوازێکی قۆرخکردن. بەرهەڵستیکردنی جەنگ بۆ ئەوە نییە ڕێگر بم و نەهێڵم ئارەزوومەندانی جەنگ بەشداریی تێدا بکەن، بەڵکو هەوڵ دەدەم بیر لەو کارە بکەنەوە. کارم ئەوەیە چەمکەکان بە باشی بخەمە ڕوو، پاشان دەستبەرداریان بم خۆیان بڕیار بدەن. حەز دەکەم بە ڕەخنەگرانم بڵێم، بریا

بەشدارییان لەگەڵ دەکردم لە هەندێک لەو ئازارانەی کە دووچاری هند و دنیا دەبنەوە، چ لە دەرەنجامی شەڕەکان بێت یان نا. ناتوانم بە کەمتەرخەمییەوە سەیری ئەم قەسابخانە ترسناکە بکەم، کە لە فرەوانیدایە کارێکی ئابڕۆبەرە خەڵکی پەنا دەباتە بەر ئاوا قەسابخانەیەک کە پێی دەوترێت جەنگ، بە دڵنیاییەوە چارەسەرێکی دی هەیە بۆ کێشەکان. هەتاوەکو جەستەمان بوونی هەبێت. بە شێوەیەکی تەواو هەر دەستاوەسانین بۆ ئەوەی ناتوندوتیژ بین.

ڕەنگە خاپوورکردنی ژیانێک ئەرکێک بێت بۆ بەرداومبوونی مرۆڤایەتی. بۆ نموونە، پێویستە ژیانێک وێران بکەین بۆ بەردەوامبوونی ژیانی خۆمان، ئەگەر بمانەوێت خۆراک، سەوزەوات و هی دیکەش بەدەست بهێنین لەبەر هۆکاری تەندروستی دەبینین بە دەرمانەکانی قەڵاچۆکردن میکرۆبەکان دەکوژین... هتد. هیچ هەستێک بە گوناهباری ناکەین بەرامبەر بە ئاین...ڕەنگە گیانلەبەرێکی دڕەندەش بکوژین کە هێرش بکاتە سەر مرۆڤێک... جارجاریش ناچارین مرۆڤیک بکۆژین. با حاڵەتی (مۆتۆڕی دێوانە) بە نموونەیەک وەربگرین کە پیاوێکە بە شمشێرەکەیەوە شێتانە ڕا دەکات و هەر کەسێک بێتە سەر ڕێگەی دەیکوژێت... ئیدی کەس نەیدەوێرا بە زیندوویی دیلی بکات. هەر کەسێک گەمژەیەک (گەلحۆ)یەک چاک بکاتەوە سوپاسگوزاریی کۆمەڵگە بەدەست دێنێت و بە پیاوچاک دادەنرێت، چونکە ئەم خزمەتەی پێشکێش کردووە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە خەڵکێک بە ڕەمەک زیاتر لە بۆنەیەک دەست بە کوشتنی بوونەوەرێکی زیندوو دەکات. بۆ نموونە کەسانێک پێشنیاز دەکەن سەگە هارەکان زیندانی بکرێن و لە جێگەیەک بە جێماوی بمێنن هەتاوەکو لەسەرخۆ دەمرن. بەڵام ئەم پێشنیازە دژی بۆچوونەکانی منە لە کارکردندا، چونکە ناتوانم ئاژەڵێک ببینم هێدی هێدی ئازاری مردن دەکێشێت ئەگەر بۆ

یەک ساتیش بێت، بەبێ ئەوەی کەسێک فریادڕەسی بێت. من مرۆڤێک ناکوژم، چونکە ئومێدم بە هەندێ داو و دەرمان هەیە. لە بەرامبەردا، لە حاڵەتێکی وەهادا سەگەکە دەگوژم لەبەر نەبوونی چارەسەر، هەر بۆیە دەبێتە ئەرکێک لەسەر شانم کۆتایی بە ژیانیان بێنم. ئەگەر کوڕکەشم تووشی هاری بوو بێت، ڕێگەچارەیەک نەبێ لە ئازاری کەم بکاتەوە ئەرکی من ئەوەیە سنوورێک بۆ ژیانی دابنێم. چارەنووسیش سنووردارە. نابێت مرۆڤ خۆی بداتە دەستی چارەنووس (قەدەر) مەگەر خۆی یارمەتیی خۆی بدات. ڕەنگە تاکە چارەسەرێک بۆ کەسێک لەسەرەمەرگدا بێت، لە لایەن کەسانی فریادڕەسەوە سنوورێک بۆ ژیانی دابنرێت.

لایەنێکی پۆزەتیڤی (ئەرێیانە) ئاهیمسا کە گەورەترین خۆشەویستی و مەزنترین چاکەی تەواوی هەیە. گەر من لە پێڕەوانی ناتوندوتیژی بم، وەک ئەرکێک دەبێت دوژمنەکەم خۆش بوێت. دەبێت هەمان ڕێبازم هەبێت بەرامبەر بە خراپەکار، ئەگەر خراپەکار دوژمنێکی نامۆ بێت یان لە خێزانەکەم ئەگەر خودی کوڕەکەشم بێت. بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی کاریگەر بێت، پێویستی بە نەبەزی و ڕێزگرتنی حەقیقەت هەیە. لە ڕاستیدا کەسی ناتوندوتیژ ناتوانێت بترسێت لەوەی کە خۆشی ئەوێیت و بیترسێنیت. لەو خەڵاتانەی کە پێمان بەخشراوە خەڵاتی ژیانە، بێ گومان مەزنترین و بەبەهاترینیانە. و هەر کەسێکیش قوربانی بەم خەڵاتە بدات، هیچ بیانوویەکی دوژمنایەتی ناهێڵێت، ڕێگەی زامن ئەو تێگەیشتنەیە کە دەبێت لە پێش دوژمن والا بکرێت و ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتنێکی بەجێ بدۆزرێتەوە لەنێوان ململانێیەکان، کەس ناتوانێت ئەم گەنجینەیە کە (ژیانە) ببەخشێت، ئەگەر ملکەچی ترس بێت. ئەستەمە لەیەک کاتدا مرۆڤ ترسنۆک و ناتوندوتیژ بێت، چونکە ئاهیمسا هاوەڵی ئازایەتیەکی نموونەییە.

خۆشەویستی مەزنترین و خاکیبوونترین هێزە لە دنیادا.

پێویستە پێش هاتنی ڕۆژێک لە ناڕەحەتی و تووڕەیی و کینە، دڵڕەقی و نەفامی ون بێت.

ناتوندوتیژی حوکم ناکات بەوەی دەست هەڵبگریت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێیەکان دژی خراپە. بەڵکو پێچەوانەی ئەمە دەبینم، ناتوندوتیژی شێوەیەکی ئەکتیڤ و ڕاستگۆیانەیە لە شێوەکانی خەباتگێڕی، زیاتر لە یاسای تۆڵەسەندنەوە کە خراپەکاری زیاتر دەکات. لەڕکابەرییەکانمدا بۆ هەموو نامۆراڵییەک، پێویستە پەنا بۆ چەکە مۆڕاڵییەکان و ڕۆحییەکان بەرم. هەوڵ نادەم کە زاڵبم بەسەر چەکی تاغووتێک بە چەکێکی تیژتر و بەهێزتر، بەڵکو تێ دەکۆشم بۆ نەهێشتنی بڵێسەی ناکۆکی و دەرفەتێک نەبەخشم بە دوژمن بەرهەڵستیی جەستەیی بکات، لە ئەنجامدا پێویستە دوژمن هەست بە هەیبەت و ڕێز بکات بەرامبەر بە هێزی ڕۆح. لە سەرەتاوە تووشی دڵەڕاوکێی دەبێت، ئینجا ناچارە دان بەوەدا بنێت کە بەرهەڵستیی ڕۆح بەزێنەر نییە. ئەگەر دانی بەمەدا نا لەم جەنگەدا بەبێ زەلیلی دەردەچێت. ڕەنگە هەرچییەک لەم بارەوە بخرێتە ڕوو وەک چارەسەرێکی نموونەییە. ئەمەش بە تەواوەتی دروستە، چونکە ئێمەش هەوڵ دەدەین بۆ چارەسەرێک کە نموونەیی بێت، یاسای ژیانێکی هەمەلایەنەی لێبوردەیی پێوەستە بە ئاهیمساوە. ئێمەش بە بەردەوامی دووچاری دژیەکییەک دەبینەوە. پەندێکی باو هەیە کە دەبێژێت "ژیان هێشتا زیندووە لە ناو ژیاندا" ئەمە مانایەکی قووڵی هەیە. مرۆڤ بۆ یەک سات ناتوانێت بژی بێ ئەوەی توندوتیژییەکی جەستەیی ئەنجام نەدات. بەئاگا یان بەبێ ئاگا بێت. بەهەر حاڵ مرۆڤ تەنیا بۆ ئەوەی بژی و، بخوات و، بخواتەوە و، بجووڵێت، بە دڵنیایی هەندێک لە لایەنەکانی ژیان ڕووبەڕووی وێرانکاری دەبێتەوە، ئەگەر بەڕادەیەکی کەمیش بێت. ئەمەش نابێتە ڕێگر لە بەردەم ناتوندوتیژی بۆ ئەوەی پرنسیپەکانی بە ڕاستگۆیانە بمێننەوە، ئەگەر کردارەکان مۆرکی دڵدانەوە و

میهرەبانی وەربگرن، بەردەوام تێ بکۆشین بۆ پاراستن و دوورخستنەوەی بچووکترین بوونەوەر لە ئازار و هەروەها ڕزگارکردنیان، بەم شێوازە بەردەوام دەبێت و پەرە دەسێنێت لە ناو گەردەلوولی توندوتیژانەدا.

لەبەرئەوەی ئاهیمسا لەسەر یەکگرتنی هەموو ژیان وەستاوە، هەر هەڵەیەک مرۆڤێک ئەنجامی بدات کاریگەرییەکەی لەسەر هەمووان دەبێت، لەو ساتەوە کەس ناتوانێت لافی ئازادبوون لە تەواوی توندوتیژییەکان لێ بدات. بۆئەوەی مرۆڤ بەردەوام لەناو کۆمەڵگەکەیدا بژی ناتوانێت پشکدار نەبێت لەتەک هەندێک لە شێوەکانی توندوتیژی. لە کاتێک گەل جەنگێ بەرپا دەکات دژ بەگەلێکی تر. لێرەدا کاری ناتوندوتیژی ئەوەیە هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو ململانە بەرپاکراوە. بەڵام ئەو کەسەی هەست بکات ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، یان بەرامبەر بەم جەنگە هیچی پێ ناکرێت، ڕەنگە ناچاریش بێت بەشداری لەو جەنگەدا بکات، بەڵام لە گانگەی دڵیەوە دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆی و گەلەکەی و سەرجەمی دنیا ڕزگاری بێت. بە بۆچوونی ئاهیمسا جیاوازی لەنێوان جەنگاوەر و ناجەنگاوەر ناکرێت. هەر کەسێک لە خزمەتی باندێکی دز و جەردەدا بێت، تاوانەکەی یەکسانە بە تاوانی هەموو تاکەکانی باندەکە ئەگەر بارهەڵگر، یان پاسەوان، یان برینپێچێک بێت، هەر بەم شێوازەش بڕوات ئەو کەسانە کە تەنیا تیماری بریندارەکان دەکەن بە تەواوەتی بێ تاوان نین.

مەسەلەکە زۆر وردە، سەبارەت بەمە ڕای جیاواز هەیە، هەر بۆیە ویستم وتووێژەکان بخەمە ڕوو و، بە گوێرەی توانا ڕوونی بکەمەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕ بە ئاهیمسا دەکەن و هەوڵی دەربازبوونی دەدەن لە هەموو بۆنەیەکدا، کە پیاوی حەقیقەت پێوەست نییە بە بەردەوامی کار بکات بە پێی باو و نەریت، چونکە پێویستە ئامادەیی هەبێت وەک چاکسازێکەر هەڵسوکەوت بکات، ئەگەر بۆی دەرکەوت هەڵەیەکی ئەنجام داوە، پێویستە لە

پێش هەمووواندا دانی پێدا بنێت، هەرچییەک بێت دەرئەنجامەکانی، هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاکامەکان.

مرۆڤ ناتوانێت ناتوندوتیژ بێت ئەگەر هەڵخەڵەتێنەر بێت و لە بوارەکانی کارکردن و کاردا مایەپووچی بکات، ئەو باوەڕەی هەبێت کە دەسەڵاتی هەیە بۆ کوشتنی قەسابێک و یاخۆ گومان بکات پیاوێکی دەوڵەت لە کار بخات، بەمەش خزمەتێکی گەورەی وڵاتەکەی دەکات. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دەبینیت مرۆڤ لەژێر کارتێکردنی کینە و نامەردی و ترسدایە. من بەرهەڵستیی توندوتیژی دەکەم چونکە ئەو دیاردانەی کە وەک چاکەیەک دەر دەکەون کاتییە، بەڵکو پاشماوەی خراپەکارییەکانی ئەم توندوتیژییە بەردەوامەن. هەتاوەکو ئەگەر دەستمان بە کوشتنی هەموو ئینگلیزەکان کرد، کەچی هیچ سوودێکی بۆ هند نابێت. کوشتنی دواکەسی ئینگلیز یارمەتیی ملیۆنان کەس نادات بەسەر نەهامەتییەکانی تردا زاڵ بن، چونکە بەرپرسیاریەتیی ئەم بارودۆخەی ئێستەمان لە ئەستۆی خۆماندایە نەک ئینگلیز. ئینگلیزەکان ناتوانن هیچ خراپەیەک لە بەرامبەر ئێمەدا ئەنجام بدەن ئەگەر ئێمە بۆ خومان چاک بین. ئا لەم ڕوانگەیەوە سوورم لەسەر ئەوەی کە پێویستە خومان چاک بکەین.

دەزوویەکی باریک هەیە لەنێوان توندوتیژییەک کە مەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتی بیانی بێت و ئەوەی دژی هاووڵاتییانمان پێڕەو دەکرێت، کە وا دەر دەکەوێت کۆسپن لەبەردەم پێشکەوتنی وڵاتدا. پێویست ناکات پەنا بەرینە بەر فەلسەفەیەکی ناتوندوتیژ یان لە دەرەنجامەکانی توندوتیژی بیر بکەینەوە. لە ڕێگەی خوێندنەوەی مێژووی وڵاتان، پێویست بە بلیمەتی ناکات بۆ ئەوەی مرۆڤ ببینێت کە ئێمە هێزێکی توند بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی کۆمەڵگەمان لەو ستەمەی بەدەستیەوە دەناڵێت ڕزگاری بێت، وەکو ئەوە وایە ئێمە ئاستەنگێکی دی بۆ ئاستەنگەکانی خۆمان زیاد بکەین.

ناتوانم لەتەک توندوتیژییەکی ڕێکخراوی حکوومەتدا کار بکەم هەر بۆیە پێوەندیش ناکەم بە توندوتیژییەکی ناڕیکخراو کە لە گەلەوە سەرچاوە بگرێت. ئەگەر لەنێوان ئەم دووانەدا ئازاد بکرێم پێم باشترە بکەومە نێوان دوو تاشە بەردەکەیەوە. بە درێژایی ئەم پەنجا ساڵە، لە هەوڵێکی بێوچاندا بووم، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی پێڕەو بکەم بە هەموو ئامرازەکانیەوە، سەرقاڵی ئەم کارە بووم لە هەموو بوارەکانی ژیان: تایبەتی و گشتی، ئابووری و، سیاسی هتد و... لە یەک حاڵەتی ئەم خەباتەم شکستم نەهێنا. یان هەر جارێک گومانم لە خۆم بکردایە کە سەرنەکەوتوومە، هۆیەکەم دەگەڕاندەوە بۆ ناتەواوییەک، بانگەشەی کامڵبوون بۆ خۆم ناکەم، بەڵکو خۆم بەپەرۆش دەزانم لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. لەم گەڕانەدا ناتوندوتیژیم دەدۆزییەوە. ئاشکراکردنی پوزەتیڤەکان (ئەرێیەکان)ی ناتوندوتیژی بۆ دنیا بووەتە ئەرکێک لە ژیانم و، هیچ بەرژەوەندییەکم لە وجوود نەماوە تەنیا تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە بە باشترین شێواز. بۆ من گرینگە و بەردەوام بە خۆشحاڵییەوە خەڵکی ببینێت بەگشتی، کە من پارێزگاری لە سۆزی ئەو کەسانە دەکەم ڕکابەریی سیاسەت و هزر و باوەڕ بە خۆبوونیان هەیە. لە ئەفریقیای باشوور ڕکابەرانم متمانەی تایبەتی و هاوڕێیەتی خۆیان پێ دەبەخشیم. سەرەرای ئەو سەرکۆنەکردنەم بۆ شارستانییەتی مەتریاڵیزمی مودێرن کەچی ئەڵقەی هاوڕێیەتیم لە ئەوروپا و ئەمەریکا فرەوانتر دەبوو. ئاخۆ ئەمە بە سەرکەوتنی ناتوندوتیژی دانانرێت؟

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەزموونەکانم دەوڵەمەنتر دەبن و، پێم دەبێژن ئاشتیی تاکە کەس یان نەتەوەیەک ئەستەمە ئەگەر خەڵکی هەموو هەوڵێکیانی بۆ نەخەنە گەڕ لە پێناو پراکتیزەکردنی حەقیقەت و ناتوندوتیژی. لە بەرامبەردا یاسای تۆڵەسەندنەوە هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

وەلێ من بەو ئاواتە لاواز و شکستخواردووە، بەردەوام ئەو شکستانەش وایان لێ کردووم زیاتر لە جاران بە ئاگاتر بم و ئیمانێکی بە هێزتریشم

هەبێت و، لە ڕێگەی ئەو ئیمانەوە ببینم ئەو دووانەیە کە حەقیقەت و ناتوندوتیژییە. چەند توانی باشیان هەیە.

من زۆر گەشبینم، چونکە توانستی پەرەسەندن بە هێزی توندوتیژی بێ سنوور دێتە بەر چاوم. هەر چەند ئەم هێزە لە ناخی خۆت بچێنیت، ئەوەندە کاریگەرتر دەبێت وەک ئاگرێک ناو پۆشەلان بتەنێتەوە، تا ڕادەیەک هیچ بەربەستێک نییە بیوەستێنێت و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بە هەموو دنیادا بگرێت.

بە ڕای من ناتوندوتیژی بە هیچ جۆر و شێوەیەک پێوەندیی بە خراپەوە نییە. بە پێچەوانەوە چالاکترین هێز لە دنیادا... باڵاترین یاسایە...

ڕێککەوتی هیچ کەیسێکم نەکرد کە لە ڕێگەی ناتوندوتیژییەوە چارەسەرێکم بۆ نەدۆزیبێتەوە، چونکە بەردەوام ناتوندوتیژی چارەسەری گونجاوی بۆ پێشکێش دەکردم.

مرۆڤ دەتوانێت دڵنیا بێت کە ئەو ناکۆکییەی لەسەر بنەوای پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی چارەسەر کراوە، بە هیچ جۆرێک پاشماوەی ڕق و کینەی لەنێوان دوژمنەکاندا نەهێشتووەتەوە و بوونەتە هاوڕیی ئەم ئەزموونەم لە ئەفریقیای باشوور لەگەڵ جەنەراڵ سماتس تاقیم کردووەتەوە. سەرەتا دوژمنێکی سەرسەختم بووە، بەڵام ئەمڕۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزمە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە هێزی کوشتن نییە. باشتر وایە ئەو هێزەی هەبێت بۆ قبووڵکردنی مردن. ئەگەر مرۆڤ بە ڕاستی ئامادەیی مردنی هەبووایە، ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی نەدەکرد. کەواتە پێوەندییەکی دژەیەک هەیە لەنێوان ئارەزووکردنی کوشتن و ئارەزووی مەرگ. مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو پیاوانەی کە بە ئازایەتی مردوون و، خۆشبوونە لە دوژمنەکانیان و، لە ڕێنوێنیکردنی دوژمنی سەرسەختیان سەرکەوتوون.

نامـەوێت لەسـەر حـسـابی قـوربانیکردن بە بوونەوەرێکی دی بژیم، ئەگەر مـاریش بێت. ڕەنگە گـەزتنێم پێ باشـتـر بێت لەوەی بیکوژم. بەڵام دەشێ ئازاییەتیی مردنم نەبێت، لە حاڵەتێکدا پەروەردگار بمخاتە ئەو تەنگەژەوە، بە پێچـەوانـەوە ڕەنگە لە ناخـمدا دڕەندەیەک بە ئاگا بێتـەوە و، هـەوڵ بدەم ئەو مـارە بکوژم بۆ ئەوەی جەسـتە لە ناوچووەکەم بپارێزم. ئەگەر باوەڕم پتـەوتر بێت کـەمـتـرین تـرس لە نـاخـمـدا بەرامـبـەر بەمـارەکـان دروست نابێت. بە چاوێکی مـیـهرەبانییەوە سـەیری دەکەم، بەم شـێوازەش ئارەزووەکانم دەبنە ڕاستییەک.

دژایەتیی پێشکەوتنەکانی زانست ناکەم، بە پێچـەوانەوە، من بە زانستی ڕۆژئاوا سـەرسامم، وەلێ ئەوەی من تۆڕە دەکات دانیشمەندەکانی ڕۆژئاوایە، کە لەگەڵ بوونەوەرەکانی دی مـامەڵەیەکی ناشـرین دەکـەن، توێکاریی ئاژەڵی زیندوو کـارێکی قـێـزەوەنە و، کـاریگـەرییـەکی ترسـێنەری لە سـەرم هـەیـە کـە وەسف ناکرێت.

قـەسـابـخـانـەی ئاژەڵە بێگەردەکـان کـە بەنـاوی زانست و لە بـەرژەوەندیی مـرۆڤـایەتی ئەنجـام دەدرێت، کـارێکە لێـخـۆشـبـوونی نیـیـە. من لـە بەهـای داهێنانە زانستییـەکان کەم ناکەمەوە و نکۆڵی ناکەم کە تێوەگلاوە بە خوێنی بێـتـاوانـەکـان. دەکـرا مـرۆڤـایەتی تـیـۆریی سـووری خـوێن بدۆزێتـەوە بە بێ ئەوەی پـەنا ببـات بۆ کـرداری توێکاری. بەڵام لەو بـاوەڕەدام کـە بـەم زووانە زانسـتـێکی بـەجێ ئەم جـۆرە ئامـرازە لە توێژینەوەکـان قـەدەخـە دەکـات. بەرگـریی ئاشـتـیـانە، شـمـشـێرێکی خـاوەن چاکـەی جۆرەوجـۆرە، چونکە دەتوانرێت بە شـێوازی جیاواز بـەکار بهێنرێت. خـۆشـبـەخـتی دێنێت بۆ ئەو کەسـەی بـەکاری دەهێنێت یان دژی ئەو کەسـەی بەکاردێت. چونکە ئەم جۆرە بەرگرییـە دەرەنجامی باش بەدەست دێنێت بێ ئەوەی دڵۆپە خـوێنێک بڕژێت. ئەم چەکە هـەرگیز ژەنگ ناگرێت و کەسیش ناتوانێت بیدزێت.

بەڵام بۆ ئەوەی یاخیبوونی مەدەنی بکرێت، پێویستە ڕاستگۆیانە بێت و، شایستەی ڕێزگرتن بێت، وردبێتەوە لە ئەنجامەکانی، دوور لە هەموو ترسێک، واتە پێویستە یاخیبوون پشت بە پرنسیپەکان ببەستێت و، لەژێر کاریگەریی هیچ ئارەزوویەک نەبێت و، ڕق و کینە نەیباتە ڕیوە.

مەسیح و دانیال وسوقرات لە نوێنەرەکانی ئەم بەرگرییە ئاشتیخوازانەن، کە تەنیا لە هێزی ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێت. بەهەر حاڵ، ئەم مامۆستایانە جەستە بەهیچ دادەنێن بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕۆحدا، لە مامۆستاکانی ئەم سەردەمە، تۆلستۆی بە باشترین درەوشاوەترینیان دادەنرێت، چونکە تەنیا بە خستنەڕووی پرنسیپەکانی ناتوندوتیژی قایل نەدەبوو، بەڵکو ڕۆژانە لە ژیانیدا پێڕەوی دەکرد.

بەڵام بیروباوەڕی ناتوندوتیژی، لە هند دامەزرا و پێڕەو کرا بە ماوەیەکی دوورتر لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە ئەوروپا. بۆ مرۆڤ سانایە درک بەوە بکات کە هێزی ڕۆح باڵاترە و، پێوانە ناکرێت لەگەڵ هێزی بازوو (جەستە). ئەگەر خەڵکی بیانەوێت پەنا بەرن بۆ هێزی ڕۆح لە پێناو چاککردنی ستەمکارییەکاندا بە ئاسانی دنیا بە دوور دەبوو لە خراپەکارییەکانی ئێستە. بودا ململانێیەکی چاونەترسی دژ بە دوژمنەکانی بەرپا کرد و، سەرکەوت لە ملکەچکردنی پیاوێکی ئاینیی لووت بەرز. لە کاتێکدا مەسیح پەنای بردە بەر دەرکردنی بازرگانەکانی ناو پەرستگە و نەفرەتی لە خەڵکانی بەدکار و فریسیەکان[٢] کرد. لە ڕاستیدا ئەم دوو

٢. وشەی فریسیەکان بە مانای گۆشەگیر دێت و ئەم بزاوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠پ.ز دەرکەوت. نازناوی ئەم کۆمەڵەیە لەنێوان خۆیاندا بە (حسیدیم)ی عبری ناو دەبەن کە مانای (لە خوا ترس و لە گوناە پارێز) دێت. (وەرگێڕ). جوولەکە عەقیدە و شەرعییەت و مێژوویان، دانا عوسمان حسن، چاپی دووەم، بەهاری ٢٠١١، ل.٦٩

مامۆستا مەزنە خاوەنی ڕێباز و کارکردنی ڕاستەوخۆ و ئەکتیڤانە بوون. لە هەمان کاتدا چاکە و خۆشەویستی بێگەردییان سەلماند لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە. هەردووکیان پەنجەیەکی بچووکیان بەرز نەکردەوە لە ڕووی دوژمنەکانیاندا. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا بە باشیان زانیوە هەزار جار خۆیان بەدەستی دوژمنەکانیانەوە بدەن لەوەی ناپاکی لەو حەقیقەتە بکەن کە هاتوونە پێمانی ڕاگەیەنن، چونکە بودا بە دڵنیاییەوە دووچاری مردن بووەتەوە کاتێک بەرهەڵستیی کاهینەکانی کرد، ئەگەر هەوڵەکانی بۆ چاککردنی ئەو پیاوە ئاینییە یەکسان نەبووایە بەو خۆشەویستییە مەزنەی کە بنیاتی ناوە. سەبارەت بە مەسیح، ئەو لەسەر خاچەکەی مرد و، بەدڕک سەریان تەوق کرد، بەرهەڵستیی هەموو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری کرد، منیش ئەگەر لەلای خۆمەوە بەردەوام بم لە ڕکابەریی دەسەڵات بە بەرگریکردنێکی ناتوندوتیژانە، هیچ ناکەم تەنیا شوێن پێی ئەم دوو مامۆستا مەزنە بەخۆکەمزانین و سادەییەوە دەگرمە بەر. هەر شتێک لەم دنیایەدا دروست بووە دەگەڕێتەوە بۆ کار. من زاراوەی ئاشتیخوازانە ڕەت دەکەمەوە، چونکە گوزارشت لە ڕاستی ناکات ڕەنگە بە شێوەیەک دەربکەوێت وەک چەکێک بێت بە دەستی لاوازەکان.

ناتوندوتیژی بە پلەی یەکەم، دەبێت مرۆڤ توانی ململانێی هەبێت. بەڵام دەبێت بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەموو ویستێکی تۆڵەسەندنەوەدا، زاڵبوونێکی بەئاگا و خۆویستانە. بەهەرحاڵ تۆڵەسەندنەوە بە پلەیەکی باشتر و باڵاتر دادەنرێت لە ملکەچبوون، چونکە تۆڵەسەندنەوە لاوازییەکی تەواوە، یان لە ترسێکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە، یان وەهمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئازار.

ناتوندوتیژی و ترسنۆکی یەکدی دەسڕنەوە، چونکە بە ئاسانی دەتوانم وێنای پیاوێکی پڕچەک بکەم، بەڵام ئازا و بەجەرکیش نەبێت. ئەگەر مرۆڤ

خـاوەن چەک بێت واتە تـرسـێک دایدەگـرێت، بۆ ئەوەی نەیەژین ترسـنۆک. بەهـەرحـاڵ نـاتوندوتیـژییـەک نـیـیـە شـایەنی ڕێزگـرتن نەبێت، کـاتێک ئازایيەتییەکی ڕاست و ڕاستگۆیانە لە ئارادا نەبێت.

بڕوام وایە نـاتوندوتیـژی هێـزگـەلێکەم پێ دەبەخـشـێت بۆ بزواندنم. واتە دەبێت ترسنۆکی و لاوازی بە تەواوەتی وەلا بخرێت. ئومێدم بـە ترسنۆکێک نییـە پێڕەوی ناتوندوتیژی بکات، بەڵام کەسێکی توندوتیـژ ئەگەری هـەیە لە ڕۆژگـارێکدا ببـێـتـە کـەسـێکی ناتوندوتیـژ. ئەگـەر نەتوانین لە ڕێگەی ناتوندوتیـژییەوە بەرگری لە هاوسـەر و، پەرستگە بکەین، باشتـر وایە وەک مرۆڤێک لە ڕێگەی شەڕکردن بەرگری لە خۆمان بکەین.

دانیشـتووانی گوندێک نێزیک لە بتیا بۆیان گێڕامـەوە، ئەوان هەڵهاتوون کاتێک ماڵیـان بە تاڵان براوە و دەستدرێژی کراوەتە سـەر ژنەکانیـان. ئەوان وتیان ئێمە هـەڵهاتووینە چونکە ئامۆژگارییەکانی تۆمـان لەسەر ناتوندوتیژی جێبەجێ کردووە. خەجاڵەت بووم و سەرم لە شەرمـاندا داگرت. پێویست بوو ڕوونکردنەوەیـەک بدەم کە مـەبەسـتم لەو جـۆرە ناتوندوتیـژییـە نیـیـە، بەڵکو دەمـویست وەک قـەڵغانێک بـوەستن لەنێوان مـەزنترین و لاوازترین هێزدا. بە بێ ئەوەی گیانی تۆڵەسەندنەوە دایانبگرێت، باشتر وابوو ئازارەکانی بچێژن و پێـشـبـینیی کـوشـتنیـانیش بکردایە و، هـەرگـیـز لە ڕووی گـەردەلوول هـەڵنەهاتایەن. لە ڕاستیدا ئـەمە بەڵگەیە بۆ هـەندێک ئازایەتی لە ناو خەڵکێک کە بە نووکی شـمشێر بەرگری لە ماڵ و مـوڵکی خۆیان دەکەن و، پارێزگاری لە نامـوس و ئاینیـان دەکەن. بەڵام جوامێرانەترە ئەگەر هـەوڵ بدەن بەرگری لە هـەمـوو ئەم شـتـانە بکەن بە بێ ئەوەی خـراپە بـە خـراپە وەڵام بدەنەوە. کەچی جێـی شەرمـەزارییـە، مرۆڤ سـەنتـەری لە ژێر ڕەحمـەتـی خراپەکاران بەجێ بهێڵێت. تەنیـا بۆ پاراسـتنی سـەلامەتیی خۆی و هیـچی تر. بەڵام بە ئاسـانی دەتوانم ڕێگەی ئاهیـمسـا نیشـان بدەمـە ئەو کەسـانەی ئامـادەییـان

هەیە بۆ مردن. بەڵام ئەستەم دەبێت بۆ کەسانێک کە لە مردن دەترسن.

پێم باشترە سەرکێشی بکەم و پەنا ببەمە بەر توندوتیژی لەوەی کە ببینم ڕەگەزێک بە تەواوەتی دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە.

ناتوندوتیژی ڕێگە نادات مرۆڤ لەبەردەم مەترسییەکان هەڵبێت و بەبێ بەرگری کەس و کاری بەجێ بهێڵێت. لەم بارۆدۆخەدا توندوتیژییەکەم پێ باشترە لە ترسنۆکێک کە گورەپانی ململانێکە لە ترساندا بەجێ دێڵێ. هەر وەک چۆن ئەستەمە مرۆڤێکی نابینا سەرسام بکەم بە دیمەنێکی دڵڕفێن، بە هەمان ئەندازە ئەستەمە مرۆڤێکی ترسنۆک ئامۆژگاریی ناتوندوتیژیی بۆ بکرێت یاخۆ پێڕەوی بکات. چونکە ناتوندوتیژی لووتکەی ئازایەتییە. هیچ دژوارییەک نییە بۆ من کە باڵایی ناتوندوتیژی بسەلمێنم بۆ ئەو کەسانەی مەشقیان لە قوتابخانەی توندوتیژی کردووە. توندوتیژی پێوەستە بە ترسنۆکی. ئەگەر هەموو ترسێکم وەلا خست و چەند ساڵێکم بەسەر برد بەم شێوازە، ئەو دەمە نرخی ناتوندوتیژیم بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ناتوانین ئەو کەسانەی لە مردن دەترسن و توانی بەرگرییان نییە فێری ناتوندوتیژی بکەین. مشکێک دوور لە فریادڕەسی ناتوندوتیژ نییە، لەبەرئەوەی وەک نێچیرێک بەئاسانی خۆی دەخاتە بەر دەستی پشیلەکە، ئەگەر هێزیکی هەبووایە بەبێ دڵەڕاوکە دوژمنەکەی قووت دەدا. بەڵام ئەمە بۆ ئەو مەحاڵە ناچارە لەبەردەم ڕاوکەرەکەیدا هەڵبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بێژین مشک ترسنۆکە، چونکە سروشت ڕەفتاری بۆ دیاری دەکات. بەڵام بێ گومان سیفەتی ترسنۆکی دەخرێتە پاڵ ئەو مرۆڤەی وەک مشک ڕەفتار بکات. بەهەر حاڵ توندوتیژی و کینە پڕ دڵیەتی و، دوودڵیش نابێت لە کوشتنی دوژمنەکەی، ئەگەر بتوانێت و بێ ئەوەی خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەم جۆرە مرۆڤە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ناتوندوتیژدا نییە و، ڕێنوێنییکردنی بێ سوودە و ئازاییەتی شتێکی نامۆیە لە سروشتیدا. پێش

ئەوەی بیەوەێت ناتوندوتیژی پێڕەو بکات و، فیری بێت پێویستە فێر بکرێت خۆڕاگر بێت ئەگەر بگاتە ڕادەی مردنیش هەوڵ بدات بەرگری لە خۆی بکات دژی دەستدرێژکار، ئەگەر بمانەوێت بە پێچەوانە ڕەفتار بکەین، بەم کارە هانی دەدەین بە ترسنۆکی بمێنێتەوە و، زیاتر و زیاتر لە ڕێگەی ناتوندوتیژی دوور بکەوێتەوە.

چونکە پێوەستم بەوەی یارمەتیی کەس نەدەم بۆ تۆڵسەندنەوە، هەر لەبەر ئەمە بە ئەرکێک دێتە بەر چاوم ڕێگە بە ترسنۆکێک نەدرێت لە ژێر ناوی ناتوندوتیژی خۆی بشارێتەوە. هەندێ کەس لە نیاز پاکی و تێنەگەیشتنیان لە ناتوندوتیژی وایان دەزانی کارێکی باشە ئەگەر مرۆڤ لەپێش مەترسییەکاندا هەڵبێت، بە تایبەتی ئەگەر ژیانی لە مەترسیدا بێت، هیچ بەرگرییەکی توند نەبێت دژی ئەوەی هەڕەشەی لێ دەکات. بەو ئەندازەی بانگەشە بۆ ناتوندوتیژی دەکەم، بە پێویستی دەزانم دژی ئەم هەڵە گەورە و ترسناکە تێبکۆشم، هەتاوەکو ئەگەر مرۆڤ هیچ هێزیکی جەستەیشی نەبێت هەڵهاتن شەرمەزارییە، چونکە پێویستە مرۆڤ لە جێگەی خۆی بەرگری بکات و بە خۆڕاگری بمرێت. ئەمە هەڵسوکەوتی ناتوندوتیژانە و ئازایانەیە لە بەرامبەردا، مرۆڤ هەندێک لە هێزی بازووی بەکار بێنێت بۆ نەهێشتنی بەربەرەکانێ و لەناوبردنی دوژمنەکەی و، ژیانی بخاتە مەترسییەوە ئەمە ئازایەتییە، بەڵام ناتوندوتیژی نییە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە کاتی مەترسیدا هەڵهات ئەمەیان ترسنۆکییە. لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژانەدا، خۆشەویستی یان چاکە لە ناخدایە. و لە حاڵەتەکانی دی، تەنیا کینە و ترس و بێ بڕوایی لە ناخدا بوونیان هەیە.

گریمان من ڕەشپێستێکم (زنجی) و لە لایەن پیاوێکی سپیپێستەوە دەست درێژی لە خوشکەکەم کرا یان لە لایەن باندێکەوە لە سێدارە درا، دەبێ ئەرکی من چی بێت؟ لە سەرەتاوە، ئاواتەخوازی خراپە ناکەم بۆ کەسانی

دەستدرێژ، بە دڵنیاییەوە هاوکاریشیان نابم. ڕەنگە ڕووبدات من یەکێک لە شوێنکەوتووانی ئەم کۆمەڵە بەرپرسە لە سێدارەدانەکە بم، شوێنکەوتوویەکی مادی (بژیوی)انە کەواتە، دەبێت بۆ درێژترین ماوە هاوکار نەبم لەتەک ئەو کەسانە، تا ڕادەی ڕەتکردنەوەی خواردنێک کە ئەم گرووپە سەرچاوەکەیەتی. بە هەمان شێوەش ڕەتی هاوکاریی برایانی ڕەشپێست دەکەم کە چاوپۆشییان لە تەعدای باسکراو کردووە. نابێت مرۆڤ دوو دڵی بکات لە قوربانیدان بە خۆی، ئەگەر پێویستی کرد. بە زۆری لە ژیانمدا پەنام بردووەتە بەر ئەم پلانە. بە دڵنیاییەوە، پێویست بەوە ناکات مرۆڤ لە برساندا بمرێت، بەیەکجاری بێ ئەوەی کۆی بارودۆخەکە لەبەر چاو بگرێت. لەبەرئەوەی ژیان سات لە دوای سات لە کۆتایی نێزیک دەبێتەوە، دەبێت مرۆڤ بە باوەڕێکی پتەوەوە پێوەست بێت. بەڵام من پیاوێکی زۆر داماوی ناتوندوتیژم ڕەنگە کەس بە قسەکانم قایل نەبێت. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانم، دەکرێت ڕووبدات، من لەم ژیانەدا نەتوانم باوەڕ بە خەڵک بهێنم، کەچی ئەم کارە نابێتە هۆی لاوازبوونی باوەڕم بە ناتوندوتیژی.

دوودڵ نابم کاتێک دەبێژم هەر کاتێک لەنێوان ترسنۆکی و توندوتیژی و شتێکی دیکەدا هەڵبژاردن هەبێ، دەبێت مرۆڤ وەک چارەسەرێک بڕیار بدات لەسەر توندوتیژی. لەم بارەوە جارێکیان کوڕە گەورەکەم پرسیاری لێ کردم دەبوو ئەو چی بکردایە ئەگەر ئامادەبوایە لەو جێگەیەی هەولێک درا بۆ تیرۆر کردنم، وەخت بوو ژیانم لە دەست بدەم لە ساڵی ١٩٠٨ پێی وتم: ئاخۆ کاتێک کە دەیبینی دەکوژرێم دەبوایە هەڵبهاتایەم؟! یان دەبوو توندوتیژییەکی جەستەیی بەکار بێنێت و بەرگریی لێ بکردمایە دژ بە نەیارانم؟ وەڵامم دایەوە لەو کاتەدا پێویست بوو بەرگریی لێ بکردایەم، ئەگەر چی پێویستی بە توندوتیژیش بکردایە. لە هەنگیەوە ئەم ڕاڤەکردنە پێوەندییەکی هەیە بە بەشداربوونم لە جەنگی بویر boer پاشان چوونە ناو

ڕیزەکانی ڕاپەرینی زولو (zulu) و جەنگی جیهانیی یەکەمیش کە لە ڕیزی تیمەکانی هندی بووم لە پاڵ ئینگلیز. لەبەر ئەم هۆیە پشتگیریی مەشقە سەربازییەکان دەکەم بۆ ئەو کەسانەی تەنیا بڕوایان بە توندوتیژی هەیە. پێم باشترە هند بە هێزی چەک بەرگری لە کەرامەتی بکات لەوەی بە ترسنۆکی و زەلیلی و سووکایەتی پێکردن شکستەکانی، ببینم.

بەڵام بە ڕای من، بە هەموو پێوانەیەک ناتوندوتیژی باڵاترە لە توندوتیژی و، بەخشندەیی مەردانەترە لە سزادان. جەنگاوەر بە لێبوردەیی ڕازاوەتر دەبێت. بەڵام نەبوونی توندوتیژی واتەی میهرەبانی نییە مەگەر تەنیا لەو کاتەدا بێت کە دەسەڵاتی سزادانت هەبێت و جێبەجێی نەکەیت. کەچی کاتێک مرۆڤ یان کۆمەڵ، وەسیلەیەکی وەڵامدانەوەیان پێ نەمێنێت نەبوونی ئەم توندوتیژییە بێ مانا دەبێتەوە. هیچ کاتێک بیر نەکەینەوە ئەوە میهرەبانییە لە مشکدا هەیە کاتێک خۆی وەک نێچیریکی ئاسان بە دەستی پشیلەکەوە دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆیە هەست بەو کەسانە دەکەم کە داوای سزایەکی باڵا دەکەن بۆ جەنەراڵ داێر و دارودەستەکەی. گەر توانستیان بووایە گوللە بارانیان دەکرد. سەبارەت بە هند باوەر ناکەم کە دەسەڵاتی بەرگرییان نەبێت. تەنیا ئەوەم دەوێت هێزی هند و خۆمێش بە باشترین شێوە بخەمە گەڕ.

کەس بە هەڵە لە هزرەکانم تێ ناگات. هێزی ڕاستەقینە لە قودرەتێکی مادییەوە نایەت، بەڵکو لە ویستێکەوە دێت شکستی نەهێناوە. ئەگەر سەیری ئینگلیزێک بکەین لە ئاستی جەستەوە، دەبینین هێزی ئیگلیزەکە زیاتر نییە لە هێزی پیاوێک لە زولو، بەڵام پیاوی زولو لە حزوری هەرزەکارێکی ئنگلیزدا هەڵدێت، چونکە لە دەمانچەی دەستی هەرزەکارەکە دەترسێت. کەواتە پیاوی زولو لە مردن دەترسێت، سەرەڕای ڕووخسار و ئەو جەستە بەهێزەی کە هەیەتی. دەبێت لە ڕۆژگارێکدا هندییەکان بۆیان دەربکەوێت

هیچ پاساوێک نییه که ٣٠٠ ملیون پیاو له سەد هەزار ئینگلیز بترسن. ئێمه لەلای خۆمانەوه میهرەبانی دەربخەین واته خودی هێزەکانمان بەتەواوەتی بخەینه گەڕ، ئەمەش ڕێگه نادات بە سەرکردەیلێک وەک "دایر" یان "فرانک جونسۆن" ڕووبەڕووبوونەوەکان دژ به هندییەکان تازه بکەنەوه. له ئێستەدا گرینگ نییه قەناعەت به هەموو هاوولاتییانم بهێنم.

ئینگلیز ئێمەیان له ملکەچبوون و زەلیلی تێر کرد، هەتاوەکو وای لێ هات ئاسایی بێت هەست به ڕق و کینه بکەین و، بۆ تۆڵەکردنەوه هەڵبقۆزینەوه. دەبێت دووبارەی بکەمەوه ئەگەر هند دەست هەڵبگرێت له مافی تۆڵەکردنەوه زۆر زیاتر بەدەست دێنێت. باشتره ئێمه ئەو کاره بکەین بۆ گەیاندنی پەیامی ڕزگاری بۆ دنیا. من خاوەن تێڕوانینێک نیم. خۆم به نموونەیی دەزانم که خاوەن هەستێکی پراکتیکی بم. ئاینی ناتوندوتیژی تەنیا بۆ پیاوانی ئاین و داناکان قۆرخ نەکراوه. بەڵکو بۆ هەموو خەڵکه. ناتوندوتیژی یاسای ڕەگەزی خۆمانه، بەو ئەندازەیه که توندوتیژی یاسای ئاژەڵانه. لەلای مرۆڤی توندوتیژ، عەقڵ له دۆخێکی بێ ئاگاییدایه: بۆیه دەبینیت جگه له یاسای هێزی مادی شارەزای یاسایەکی تر نییه.

کەرامەتی مرۆڤ داخوازه بەملکەچبوون به یاسایەکی بالاتر و، کار بکات بۆ پراکتیکزەکردنی هێزی ڕۆح.

هەوڵم دا سەروەری بۆ نەرێتی قوربانیدان به خود بگەڕێنمەوه له هند، چونکه ساتیاگراها و پێڕەوکەرانی، هاریکارینەکردنی بەرگریی ئاشتییانه و تەنیا چەند وشەیەکی نوێن بۆ ئایدیاکانی ئازار و نکۆڵی کردن له خود: به هەرحاڵ ئەو دانایانەی که ناتوندوتیژییان دۆزییەوه له ناوەندی توندوتیژیدا له نیوتن بلیمەتتر بوون. بگره مەزنتر بوون له جەنگاوەره مەزنەکان به وێلنگتۆنیشەوه. کاتێک خۆیان فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەکەکان کرد، ئەو کات زانییان تا چ ڕادەیەک پەنابردن بۆ به کارهێنانی چەک چەند بێ

سـووده و مـاندووكـەرە و ڕزگـاربوونى دنيـا هـەرگيـز لە توندوتيـژى بەدەست نايەت بەڵكو لە ڕێگەى ناتوندوتيژييەوە.

ناتوندوتيـژى بۆ ئـەوەى كاريگەر بێت پێويستـى بە ئيـرادەيـەكى پتـەو هـەيە كـە ئازارەكـان قـبـووڵ بكات. ئەمـە پێـوەنديى بە ملكەچبـوون بـە ئيـرادەى ستـەمكارەوە نييـە. بە پێچـەوانەوە ناتوندوتيـژى داوا لە پێڕەوانى دەكات لە ڕووى هـەمـوو خـراپەكـاريـيـەكـانى ئەم سـتـەمكارە بوەسـتن. تەنانـەت تا ئەو ڕادەيەى ئـەگـەر يـەك كـەس ڕێزى لـەم بنەوايـە گـرت، دەتـوانێت بـە تەنيـا بەرهـەڵستيى هـەموو دەسـەڵاتى ئيمبراتۆرييەتێك بكات كە لەسەر ستەمكارى دروست بووە. بەمەش پارێزگارى لە كەرامەت و دين و ڕۆحى خۆى دەكات و، دەگاتە تێكدانى بنەواكـانى ئەم ئيـمـپـراتۆرييـەتە يان كـار لەسـەر ژيانەوەى دەكات بە بەرزترين شێواز.

من ناپاڕێمـەوە بۆ هند لەكاتى لاوازيدا پـەنا بۆ ئاهيـمسـا ببات. كـاتێك دەمـەوێت ئەمـە بكات كـە بە تەواوەتى درك بـە هێز و تـوانى خـۆى بكات. بە هـەرحـاڵ ئەمەش پێويست ناكات مرۆڤ دەست بە ڕاهێنانى سـەربازى بكات بۆ باوەڕهێنان بەهێز و توانى خۆى لەبەرئەوەى تا ئێستە لە نرخى بەهاكانى خـۆمـان كـەم دەكەينـەوە، وا دەكات گومـان بكەين كـە ئەو ئامـادە سـەربازييـە پێـويسـتـە. دەمـەوێت وڵاتەكـەم بزانێت كـە خـاوەن ڕۆحـێكە لە ناوناچێت و، دەتوانێت سـەربكەوێت بەسـەر هـەمـوو بەربەسـتـێكدا، هـەتاوەكـو زاڵ بێت بە سـەر هـەمـوو شـێـوەكـانى سـەركـوتينـەوە كـە پشت بـە هێـزە مـاديـيـەكـان دەبەسـتـێت، بـەڵام ئەگـەر هند ڕێبـازى شـمـشـێـرى هـەڵبـژارد، ڕەنگە سـەركـەوتنێكى كـاتى بەدەست بێنێت. بەڵام شـانازييـەك بـەم وڵاتە ناكـەم، لەتـەك ئەوەشـدا من زەمـاوەندى بۆ دەگـێـڕم، چونكە لە هـەمـوو شـتـێكدا قـەردارى ئەوم، دەبينـى هـەمـوو جـەسـتـەم بە هندەوە پێـوەسـتـە، چونكە لە هـەمـوو شـتـێكدا چاكەى بە سـەرمـدا هـەيە. بە دڵنيـاييـيەوە بـاوەڕم وايە كە

پەیامێکی هەیە دەبێت جێبەجێ بکرێت. لاساییەکی کوێرانەی ئەوروپاش ناکاتەوە. ڕاستییەکەی دەبێژم هند ئەمڕۆ بە ویستی خۆی ڕێبازی توندوتیژی قبوولْ دەکات. ئێستە کاتی دادوەری کردنم هاتووە. ئاینەکەم سنووری جوگرافی ناناسێتەوە و سنووری خۆشەویستیم بۆ هند دەبەزێنی. ژیانم تەرخان کردووە بۆ خزمەتی هند، لە ڕێگەی ئاینی ناتوندوتیژییەوە ئەمەش ڕەگی بنچینەیی هندۆسییە.

هاوڕێیەکانم لە ئەمەریکا ئەو بیرۆکەیان پێم گەیاند، کە مووشەکێکی ناوکەیی بەکار دەهێنرێت بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی ئاهیمسا کە باشترە لە ئامرازێکی دی. دەشێ وابێت، بەو ئەندازەیەی کە مرۆڤ بە دوور دەخات لە توندوتیژی بەڵام هێشتان زاڵەترۆقە لەو هێزە مەزنەی کە ئەم چەکە هەیەتی لە وێرانکردن. ئەمەش بە تەواوەتی لەو پیاوە دەچێت کە زیادەخۆریی کرد لە خواردنی بە لەزەت هەتا ڕادەی ڕشانەوە، واز دەهێنێت بەڵام هەر کە نیشانەکانی ڕشانەوە دیار نەمێنێت بە پەرۆشی دەگەڕێتەوە سەر خواردن. هەر بەم شێوازەش، دنیا بە پەرۆشییەوە دەگەڕێتەوە سەر توندوتیژی کە کاریگەریی ترسەکە نەمێنێت.

هەندێ جار چاکە لەناو خراپەدا سەر هەڵدەدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حیکەمەتی خواوەند نەک مرۆڤ. مرۆڤ دەبێت درک بکات کە خراپە تەنیا خراپە دێنێت. هەر وەکو چۆن چاکە، لەلای خۆیەوە، تەنیا چاکە دێنێت...ئەو پەندە لە تراجیدیای بۆمبای ناوکەیی دەبێت وەربگرین کە ئەوەیە ئێمە لە هەڕەشەی بۆمبای دیکەی، وێرانکارتر دەرباز نابین. هەرگیز توندوتیژی بە توندوتیژی لەناو ناچێت. لە کۆتاییدا، مرۆڤایەتی بە ناتوندوتیژی نەبێت ناتوانێت دوور بێت لە توندوتیژی. تەنیا بە خۆشەویستی هەرەس بە ڕق و کینە دێنین. بەڵام مرۆڤ وەڵامی ڕق بە ڕق بداتەوە، ئەمە تەنیا کاریگەرییەکەی زیاتر و قووڵتر دەکات من بەتەواوەتی ئاگەداری ئەوەم کە

لێرەدا دەیڵێم پێشـتریش و زۆر جاریش ئاشکرام کردووە و، بە باشـترین شـێوە هـەوڵی جێبـەجێکردنیم داوە بە شـێـوەیەکی پراکتیکی. ئەوەشی کە گوتوومە بابەتێکی نوێی لە خۆ ناگرێت، بەڵکو لە دنیا کۆنترە.

ئەوەی من بانگەوازی بۆ دەکەم پشت بە کتێبێکی ئامادەکراو نابەستێت، بەڵکو لـە ناخـمـەوە سـەرچاوەی گرتووە. شـەست سـاڵ لە پراکتیکزەکردنی بوارە هـەرە جـیـاوازەکـانـی ژیان، سـەرەڕای ئەو پەندانەی کـە لـە ئەزمـوونی برادەرانمـەوە وەرم گـرتووە، لـە ناخــمــدا ئەم باوەڕەی پتــەوتر کــرد. ئەم حەقیقـەتە بنەوای هـەموو شتێکە، ئەو چاکەیەی بۆ دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بە تەنیـا بتـوانێت بەرهـەڵسـتی بکات، بە بێ چاو ترۆکاندن. من هاوڕام لەگەڵ مـاکس مۆلـەر کـە ئێـژێت، مـادام نەگـەیشـتین بە قـایلکردنی هـەمـوو خـەڵک پێویستە حەقیقەتەکان دووبارە بینەوە.

ئەگەر دوا هـەڵبژاردنی هند توندوتیـژی بێت و، منیش هیشتان بەردەوام بم لە ژیان، بەلامەوە گرینگ نابێت لە ولاتێکی دی جگە لە لە هند بژیم. ناشبێتە جـیگەی شــانازییم، چونکە هـەسـتی نیـشــتـمـانپـەروەرێتـیم پێـوەسـتـە بە ئاینـەکـەمـەوە. من بە هـندەوە لکاوم وەک سـاوایەک کـە بە سنگی دایکیـەوە دەنووســێت. چونکە هـەسـت بەوە دەکـەم کـە خـۆراکی پێـویست بـە ڕۆحم دەبەخشێ و، ئەو بارودۆخـەی تیا دەدۆزمـەوە کە وەڵامی باڵاترین ئاواتەکانم دادەتەوە. ئەگەر بنەوای ئەم خۆشـەویسـتییـە لـە ڕووخـاندن نێزیک بوویەوە، هەسـتێک دام دەگـرێت لە هـەسـتی هـەتیـوێک دەچێت هـەمـوو هـیـوایـەکی لە دەست دابێت کە یەکێک بیگرێتە خۆیەوە.

بەشی چوارەم:

## ئاشتیی ناودەوڵەتی

بێگومان مرۆڤ توانی بەدەستهێنانی بالآبوونی ڕۆحی نییە ئەگەر سوودبەخش نەبێت بە چوار دەورەکەی. من بڕوام بە ئەدفایتا هەیە و، یەکبوونی جەوهەری مرۆڤ لەتەک هەر بوونەوەرێکدا. کەواتە، ئەگەر مرۆڤ تەنیا خۆی هەنگاوێکی هاویشت لە ژیانێکی ڕۆحیدا، هەموو مرۆڤایەتی لەمە سوودمەند دەبێت. بە پێچەوانەوە، هەر پاشەکشەیەک تووشی مرۆڤ بێت. گرەنتیە بۆ ئەوەی هەموو دنیا هەنگاوێک بەرەو دوا بنێت.

کاری من، بە خۆشەویستیی هندییەکان وەک برا کۆتایی پێ نایەت، هەرچەندە من هێشتان بە هەموو هەوڵێکم تێ دەکۆشم. لە پێناو ئازادیی هند زۆربەی کاتەکانم تەرخان کردووە. من لە ڕێگەی ڕزگاربوونی هندەوە هەوڵ دەدەم پێشەوایەتیی هەموو مرۆڤەکان بکەم بۆ ئەوەی یەک کۆمەڵ پێک بێنین، خاوەن پێوەندییەکی برایانە بن.

نیشتمانپەروەرێتیی من هەلآوێردی کەس ناکات. ئامادەیە هەموو دنیا لە ئامێز بگرێت. ئەوەندەی پێم دەکرێت هەموو فۆرمەکانی ئەم نیشتمانپەروەریەتییە، کە لە داماوی و قۆرخکراویی نەتەوەکانی تر، هێز وەردەگرێت، بخەمە لایەک. ئینجا نیشتمانپەروەریەتیم تەواوی ماناکەی لەدەست دەدات ئەگەر بە بەردەوامی لە کۆششدا نەبێت بۆ چاکەی هەموو مرۆڤایەتی، بە بێ ئەوەی کەس وەلابنێت. وەلێ نیشتمانپەروەریەتی بۆ من

واتەگەلێکی هەیە: چونکە هەوڵ دەدەم هەموو ژیان لە ئامێز بگرم، ئەمەش لەڕێگەی ئاینەوە و پاشان، نیشتمانپەروەریەتیمەوە.

ئەوەندە بەس نییە بگەمە ئەو دۆخەی بۆ هەموو مرۆڤێک ببم بە برا، یان هەتاوەکو دەبم بە بەشێکی جیانەکراو لە هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکو ئومێدەوارم لەگەڵ هەر زیندەوەرێکدا ئەم یەکبوونە پێک بهێنم، ئەگەر چی کرمێکی زەویش بێت، ئەگەر تووشی شۆکتان نەکەم، من سوورم لە بەدیهێنانی ئەم یەکبوونە لەگەڵ ئەو زیندەوارانەی زەوی دەتەننەوە، چونکە ئێمە بانگەشە دەکەین کە هەموومان لەیەک خواوەندەوە سەرچاوەمان گرتووە، ئا لەم دۆخەدا، ڕووخساری دەرکەوتنی هەر جۆرە ژیانێک، هەر چۆنێک بێت، جەوهەری دەبێت هەر یەکێک بێت.

ئەستەمە مرۆڤ ئینتەرناسیۆنالیست (ناونەتەوەیی) بێت و نەتەوەپەروەر نەبێت، چونکە ناونەتەوەییبوون وەک واقعێک نیشتمانپەروەریەتی دەسەپێنێت. بە واتەیەکی دی، پێویستە ئەو نەتەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی جیاواز، ڕێکخراو بن و بتوانن بە ڕێکخستنییەکی تەواوەوە وەک یەک کەس کار بکەن. خراپەیەک لە نیشتمانپەروەریەتیدا نییە، بەڵکو لە کورتبینین و خۆپەرستیدایە و، ئەم عەقڵییەتە سنووردارە، بووەتە هۆی کارەساتی نەتەوەکانی ئەم سەردەمە. دەبینیت هەر نەتەوەیەک دەیەوێت لەسەر حسابی ئەوەی دی گەشە بکات و لەسەر خاپوورکردنی ئەوەکەی تر هەڵبستێتەوە.

من خزمەتکارێکی خاکیم بۆ هند و هەوڵ دەدەم خزمەتی هند بکەم و خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی بکەم... پاش بەسەرچوونی پەنجا ساڵ لە تەمەنم دەتوانم بێژم هەنووکە زیاتر لەو بڕوایەدام هیچ دژییەک نییە لەنێوان ئەوەی مرۆڤ خزمەتی نەتەوەکەی یان هەموو مرۆڤایەتی بکا، ئەم ڕێبازە ئەرێیەتیی خۆی هەیە چونکە بە ئاسانی لای هەمووان قبووڵی کرانەوە دەکات بەسەر

هەموو دنیادا و سنوورێک بۆ ئەم ئیرەییە دابنرێت کە لەنێوان نەتەوەکانی ئەم هەسارەیەدا هەیە.

ساناترین ڕێگە ئەوەیە مرۆڤ هاوڕێ بەدەست بینێت و، بە ئەندامێکی خێزانی خۆی دابنێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ جیاوازییەک لەنێوان شوێنکەوتووانی ئاینزاکەی خۆی و ئەندامانی ئاینێکی دیکە بکات بۆ ئەوەی ئاینزاکەی خۆی پێڕەو بکات و ڕێگەکانی ڕق و کینە بکاتەوە و نکۆڵی لە ئاینی بەرامبەرەکەی بکات، ئەمە نموونەیەکی خراپە.

من لە پیناو ئازادیی هنددا دەژیم و، ئاواتەخوازم لە پیناویدا بمرم. هەر ئەمەش خواستی حەقیقەتە، چونکە هندێکی ئازاد دەتوانێ خوای حەق بپەرستێت. من لە ئەوپەڕی کۆششدام بۆ ئازادیی هند، چونکە "سوادیشی" تایبەتم بە بەردەوامی پێی دەوتم لەبەرئەوەی لە هند لە دایکبووم و میراتگری ڕۆشنبیرییەکەیم ئەوە قەدەری منە خزمەتی بکەم و مافی خزمەتگوزارییەکانی منی هەیە. وەلێ نیشتمانپەروەریەتیم هەلاویردن ناناسێ چونکە مەبەستی ئازاردانی نەتەوەکانی دی نییە، بەڵکو قازانجی ئەم گەلانەی لا مەبەستە. ئەوەی من دەیبینم، لە هیچ هەلومەرجێکدا ئازادی نابێتە هەڕەشە بۆ سەر خەڵکانی دی.

ئێمە لە هەموو وڵاتان ئازادیمان دەوێ، بە مەرجێک گەلانی دی دووچاری خراپە نەکەین، لە هیچ شتێکدا قۆرخ کردن نەبێت و بەهیچ شێوەیەکیش ڕیسوای نەکەین. من ئازادیی هندم ناوێ کاتێک ببێتە هۆیەک بۆ ڕووخاندنی ئینگلترا یان لەناوبردنی ئینگلیز، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەز دەکەم ئازادبوونی هند ڕێگە بدات بە دەوڵەتانی تر لە ئازادیی هند سوود وەربگرن و هند بتوانێت بە داهاتەکانی مرۆڤایەتی بە باشترین شێواز سوودمەند بێت. دروشمی نیشتمانپەروەریەتی ئەمرۆ فێرمان دەکات لە کاتی پێویستدا دەبێت مرۆڤ لە پێناو خێزان و، خێزانیش لە پێناو شار و، شاریش لە پێناو

یەکـەیەک و، یەکـەش لە پێناو مـیـرنشین و، مـیـرنشـینیش لە پێناو وڵات و، وڵاتیش لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بمرێت.

بە ناوی ئەو خۆشـەویستییەم بۆ وڵاتەکەم و ئەو هزرە نیشتمانییـەم کە بۆ خـۆمم دارشـتووە لـە خـۆم ڕادەبینم ڕازی بم بە مـەرگی وڵاتەکـەم، ئەگـەر ئەم قـــوربانیکردنە ڕێگە ببـــەخـــشـــێت کـــە مـــرۆڤـــایەتی بژی، چـونکە ئەو نیـشـتـمانپـەروەریەتیـەی کە شـانازیی پێـوە دەکـەین ڕێگە بە بچـووکـترین ڕەگەزپەرستی نادا.

ئەگەر بمانـەوێت خـزمـەتی ئەو دراوسـێـیانە بکەین کە لـە ئەوبەری سنوور نیـشـتـەجـێن، هـیچ بەربەسـتـێک بـۆ ئەوە نیـیـە، چونکە هـەرگـیـز خـواوەند سنووری دانەناوە. بەڵکو ئەوە دەوڵەتەکانە وێنای دەکەن.

ئامـانجـێکم هـەیە ئەویش هاوڕێیـەتیی هەمـوو دنیـا بە دەست بینـم، وەلێ خۆشەویستیی مەزنم بۆ جیـهان ڕێگەم لێ ناگرێت بەرهـەڵستیی هـەر کارێکی ستەمکارانە بکەم.

بە لای من، نیـشـتـمـانپـەروەریەتی هاوئاهـەنگە لـەگـەڵ مـرۆڤـایەتیـدا. من نیـشـتـمـانپـەروەرم لەبەرئـەوەی مرۆڤم و مـرۆڤـدۆسـتم لە هـەمـان کـاتدا ئەم هـەستەش گریمانەی وەلاخستن قبووڵ ناکات. ناکرێ تەنیا بۆ خزمەتی هند، زیان بگەیەنین بـە ئینگلتـەرا یان دەسـتدرێژی بکەینـە سـەر ئـەڵمـانیـا، چونکە ئیـمـپـریالییـەت لە پرۆژەکـانمدا جێگـەی نییـە. هـاوکـارێکردنی ئێـمـە دژ بە ئینگلیز یان ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ڕکابەریی ئەو سیستمە دەکەین کە ئینگلیز سـەپاندوویانە و بـەرهـەڵستی شـارسـتـانییـەتێکی مـەتریاڵیزمی دەبینەوە کـە هـانی چاوچنۆکی و قـۆرخکردنی لاوازەکـان دەدات. ئەم هـاوکـارینەکـردنە وا دەکات ئێـمـە لە ناو خـۆمـاندا گـۆشـەگـیـر بین. هـاوکـارینەکردنەمـان لەگەڵ ئینگلیـز بـەو مەرجانـەی ئەوان دایانڕشـتبوو ڕەت دەکـەینەوە و ئێژین: وەرن هـاوکـاریمان بکـەن بە پێی مـەرجـەکـانـی ئێـمـە، بەمـەش چاکـەیەکی گـەورە بۆ

ئێمە و ئێوە و هەموو دنیا دێتە کایەوە. پێویستە قایل نەبین بە ڕامالینی تەوژم، چونکە کەسێک کە خۆی بخنکێ کەسێکی تری پێ ڕزگار ناکرێت. وەلێ گەر ئامادەبین کەسانی دیکە ڕزگار بکەین، پێویستە سەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان ڕزگار بکەین. لە ئەنجامدا هەستی نیشتمانپەروەرییەکی هندی کەس وەلاناخات، دوژمنایەتیی تێدا نییە، مەبەستی کاولکردنی هیچ شتێکی نییە. بەڵکو تێ دەکۆشێت بۆ زیندووکردنەوەی هەر شتێک بەردەستی بکەوێت، ئەمەش هەستێکی ئاینییە بە واتەیەکی مرۆڤانە. پێویستە هند فێری ژیان بێت پێش ئەوەی بڕوانێتە مردن لە پێناو مرۆڤایەتیدا.

من ناخوازم ئینگلتەرا دووچاری داڕووخان و ڕیسوایی بێت. بۆ نموونە، ئازار دەچێژم کاتێک ئاگەدار دەبم کاتدرائیەی بەرێز پۆڵس تووشی زیان بووە، هەروەها گەر هەواڵی پەرستگەی کاشی فیشفانات یان مزگەوتی جومام پێ بگات کە دووچاری ئازار و زیان بوونەتەوە هەمان پەرچەکردارم دەبێت. لەو کاتەدا ئامادەم قوربانی بدەم و بەرگری بکەم لە پەرستگەی کاشی فیشفانات و مزگەوتی جوما هەتا دەگاتە کاتدرائیەی بەرێز پۆڵس. بەلام هەرگیز بە بیرمدا نایەت لە کەسێکی دی داوا بکەم خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو جێگەکانی پەرستن. جەوهەری ناکۆکییەکانی من لەگەڵ گەلی ئینگلیزدا لێرەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز بەرانبەر ئینگلیز سۆزی خۆمم نەشاردووەتەوە. بەلام ئینگلیز، یان ئەندامانی کونگرە یان هەرکەسێک کە گوێی لێمە بە هەڵە لە واتەی سۆزی من تێ نەگات. چونکە ئەو سۆزەی من، لە خۆشەویستیەک بۆ گەلی ئینگلیز سەرچاوەی نەگرتووە. یان ڕقم لە گەلێ ئەڵمانی بێتەوە، گومانم نییە لەوەی ئەلمان گەلێک بن لە ئینگلیز خراپتر یان لە ئیتالییەکان باشتر بن. هەر هەموومان لەیەک قوڕ دروست کراوین، لەبەرئەوەی هەر هەموومان ئەندامین لەم خێزانە فرەوانەی مرۆڤایەتی. بۆیە

ڕازی نابم بچووکترین جیاوازی له نیوانیاندا بکەم، ناتوانم لەمە باشتر بۆ هندییەکان داوا بکەم. هەموومان خاوەن هەمان چاکە و خراپەین. مرۆڤایەتی دابەش نەکراوەتە سەر چەند پۆلێکی لەیەک دابڕاو و بەربەست بێت لە بەردەم پەڕینەوەی پۆلێک بۆ پۆلێکی دی. هەرگیز ئەوەش ناڵێم کە وڵاتێکی تر نییە جگە لە هند شایستەتر بێت، ئەوانەی کە لە جیهاندا هەیە باشتر وایە لە ناو بچێت ئەمە پەیامی من نییە، پێویستە هند بەشێک بێت لە گەلانی ئەم جیهانە و جیا نەکرێتەوە، هەتاوەکو دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی. ناتوانم هندستان و ئازادیی هند بپارێزم، ئەگەر نیازپاکیی خۆم لە میهرەبانی ئاشکرا نەکەم بەرامبەر تێکڕای کۆمەڵی مرۆڤایەتی. نەک تەنیا بەو خێزانە بچووکەی نیشتەجێی ئەم هەسارەیە کە ناوی هندمان لێ ناوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر تۆ هند بەراورد بکەیت بە نەتەوەیەکی بچووک، دەگەیتە ئەنجامێک کە هند بڕێک فرەوانترە، بەڵام هند چێ دەبێت گەر لەگەڵ ئەم جیهانە فرەوانە یان لەگەڵ ئەم گەردوونە بەراورد بکرێت؟

مرۆڤ باوەڕ ناکات کە ئاشتییەکی بەردەوام هەبێت، بە هۆی گومانکردنی سروشتیی مرۆڤایەتی لە سروشتی خواوەندەکان. بە هەرحاڵ ئەو شێوازانەی هەتا ئێستە بەکارهێنراوە شکستیان خواردووە، چونکە پێڕەوکەرانیان لە ناخی خۆیاندا هەندێک گومانیان هەبووە، ئەم شکستەش بەبێ مەبەست ڕوو دەدات، شایەنی باسە ئەم ئاشتییە ئەستەم دەبێت ئەگەر سەرجەم مەرجەکانی ڕەچاو نەکرێت. ئەم کارەش دەشوبهێنم بەوەی کە نەهێڵین ئاویتەبوونەکی کیمیایی ڕوو بدات، چونکە ئەو کەسانەی کردارەکە ئەنجام دەدەن ناچنە ژێر باری ئەم جۆرە کردارانە. بەم حاڵە ئاشتییەکی بەردەوام بە دەست نایەت مەگەر لە ڕۆژگارێکدا لێپرسراوەکان کە درکێکی تەواو بەو واقیعە بکەن، واز لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کاولکردن بهێنن کە لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە. ڕەنگە ئێمە نەتوانین بگەینە ئەم ئامانجە مەگەر

هێزە گەورەکان دەستبەرداری پرۆژە ئیمپریالستەکانی خویان بن. هەر بۆیە پێویستە نەتەوە گەورەکان کێبەرکێیەکانیان بوەستێن کە ئێمە شەکەت و ماندوو دەکات و، چاو نەبڕنە زیادکردنی داواکارییەکانیان. ئەمەش دەبێت لە سەرەتادا ئەم نەتەوانە بڕیار بدەن بە ڕەتکردنەوەی زیادکردنی مۆڵکە مەتریاڵییەکانیان.

من دوودڵ نیم کە جەخت بکەمەوە ڕێبازی ناتوندوتیژی لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا دروستە، بەتەواوەتی درک دەکەم کە بابەتێکی ئێجگار هەستیار دەورووژێنم، بە تایبەت هێشتان ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم لەبەر چاوامـاندا ماون. وەلێ من پێوەستم بەوەی لە بانگەهێشتەکەمدا ڕوون بم و هیچ تەمومژمێکی تێدا نەهێڵم. شەڕەکە وەک ئاشکرایە لای من، شەڕی داگیرکردن و فرەوانخوازی بوو، ئامانجی دابەشکردنی دەستکەوتەکان کە لە قۆرخکردنی ڕەگەزە هەرە لاوازەکان بەدەست هات، بە دەستەواژەیەکی دی ناوی لێ دەنێین: بازرگانیی جیهانی... ئەگەر بمانەوێت پرۆسەیەکی گشتگیرانەی چەکداماڵین لە ئەوروپا بەدی بێنین پێویست دەکات نەتەوەیەک بوێرێ دەستپێشخەری بکات و خۆی چەک دابماڵێت بە بوێرییەوە هەموو مەترسییەکانی ئەم بڕیارە بگرێتە ئەستۆ. گەر ئەم ڕووداوە دڵخۆشکەرە ڕووی دا ئەوە ئەم گەلە گەیشتووەتە پلەیەکی باڵا لە ناتوندوتیژی، بە شێوەیەک ڕێزی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت.

ئەوەی کە لێرەدا دووپات دەکرێتەوە، ئەگەر کێبەرکێی خۆ پڕچەککردن بەردەوام بێت من هیچ دەروازەیەکی دی بۆ دەرچوون لەمە نابینم جگەلە قەسابخانەیەک کە لە مێژوودا نموونەی نەبووبێ. بەڵام ئەگەر گەلێک بەو شێوازە سەرکەوت وەک ئاماژەم پێ کردووە، ئەم سەرکەوتنە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی مەرگی خۆی ببینێت کەچی هێشتا زیندووە. تاکە ئامرازێک بۆ

ئەوەی نەهـێڵین خـوێنـڕشتن ڕوو بدات، ئەوەیە گـەلان بوێرانـە ڕازی بن و بێ سـڵکردنـەوە ڕێبـازی ناتوندوتیـژی بگرنە بەر. لەگـەڵ ئەو شکۆمـەندییـەی کـە بەدەستی دێنین.

ئەگەر چاوچنۆکی نەبووایە، هیچ بیانوویەکیش نەدەبوو بۆ خۆ پڕچەککردن لە بەرامـبـەردا پـرنسـیـپی ناتونـدوتیـژی پێـویست دەکـات هـەر فـۆرمـێک لە فۆرمەکانی قۆرخکردن قەدەخە بکات.

هـەر کە عەقڵییەتی قۆرخکردن نەمێنێت کێشـی ئەم چەکانە گەورەتر دەبێت لەوەی کـە بتـوانین لە ئەسـتـۆی بـگرین. ڕاسـتـیت دەوێت دامـاڵینـی چەک بە شـێـوەیـەکی باش بـە ئەنجـام نایەت هـەتـاوەکـو نـەتەوەکـانی سـەر زەوی لە قۆرخکردنی یەکتر بەردەوام بن.

ئارەزووی ژیانم نابێت لەم جیـهـانەدا ئەگـەر نەتوانرێت ببێت بە یەکـەیەکی تەواو.

بەشی پێنجەم

## مرۆڤ و ئامێر

دەبێت دان بنێم بەوەدا کە من لەنێوان ئابووری و ئاکاردا هیچ سنوورێک بەدی ناکەم. چونکە هەموو سیستەمێکی ئابووری دژ بە پەرەسەندنی ڕەوشتی تاکە، یان تەگەرەیەک بێت دژ بە بالاَیی گەلێک، تەنیا نکۆڵی لە ڕەوشت دەکات و هیچی دی، پاشان هاندانێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان. ئەمەش کاری هەر سیستمێکی ئابوورییە کە ڕێگە بە خۆی بدات هەڵکوتێتە سەر وڵاتێکی دی و بیکات بە نێچیر.

باڵاترین ئامانج کە پێویستە درکی پێ بکرێت هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ ئەمەش بە هاندان بۆ پێگەیشتنی تەواوی زیهنی و مۆراڵی (ڕەوشت). لێرەدا مۆراڵ بەکار دەهێنم وەک هاوواتەیەک بۆ رۆحانییەت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە دەسەڵاتی نامەرکەزییەت (ناوەند) پێڕەو بکرێت، چونکە مەرکەزییەتی دام و دەزگەکان سیستمێکە پێچەوانەی پێکهاتەی ناتوندوتیژی کۆمەڵایەتی.

حەزدەکەم بە قەناعەتێکی تەواوەوە ڕوونی بکەمەوە شەیدابوونی حەزی بەرپرسەکانی وەبەرهێنان لە دروستکردنی کەلوپەلێکی زۆر بە برێکی بێشومار بووەتە هۆی ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە ئەمڕۆ دنیا پێیاندا تێ دەپەڕێت. با بۆ ساتێک وای دابنێین ئامێر دەتوانێت هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی دابین بکات. لەو کاتەدا بەرهەمهێنان لەسەر

ئەم ئەستێرەیە لە خاڵێکی دیاریکراودا چەق دەبەستێت، هەتاوەکو لە چوارچێوەکەی فرەوانتر بێت، پێویستی بە تۆڕێکی دابەشکردنی فرەوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت کە لە بنەڕەتدا ئامادە کراوە بۆ جێبەجێکردنی پیداویستییەکانی بەکارهێن. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەر ناوچەیەک تەنیا پێداویستییەکانی خۆی بەرهەم هێنا مەسەلەی دابەشکردن لە خۆیەوە چارەسەر دەبێت.

ئا لەم حاڵەتەدا دژوارە مرۆڤ فێڵ بکات و ئەستەمیشە جامبازیی بۆ بکرێت. فرە بەرهەمی حساب بۆ پیداویستیە ڕاستەقینەکانی بەکارهێن ناکات. ئەگەر لە شێوازی ئەم بەرهەمهێنانە چاکەیەک بەدی بکرایە وا پێویستی دەکرد کاریگەریەکی بێ سنووری هەبێت. دەتوانین بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕوونی بکەینەوە بەرهەمی فرە سنوورییەکی لە ناوەخۆی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر هاتوو هەموو وڵاتان ئەم جۆرە بەرهەمە پێڕەو بکەن، هیچ بازاڕێک هەرچەندە فرەوانیش بێت نامێنێت کە زامنی خەرجکردنی بەرهەمی ئەم وڵاتانە بکات. لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی پێڕەوی ئەم سیستمە دەکەن ناچار دەبن فرە بەرهەمی بوەستێنن.

بە ڕای من، ئەم جۆرە پێشەسازییە لەهەموو بارودۆخێکدا و بۆ هەر وڵاتێک پێویست نییە سەبارەت بە هندیش هەمان شتە. لە ڕاستیدا باوەڕم وایە هندی سەربەخۆ ناتوانێت بەرامبەر بە ناڵەی دنیا پێوەست بە ئەرکەکانی بێت مەگەر شێوازی ژیانێکی ساکارانە پێڕەو بکات، بەڵام شایستەی مرۆڤ بێت. هەر بۆیە وای دەبینم ئەوەندە بەسە بارودۆخی هەزاران کوخ لە ناو وڵاتدا باش بکرێت و خەڵک بە ئاشتییانە بژی.

دەبێت چ هۆیەک هەبێت بۆ ئەم شپرزەییەی کە ئێستە دەیبینیت؟ ئەوە قۆرخکارییە، ناڵێم قۆرخکردنی گەلانی بە هێز بۆ گەلانی لاواز، بەڵکو قۆرخکردنی گەلانی برا بۆ یەکدی، لەم بارەوە، بەرهەڵستیکردنم بۆ

بەکارهێنانی ئامێر پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت کە ڕێگەیەکە بۆ ئەم قۆرخکردنە.

ئەگەر توانستم هەبووایە دەست بە جێ سیستمی ئێستەمان لە ناو دەبرد و بە شێوەیەک هەڵسوکەوتم دەکرد کە سوودی لە زیاترین چەکی کوشندە وەربگرتایە بۆ ئەوەی ئەم ڕیژیمە لەناو بدەم. بەڵام نا! چونکە پەنابردن بۆ ئەم جۆرە چەکە دەبێتە مایەی مانەوەی ڕیژیمەکە هەتاوەکو بەکارهێنەرەکانی سەرکەوتوو دەبن بۆ لە ناوبردنی ئەو کەسەی گوزەری خستنە کاری دەکات. ئەو کەسانەی هەوڵ دەدن بۆ لە ناوبردنی شێوازەکان، کە پشتیان پێ بەستووە، لە ئەنجامدا بۆیان ئاشکرا دەبێت کە شێوازەکان بزر دەبن بە بزربوونی بەڵێندەرەکان و دەرەنجام خۆیان لەو کەسانەی کە دەیانویست لە ناویان بدەن خراپتر دەبن. ئەوان بە گەمژەیی خۆیان دەردەخەن بۆ ئەو جێگەیەی کە خراپە تیایدا ڕەگی داکوتاوە.

ئامێر ڕۆڵێکی هەیە کە بیکات. پێویستیشە ئەم ڕۆڵەی بۆ بەجێ بێڵین بەڵام بەو مانایە نا کە کار لە مرۆڤ وەربگرێت کە ئەو کارە هۆی بژێوییەتی. کارێکی باشە پەرە بە گاسن بدرێت. بەڵام با وای دابنێین ڕۆژگارێک ئامێرێک دادەهێنرێت تەنیا یەک پیاو دەتوانێت هەموو زەوییە کشتوکاڵییەکانی هند جووت بکات تا ڕادەیەک دەکرێت دەست بەسەر هەموو بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وڵاتدا بگیرێت بەم شێوازەش ملیۆنان پیاو بە بێ کار دەمێننەوە و ناتوانن کارێکی دی بدۆزنەوە و لە پرساندا دەمرن، بەڵام بە زوویی لە کاتێکی وادا بێکاری دەیانبات بەرەو نغرۆبوون و گەمژەییەکی تەواو. هەر وەک حاڵی زۆرینە ئەمە مەترسییەکە هەموو کات ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ژمارەگەلێک لە خەڵک بەرەو ئەم دۆخە دەکشێنەوە و شایستەی بەزەیین.

بە دڵێکی فرەوانەوە هەر چاککردنێک بگاتە کارگە پیشەییەکانمان قبووڵی

دەکەم و لەو قەناعەتەدام تاوانە خەڵک بەرەو بێکاری ئاراستە بکەین تەنیا لەبەرئەوەی ئامێرەکانی ڕستن بهێنینە ناو کارەوە. مەگەر بەزوویی کارێکی دی بۆ ملیۆنان جووتیار دابین بکەین.

ڕەخنەم لە ئامێرەکە خۆی نییە، بەڵکو ئەو خوێن گەرمییەی کە ناخ دەورووژێنێت هەرچەندە کەسانێک ویستیان پاساوێک بۆ ئەو خوێن گەرمییە شێتانەیە بهێننەوە بەوەی کە ئەم ئامێرە کەمتر کاری دەستی پێویستە ئەمەش لە چوار چێوەیەکی فرەواندا ئەنجام دەدرێت. بە شێوەیەک هەزاران کەس کارەکانیان لە کیس دەچێت بۆیە لە ناخی زەویدا خۆیان دەبیننەوە و هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی لە برسا بمرن.

ئاواتەخوازم گەر بتوانین کات و کار دابین بکەین نەک تەنیا بۆ بەشێکی مرۆڤایەتی بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. جەخت دەکەمەوە لە کەڵەکە بوونی سامان، بەڵام خێری هەموو خەڵکی تێدا بێت نەک قۆرخ بکرێت بۆ هەندێ کەس. ئەوڕۆکە بە هۆی ئامێر دەبینیت کەسانێکی کەم دادەمەزرێن لەسەر حسابی ملیۆنێکی دی، هەڵبەت هاندەر بۆ ئەم هەموو گۆڕانکارییە، ئەو ئایدیا خراپە نییە کە بانگهێشت بۆ کەمکردنەوەی ڕەنجی کرێکار دەکات، بەڵکو تەنیا چێژ وەرگرتنە لەو قازانجە. کەواتە خۆم لە خەباتکردنێک دەبینمەوە دژ بە زۆرەملێ و قۆرخکردن.

پێش هەموو شتێک کە دەبێت ڕەچاو بکرێت، پێویستە گرینگی بە بۆچوونەکانی مرۆڤ بدرێت پێویستە ئامێر ئەندامەکانی لەشمان سست نەکات، لەبەرامبەردا دەشێ ڕۆڵێکی ئەکتیڤانە بگێڕێت وەک نموونە مەکینەی دوورمانی سینگەر وەربگرین کە ناوازەترین ئەو داهێنانە سوودبەخشانەیە کە تاوەکو ئەمرۆ داهێنراوە. سەرەڕای ئەمەش چیرۆکێکی ڕۆمانسی هەیە لە پشتی داهێنانی ئەم ماشینە. کاکە سینگەر ئازاری دەچەشت هەر کاتێک هاوسەرەکەی دەبینی ڕەنجێکی زەبونانە و ماندووبوون دەکێشی لە

بەرگدووریندا، کە هەموو کارەکانی بە دەست ئەنجام دەدا، بڕیاری دا ماشینێکی بەرگدووری دیزاین بکات کە ئەمڕۆ بە ماشینی سینگەر دەناسرێت. سینگەر ئەم ماشینەی داهێنا تەنیا لە خۆشەویستیی هاوسەرەکەی بوو، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو ماندووبوونە بێسوودە. سینگەر بەمە تەنیا یارمەتیی هاوسەرەکەی نەدا بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی کە ماشینی دوورمانیان کڕی لە دواییدا.

ئومێدەوارم گۆڕانێک لە بارودۆخی کارکردن ڕووبدات، پێویست دەکات ڕادەیەک بۆ ئەم کێبەرکێ هەڵەتە دابنرێت کە تەنیا ئامانجی کۆکردنەوەی سەروەتە. کرێکار دەبێت زامنی بژیوی ڕۆژانەی خۆی بکات بە کرێیەک، هەروەها کارێکی ڕۆژانەشی هەبێت هیچ سیفەتێکی کۆیلایەتیی تێدا نەبێت.

ئەگەر بارودۆخەکە بەم مەرجانە هاتە کایەوە ماشین سوودبەخش دەبێت بۆ مرۆڤ کە کاری پێ دەکات، دەوڵەت و خاوەن ماشینەکەش هاوشانی یەکتر دەبوون. ئا لەو کاتەدا ئەم کێبەرکێیە ڕادەوەستێت و ئەو کرێکارانەی کار دەکەن دەگەنە پێڕەوکردنی ئەو نموونەیەی کە وا دەکات بارودۆخی کار هاندەرانە بێت. ماشینی بەرگدووری یەکێکە لەو نموونانەی تا ئێستە بیری لێ دەکەمەوە کە خۆشەویستی هاندەری داهێنەری ئەم داهێنانە بووە.

تاکە بۆچوونێک کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت خزمەتکردنی مرۆڤە. ڕەنجی کرێکار بپارێزن بە مەرجێک هەوڵدانێکی ئاکارانە و مرۆڤانە بێت لە بری ئەوەی تەنیا بۆ قازانجکردن بێت. کەواتە چاوچنۆکی بگۆڕنەوە بە خۆشەویستی، دەبینن شتگەلێک دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی.

ئامانجی ڕستنی دەستی ئەوە نییە بچێتە کێبەرکێوە لەگەڵ شێوەیەک لە شێوەکانی چالاکیی مرۆڤ و جێگەی بگرێتەوە. پاشان ڕستنی دەست هەرگیز هەوڵ نادات کەسێکی لەش ساخ لەکار بخات. ڕستنی دەست تەنیا بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی کە بەردەوام تاکە ڕێباز بێت کە بتوانێت

چارەسەرێکی ڕاستەوخۆ و شیاوی جێبەجێکردن بێت. بۆ هەر پرسێک لە پرسەکان کە ڕووبەڕووی هند دەبێتەوە. مەبەستم بێکاریی سەپێنراو کە نێزیکەی شەش مانگ لە ساڵەکەدا بەسەر زۆرینەی زۆری گەلی هند جێبەجێ دەکرێت.

هەرگیز بە بیرمدا نەهاتووە ڕاسپاردە بکەم کە خەڵک تەنیا لە پێناو ڕستنی دەست واز لە چالاکییەکی پیشەسازیی دروست و قازانجهێن بهێنن. خەڕەکی ڕستن و چنین[3] بە تەواوەتی پشت بەو واقعە دەبەستێت کە لە هند دەیان ملیۆن لەو کەسانە بە نیوە دەوام کار دەکەن. دان بەوەدا دەنێم گەر بارۆدوخەکە بەم شێوەیە نەبووایە هۆیەک نەدەما بۆ مانەوەی خەڕەکی ڕستن و چنین.

لە ڕاستیدا مرۆڤی برسی لە سەرەتادا هەوڵ دەدات خۆی تێر بکات پێش هەر بیرکردنەوەیەک. هەتاوەکو پەنا دەباتە بەر فرۆشتنی ئازادیی خۆی لە بەرامبەر پاروە نانێک. ئەمە دۆخی ملیۆنان کەسە لە هند. ئازادی، خواوەند، وشەگەلی لەم جۆرە هیچ تەلیسمێک بەسەریانەوە نامێنێت و ئاماژە بۆ هیچ ناکەن. لەبەرئەوەی ڕادەبەدەر گوێیان لێ بوونە، وایان لێ هاتووە تووڕەیان بکات. ئەگەر بمانەوێت هەندێک لە واتەی ئەو ئازادییەی کە لە دەستیان داوە ببەخشین بەو کەسانە پێویستە کاریان بۆ دابین بکەین، بە ئاسانی بتوانن لە کوخە فەرامۆشکراوەکانیان ئەنجامی بدەن بەلایەنی کەمەوە بژین و لە برساندا نەمرن. ئەمەش تەنیا بە مانەوەی خەڕەکی ڕستن

٣. ساڵی ١٩٢٠ گاندی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەی (ڕستن و چنینی دەستی) ئەمەش لە دەسپێکی ئەو جموجووڵانەدا بوو کە تیایدا گاندی شوێنکەوتووانی هان دا تا جلوبەرگەکانیان بە دەستی خۆیان بچنن بە جۆرێک پشت بە قوماشە هاوردەکانی بەریتانیایی نەبەستن. (وەرگێڕ). مهاتما گاندی ئەو شۆڕشگێڕەی کە چەکی دەستی چڵێک زەیتون بوو، عیسام عەبدوفەتەح، وەرگێڕانی شیروان شەریف، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، خانەی وەرگێڕان، ل. ١٣٢

و چنین دەکرێت. هەر کە درکیان بە جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆیان کرد، کە بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن ئەو کات ئێمەش بۆمان دەکرێت باس لە سەروەری، گۆنگرە، هتد.. بکەین. فریادڕەسی ڕاستەقینەیان ئەو کەسانەن کە کاریان پێ دەبەخشن و ئەو ئامرازانەی کە بژیوی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکات.

شارنشینەکان شتێکی کەم دەزانن لە بارەی ئەو جەماوەرە بێشۆمارەی کە لە هند دەژین و نیوەی لە پرساندا دەمرێت، لە کاتێکدا نیوەکەی دی هێدی هێدی لە گەمژەییدا نغرۆ بوونە. ئاخۆ بەڕاستی درک دەکەن ئەو خۆشگوزەرانییە کەمە تەنیا بەخشیشێکە وەری دەگرن بەرامبەر ئەو کارەی کە لە بەرژەوەندی بێگانەی قۆرخکەرە؟

ئایا دەزانن ئەم قازانجە لە کۆمەڵانی خەڵک دەدزرێ و ئەم کۆمەڵە بەردەوام دەکەونە ژێر پێ؟ دەبێت بزانن ئەو حوکمەی کە بە پێی یاسایەک لە هندی بەریتانی بەرپا بووە هۆیەکی مانەوەی نییە بێجگە لە قۆرخکردنی ئەم جەماوەرە.

کەسانێکی زۆر هەوڵیان داوە کە نکۆڵی لەو بارۆدۆخە بێئومێدە بکەن کە لەبەر چاوە، مەبەستم چرووساوەییی جووتیارەکانمانە کە سوقانەکانی لەشیان دیارە. هەرگیز گومانم نییە لەوەی ئەگەر پەروەردگار نیشتەجێی ئاسمان بێت دەبوایە ئینگلتەرا و شارنشینەکانی هند بەرپرس بن لە ئاکامەکانی ئەم تاوانەی دژ بە مرۆڤایەتی دەکرێت و لە مێژوودا وێنەی ئەمە نابینینەوە.

ڕەنگە ببینن ئامادەییەکی تەواوم تێدابێ کەوا پشتگیری بکەم لە بەکارهێنانی ئامێرە نوێیەکان، ئەگەر بتوانین بەم جۆرە سنوورێک بۆ هەژاری و بێکاری لە هند دابنێین. پێشنیازم کرد بەوەی پەنا بەرینە بەر خەرەکی ڕستن و چنین چونکە قەناعەتم وا بوو کە تاکە ئامرازێک بۆ لە

ناوبردنی ئەم قاتییە، لەبەرئەوەی دەتوانێت نزمترین ڕادەی کار و بەرهەم دابین بکات. سەبارەت بە خەرەکی ڕستن و چنین، ماشینەکە بێبەها نییە و بە ئامرازە سادەکانمەوە چەند چاککردنی بەسەر بێنم، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی هند زیاتر شیاو و گونجاو تر بێت.

بە ڕای من ئەگەر گوندەکان لەناو بچن هندیش لەناو دەچێت و لەو ساتەدا هند نابێتە ئەو هندەی کە هەیە و لە ناوەندی دنیا ئەرکی تەواو دەبێت. نوێگەری لە لادێیەکان ناتوانرێت ئەنجام بدرێت تاوەکو ڕۆژێک دابێت واز لە قۆرخکردنی دانیشتووانەکەی بهێنرێت. لە بەرامبەردا و لە چوارچێوەیەکی فرەوان پێویستە پیشەسازی لە هەلومەرجێکی کێبەرکێکەرانەدا ئەنجام بدرێت و بەردەوام بازاڕی نوێی بۆ پەیدا بکرێت. لە ئەنجامدا ئەمەش هەر قۆرخکردنی لادێنشینەکان کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەردەوام دەبێت، کەواتە دەبێت لادێ سەربەخۆ بکەین، بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بەسوود بۆ خۆی بهێنێتە بەرهەم، هەر کاتێک لادێ پیشەکانی خۆی پاراست، هیچ کۆسپێک بۆ بەکارهێنانی ئامێری نوێ لە لایەن دانیشتووانیەوە نامێنێت و ئەو ئامێرانەی دروستی دەکەن و بتوانن بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێنن بەڵام بە ئاگاییەوە بەکاری نەهێنن بۆ قۆرخکردنی کەسانی تر.

بەشی شەشەم:

## هەژاری لە ناوەندی فرەییدا

ستەمکارە ئەو ڕیژیمە ئابوورییەی نکۆڵی لە بەهاکانی ئاکار بکات یان گاڵتەجاریی بەرامبەر بنوێنی. گەر یاسای ناتوندوتیژی بڵاو بکرێتەوە لە بوارەکانی ئابووریدا تەنیا مانای گەڕانەوەیەکی بەجێ بێت بۆ بەهاکانی ئاکار لە پێناو دیاریکردنی بنەواکانی بازرگانیی ناودەوڵەتی.

بە ڕای من هەیکەلی ئابووریی هند، ئینجا جیهانیش، بە شێوازێک بێت تێیدا تاک پێداویستییەکانی خۆی لە خۆراک و جلوبەرگ زامن بکات. بە دەستەواژەیەکی دی، پێویستە هەر تاکێک خاوەنی کارێک بێت بتوانێت لە ڕێگەی ئەم کارەوە پێداویستییەکانی بەدەست بهێنیت. بەڵام ئەم نموونەیە بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت ئەگەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی شمەکە گرینگەکانی ژیان لە ژێر چاودێریی جەماوەردا نەبێت. پێویستە ئەم بژێوانە لە بەردەستی هەمووان‌دا بێت هەتاوەکو بەسەربەستییەکی تەواو ئاڵۆگۆڕیان پێ بکرێت، وەک نموونەیەک و پێویستە هەر وەهاش بێت. وەک ئاو و هەوا کە خودا پێمانی بەخشیوە، چونکە دەبێت ئەم سەروەتە جێگەی بازرگانی پێکردن نەبێت و ببێتە هۆی قۆرخکردنی کەسانی دی. بەڵکو دەبێت هاوار بکەین و بە ڕاشکاوی بە خەڵک بگوترێت ستەمکارییە خێر و خێراتی دنیا لە لایەن تیمێک لە وڵاتان یان گەلێک یان کۆمەڵە کەسێک قۆرخ بکرێت. فەرامۆشکردنی ئەم پرنسیپە بنەڕەتییە هۆی ئەم نەهامەتییەیە کە ئەمڕۆ نەک تەنیا لەم وڵاتە دڵناخۆشانە بەڵکو لە شوێنەکانی دیی جیهاندا

بەشەکانی دەبینین.

کەواتە، بە نسبەت منەوە نموونەیی ئەوەیە سامانەکان بە یەکسانی دابەش بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئێمە هێشتان ئامادە نین بۆ گەیشتن بەم قۆناخە. لەم حاڵەتەدا، هەوڵ دەدەم دووبارە دابەشی بکەمەوە بە لانی کەمەوە دادپەروەرانە بێت.

هەرگیز خۆشەویستی و خاوەنداریێتی ناتوانن لەگەڵ یەکدی بن. لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، کاتێک خۆشەویستی کامڵ دەبێت کە بەتەواوی خاوەنێتی لە ئامادەبووندا نەبێت.

بە مانایەکی دی، با وای دابنێین ئێمە دزین، ئەگەر دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرم و بە شێوەکی ڕاستەوخۆ پێویستم نەبێت بەکاری بهێنم، کەواتە من لە مرۆڤێکی دی دەیدزم. لە سروشت یاسایەکی بنەڕەتی هەیە هیچ جیاوازییەک قبوڵ ناکات: هەموو ڕۆژێک سروشت بە بڕی پێویست پێداویستییەکانمان بەرهەم دێنێت، ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە دەستی نەبرد بۆ زیاد لە پێویستی ڕاستەقینەی خۆی و ڕازی بوو بە بژیوی ڕۆژانەی، لە جیهاندا نەداری نەدەما و مرۆڤێکمان نەدەبینی لە برساندا بمرێت. بەڵام هەتاوەکو ئێمە ئەم نا یەکسانییە بپارێزین، هەر دز دەبین. من سۆشیالیست نیم، هەوڵیش نادەم سامان لە کەسێک بسێنمەوە کە بەدەستی هێناوە. بەڵام من بە ڕاشکاوی ئاشکرای دەکەم بۆ ئەوەی مرۆڤ لە تاریکیدا دڕەوشانەوەی ڕووناکی بەدی بکات دەبێت ئەم بنەوایە پێڕەو بکات.

ئەگەر بمەوێت مرۆڤێک لە ساماندارێتییەکەی ڕووت بکەمەوە، بە شێوازێک کە پێچەوانەی بنەواکانی ئاهیمسا هەڵسوکەوتم دەکرد. گەر کەسێک سامانێکی زیاتری لە من هەبێت، وازی لێ بهێنن. وەلێ سەبارەت بە ڕێساکانی من لە ژیان، ئێژم هەرگیز ئەو بوێرییەم نییە خاوەنێتیی شتێک بکەم کە پێویستم پێی نەبێت.

له هندستانی ئێمەدا سێ ملیۆن کەس هەیە لە ڕۆژێکدا یەک ژەمی خواردنیان دەست دەکەوێت. ئەو ژەمەش "شاباتی"یە بە هندی وای پێ دەبێژن، ئەو ژەمە هیچ چەورییەکی تێ ناکرێت. هەتاوەکو ئێستا سێ ملیۆن مرۆڤ پێویستیان بە خۆراک و جلوبەرگە بۆیە تۆ و هەروەها منیش مافی خاوەنێتیی هیچ شتێکمان نییە. گرینگە بە باشی بزانین چێمان پێویستە، هەتا ئەو ڕادەییە پێویستیی خۆمان لە خۆراک دابین بکەین، بۆ ئەوەی ڕێگە بدەین بە هەموو ئەو هەژارانە بایەخیان پێ بدرێت و تێر خۆراک و هەروەها پۆشتەش بن.

بێگومان یەکسانیی ئابووری کلیلی سەرەکییە بۆ سەربەخۆبوونی ناتوندوتیژی. کە مرۆڤ لە کۆششدا بێت لە پێناو یەکسانیی ئابووریدا، ئەمە بۆ دەستەبەرکردنی نەهێشتنی ئەو ململانێ تاهەتاییەی نێوان سەرمایەدار و کرێکارە. بۆ ئەوەی لەم بارەوە بگەنە ڕێککەوتنێک، پێویستە ئەو سامانەی لە لایەن کەسانێک دەستی بەسەردا گیراوە و هەموو داهاتی گەل لە ژێر چنگیاندایە بە ڕێژەییەکی دادپەروەرانە بیگێڕنەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، ئاستی بژێویی ملیۆنان کەسی برسی کە ڕەنگی مردوویان لێ نیشتوە و هیچیان لەبەر نییە، بەرز بکرێتەوە. ئەستەمە فەرمانڕەواییەکی ناتوندوتیژانە بنیات بنرێت، هەتاوەکو ئەو کەلێنە کە دەوڵەمەندەکان لە ملیۆنان خەڵکی برسی جیا دەکاتەوە مابێتەوە. ئەو جیاوازییە زەقەی کە لە ئارادایە لەنێوان کۆشکەکانی نێودلهی و کوخی چینە هەژارەکان ناتوانێت لە ڕۆژێک زیاتر بەردەوام بێت لە هندێکی سەروەر بەو گوێرەی ئەوەی کە هەژارەکان هەمان دەسەڵاتی دەوڵەمەندەکانیان هەبێت بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتدا. ئا لەم بارۆدۆخەدا ناکرێت پێشبینیی شۆڕشێکی خوێناویی توندوتیژانە نەکەین، مەگەر دەوڵەمەندەکان لە خۆیانەوە ڕازی بن دەستبەرداری سەروەت و دەسەڵاتەکەیان بن، ئەمەش بەوە دەبێت قبووڵی

بکەن کە سەروەتەکەیان دابەش بکرێت بە شێوەیەک هەمووان لێی سوودمەند بن. من سوورم لەسەر دروستیی ئەو بیروباوەڕەم کە وای دەبینم پێویستە خاوەنی موڵک دەستکەوتەکانی دەبێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بخاتە گەڕ. ئەگەرچی گەیشتن بەم ئامانجە سەختە، بەڵام بەجێهێنانی ناتوندوتیژی سەختتر نییە، پێویستە ئێمە هەتاوەکو مرۆڤێک بە بێ کار و خۆراک مابێتەوە لە پشوودان و خواردنی تێر و تەسەل شەرممان بەخۆبێت، لە کاتێکدا بارۆدخێکی شیاو بۆ کارکردن هەبێت.

من ڕقم دەبێتەوە لە هەموو شتێکی تایبەتمەند و قۆرخکراو کە نەتوانرێت لەگەڵ جەماوەردا بەش بکرێت.

خەڵک سەربەستە لەوەی کە گاڵتەجاری بکات کە من دەستم لە هەموو موڵکەکانم هەڵگرتووە، لە کاتێکدا ئەم دەستهەڵگرتنە بە لای منەوە قازانجێکی پۆزەتیڤانەی (ئەرێیانە) هەیە. چەند خۆشحاڵ دەبووم کە کەسانی دی ببینم ڕکابەریم دەکەن لەم بارەوە. ئا لێرەدا وا دەزانم بە بەهاترین گەنجینە لە ژێر دەستی مندایە، هەرچەندە من وەعزی هەژاری دەکەم، بەڵام ڕەنگە دروستتر بێت کاتێک ئێژم من پیاوێکی دەوڵەمەندم.

بیر لەو کارەساتە بکەنەوە کە لە هند سێ سەد ملیۆن کەسی بێکار بوونی هەیە و ملیۆنان کەس بارۆدوخی ڕۆژانەیان لە کشانەوەدایە بەهۆی نەبوونی کارەوە، هەموو ڕێزگرتنێک لە خۆیان و باوەڕبوون بە خودا لە دەست دەدەن. هەتاوەکو پەیامی خودا بۆ سەگێک بە سوودترە لەوەی کە بۆ ملیۆنان کەسی برسی کە تروسکاییەک لە چاوانیاندا نەماوە و لەتە نانێک دەبێتە ئەو خواوەندەی کە چاوەڕوانی دەکەن، دەتوانم پەیامی خودایان پێ ڕابگەیەنم بەو شتەی پیرۆزە لە لایان ئەویش (کار)ە.

بێگومان چێژ وەردەگرین لە قسەکردن لە بارەی خوداوە کاتێک کە لە دەوری خوانێکی پڕ لە خواردنی بە تام ئامادە دەبین و ئامادەبووان

دڵنیابوونەتەوە لەوەی کە خواردنی داهاتوو بەتامتر و بەلەزەتتر دەبێت، بەڵام چ ڕێگە چارەیەکمان هەیە لەسەر (خودا) ئاخافتن بکەین لەگەڵ ملیۆنان کەس کە لە دنیادا هیچیان نییە لە ڕۆژێکدا دوو جار بیخۆن؟ سەبارەت بەمان خودا ناتوانێت سرۆشێکیان پێ بەخشێت جگە لەوەی کە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکە خودا زاتی دەرکەوتنی نییە بۆ گەلێک لە برساندا دەمرێت و لە بێکاریدا وەڕس بووە، جگە لە شێوەی کارکردن و موچەیەک کە بتوانێت خۆراکی پێ دابین بکات.

لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی پێوەندیی بە لایەنی ئابووریی کەمدەرامەتەکانەوە هەیە، لە پلە و پایەیەکی ڕۆحیدا دەژمێردرێت. ناتوانین سەرنجی ملیۆنان کەسی برسی ڕابکێشین بۆ شتگەلێک ئەگەر لایەنی مادی نەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خواردەمەنیان بۆ بهێنین ئەوان وەک خواوەندێک لێمان دەڕوانن.

کاتێک ئێمە بانگەشە بۆ پێڕەوی میتۆدی ناتوندوتیژی دەکەین، ئەوە هەوڵگەلێکە دەیدەین بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری نەک سەرمایەدار کە خۆی وەک بریکارێک دابنێت بەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە پەرە بە سەرمایەکەی دەدەن و دەیپارێزن. پێویست ناکات کرێکار چاوەڕوانی گۆڕانێک بکات لە لایەن سەرمایەدارەوە بۆ ئەو ڕێبازەی باس کرا. ئەگەر سەرمایە سەرچاوەی دەسەڵات بێت، هەمان شتیش لە بارەی کارەوە دەوترێت، هەتا بتوانرێت ئەم دوو هێزە بە مەبەستی داهینان یان وێران کردن بەکار بێنین.

بە هەر حاڵ ئەم دوو هێزە بە دوای یەکدیدا دین و پێوەستن بە یەکترەوە. کاتێک کرێکار لەهێزی خۆی بەئاگا دەبێت، ئەو کات خۆی بە هاوبەشێک دەبینێ لەگەڵ سەرمایەدار لە جیاتی ئەوەی بە کۆیلەی ئەو بمێنێتەوە. ئەگەر کرێکارێک بیەوێت دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت، ئەو کات شانسی کوشتنی مریشکی خاوەن هێلکەی ئاڵتوونی زیاتر بۆ دەڕەخسێت.

هەمــوو خــەڵکی مــافـێکی یەکــســانیــان هەیە لەو داهـاتەی کـە بـۆ بوونی پێویستن. ئاخـۆ هـەمـان شـتـیش لەسـەر باڵندە و گیانلەبەرانی دیکە دروست نابێت؟ لە کـاتێکدا کـە هەر مــافـێک ئەرکـێکی پێـویست و شـیــاوی هەیە، دەتوانـین بێــژین لـە بەرامــبــەر ئەرکی کــارکــردنـی دەست، ئامــرازێک بۆ وەڵامـدانەوەیەکی گـونجـاو کـە هاوکـارینەکـردنی ئەو کـەسـەیە لە بـەرهـەمی کارەکەم بێبـەشم دەکات. بەڵام بمەوێت ملکەچی داواکارییـە بنەڕەتییەکانی یەکسـانـی بم لەنێـوان کرێکار و سـەرمـایەدار، ئەو کـات مـافـم نامـێنێت بۆ ئەوەی کار بۆ لە ناوبردنی سـەرمـایەدار بکەم، چونکە سـەرەتا دەبێت هـەوڵی ڕێنوێنیکردنی بدەم. و هاوکارینەکردنم ڕەنگە کارێک بێت بەر چاوانی ڕوون بکاتـەوە بۆ ئەو گـوڕەپانەی کـە بووەتە هـۆکـاری درووسـتـبـوونـی ئەو جـۆرە گۆڕپانە.

بێگومانم کە ویسـتێک هەیە پاڵ بە سـەرمـایـەدار و خـاوەندارەکان دەنێت هەموویان قۆرخکەر بن. یان ڕکابەرییـەکی بنەڕەتی هەیە بەرژەوەندییەکانیان دەخـاتە بەرامـبـەر بەرهـەڵسـتـیکردنی بەرژەوەندییـەکـانی گـەل بە بێ ئەوەی هیـوایەک هەبێت بـۆ ئاشـتی، چونکە هەر قۆرخکردنێک دەبێ لەسـەر بنەوای هـاوکــارێکردنێکی خــۆبەخش یان زۆرەملێــیــانە بێت لە لایەن کــەســانی قـۆرخکەرەوە، بەڵام خـاوەن بەرژەوەندییـە تایبـەتەکـان دەسـتی تێ دەخـەن، ئینجـا بە دەسـتی خـۆمـان کۆت و بەندەکـان کە بـە زیندانی دەمـانهێـڵنەوە توندتر دەکـەین. کـەواتـە، دەبێت سنوورێک بۆ ئەم بارودۆخــە دابنێن، بۆیە ناکـرێ هـەوڵ بدەین خـاوەندارەکـان و سـەرمـایەدارەکـان نەهێـڵین، بەڵکو گۆڕانێک لە پێوەندییەکانی نێـوان ئەمـان و گـەل بدەین بە شـێوەیەک زیاتر دروست و سافتر بێت.

دەکرێت کار بکەین بۆ دانانـی سنوورێک کە تێیدا هەژارەکان قـۆرخکراو نەبن، نەک هـەندێک لە خــاوەن ملیـۆنەکـان لەناوبەرین، بەڵکو بەرپاکــردنی

ململانێیەک دژی نەفامیی هەژارەکان و، فێر بکرێن چلۆن دەست هەڵبگرن لە هاوکاریکردنی کەسانێک کە قۆرخیان دەکەن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێنوێنیکردنی خودی قۆرخکەران، لە هەمان کاتدا، خراپە لە خودی سەرمایە نییە، بەڵکو خراپ بەکارهێنانێتی کە وای لێ دەکات زیانبەخش بێت. بەردەوام و بە هەر شێوەیەک بێت سەرمایە وەک پێویستییەک دەمێنێتەوە.

باشتر وایە داواکار بین لەو کەسانەی ئەمڕۆ پارێزگاری لە پارەکانیان دەکەن و وای دادەنێن کە بریکارێکن لە لایەن هەژارەکانەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم سەروەتە دانراون. ڕەنگە هەندێ کەس بێژن ئەم بەڕێوەبردنە ڕاسپێرییە فێڵێکی یاساییە. بەڵام ئێمە ئەگەر بەوردی لەم کارە بیر بکەینەوە و، بە گوێرەی پێشنیازی باسکراو هەڵسوکەوت بکەین، دەبینین ژیانی سەر زەوی پڕ دەبێت لە خۆشەویستی، زیاد لەوەی کە ئەمڕۆ هەیە.

مرۆڤ بە تەواوەتی واز بهێنیت لە هەموو موڵکەکانی، ئەوە کارێکە کەسانێکی کەم دەتوانن ئەنجامی بدەن، گەر چی لە ناوەندی گشتیی گەلیش بێت. هەموو ئەوەی دەکرێت پێشبینی بکەین لە ناو چینەکانی سەرووشدا ئەوەیە کە بکرێن بە بریکارێک بەسەر سەروەت و بەهرەکانیانەوە، بە مەبەستی بە کارهێنانیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە. بەڵام گەر داوای زیاتر بکەین مانای ئەوەیە مریشکە خاوەن هێلکەی ئاڵتونییەکە دەکوژین.

بەشی حەوتەم

## دیموکراسیەت و گەل

دیموکراسییەت، لە دیدگەی من، ئەو ڕیژیمەیە کە بێهێزەکان هەمان دەرفەت و توانی بەهێزەکانیان هەیە، ناتوانین بەم ئامانجەش بگەین لە ڕێگەی ناتوندوتیژی نەبێت.

من بەردەوام جێبەجێکردنی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هێزەوە بە ئەستەم دەزانم، ئەگەر چیش لەلایەن نەدارترین کەسانیش گرینگیی پێ بدرێت. هەروەک دەیبینم، دەکرێت ئەو کەسانەی دووچاری ئەم بارۆدوخە ستەمکارە بوونە چارەسەر بکرێن، ئەگەر ڕێبازەکانی ناتوندوتێژییان بە دروستی گرتە بەر. بۆیە هەر لەم بارەوە خوشحاڵم لە بارەی هاوکارینەکردنی (non-co-opearation) ناتوندوتیژی بدوێم، لە چەند بۆنەیەکدا، لە هەندێک کاتدا هاوکارینەکردن (non-co-opearation) ئەوپەڕی ئەرکە بە ئەندازەی هاوکارێکردنیان. لەم هەلومەرجەدا کەس ناچار ناکرێت هاوکار بێت ئەگەر ئەو هاوکارێکردنە ببێتە مایەی لەناوچوون یاخۆ کۆیلەبوونی. سەبارەت بەو ئازادییەی کە مرۆڤ بە هۆی ڕەنجی کەسانی دی بە دەستی دینێت، هەر چییەک بێت نیازپاکییان، ئەو ئازادییە بەردەوام نابێت، لە کاتێکدا کە ئەو کەسانە چیدی تێ ناکۆشن لە پێناو ئەو ئازادییەدا. بە دەستەواژەیەکی دی، ئەم ئازادییە ئازادییەکی ڕاست و ڕەوا نییە. بەڵام خەڵکانی نەدار بە خێرایی هەست بەو گەرمییە دەکەن، لە کاتێکدا درک دەکەن بەوەی کە چۆن پێی گەیشتوون، ئەویش لەڕێگەی

هاوكاری نەكردنی ناتوندوتیژ.

یاخیبوونی مەدەنی مافی هەموو هاووڵاتییەكە. هەر بەرەنگاربوونێك دەبێتە مایەی كەمكردنەوە لە مرۆڤبوونی مرۆڤ. یاخیبوونی مەدەنی هەرگیز بە دوای خۆیدا گێرەشێوێنی ناهێنێت، بەڵام یاخیبوونی تاوان، ئەم گێرەشێوێنییە لەگەڵ خۆی دێنێت.

دەوڵەتێكم بینی بۆ ئەم یاخیبوونە بە هێز سنوورێكی بۆ دادەنا، لە ترسی لە ناوچوونی. بەڵام هەوڵێك بۆ دەستهەڵگرتن لە یاخیبوونەكی مەدەنییانە ڕەنگە هەوڵێك بێت بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ویژدان.

سەبارەت بە دیموكراسییەتی دروست یان "سواراج[٤]"ی جەماوەر، ناكرێت بە ڕێگەیەكی ناشەرعی یاخۆ توندوتیژی بەدەست بێت، چونكە تەنیا هۆیەك بۆ ئەم ئاكامە پێویست دەكات ئەو كەسانەی ئەم جۆرە شێوازانە بە كار دەهێنن بە هیچ شێوەیەك دوودڵ نەبن لەسەركوتكردنی ڕكابەرەكانیان. كەواتە، ئەم جۆرە بنەوایانە شایەن نییە بە دروستكردنی سیستەمێك لە ئازادیی تاكە كەس پێك هاتبێت، چونكە ئازادی كرانەوەی تەواوی نابێت مەگەر لە ڕیژیمێك بە ڕوونی ئاهیمسای تێدا دەستەبەر بكرێت.

(ئۆتۆنۆمی) بە تەواوەتی پشت بە هێزی ناوەخۆییی خۆمان و توانی بەرهەڵستی كردنمان بۆ كۆسپە ترسناكەكان دەبەستێت. ڕاستییەكەی (ئۆتۆنۆمی)یەك كە بەردەوام پێویستی بە جێبەجێكردن و پارێزگاری

٤. یەكێك لە دەستنووسەكانی گاندی كتێبی (خودموختاری بۆ هند- هند سواراج/ ١٩٠٨) كتێبەكە بە زمانی كوجاراتی نووسراوە بە شێوەیەكی بابەتی پێداچوونەوە بە بەها مەدەنییە ڕۆژئاواییەكاندا دەكات وەك (پایەبەرزیی خواوەند... ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی-پیشەیی- پرۆگرامی كاری سیاسی) تێیدا دەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕانەی بە درێژاییی ژیانی پێوەی سەرقاڵ بوو ڕەنگ دەداتەوە. (وەرگێڕ). هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٢٤

هەبێت شایەنی ئەم ناولێنانە نییە. کەواتە بە کردەوە و قسە هەوڵم دا، (ئوتونومی)ی سیاسی ڕوون بکەمەوە، ئەم (ئۆتۆنۆمییەش) کە زۆرترین ژمارە لە پیاوان و ئافرەتان لە خۆ دەگرێت، تەنیا وێنەیەکە لە خۆبەڕێوەبردنێکی تاک کەسی، هەر بۆیە، بانگەشەکردن بۆ ئەو (ئوتونۆمیە) سیاسییە پێویست دەکات بە دروستی پەنا بەرینە بەر هەمان ئەو ئامرازەی کە بۆ بەڕێوەبردنەکی تاک کەسی یان سواراج پێڕەوی دەکەین.

ئەرک سەرچاوەی ڕاستی مافەکانە. ئەگەر هەموومان ئەرکەکانی خۆمان ڕاپەڕێنین، مافەکانمان بە ڕوونییەکی تەواو دەر دەکەوێت. لە بەرامبەردا، گەر کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان دەربکەوێت، ئەو مافانەی هەوڵی بۆ دەدەین لە کیسمان دەچێت، هەروەک لەو کارە لەناوچووانە دەچێت. ئەم مافانە لێمان دوور دەکەونەوە هەرچەند غیرەت بەخۆمان بدەین.

بەلای منەوە، دەسەلاتی سیاسی ئامانجێک نییە، بەڵکو یەکێکە لە ئامرازەکان کە مرۆڤ بتوانێت هەلومەرجەکانی ژیانی چاک بکاتەوە لە هەموو بوارەکاندا. دەسەڵاتی سیاسی ڕێگەیەکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ڕێگەی نوێنەرانی گەلەوە. ئەگەر ژیانی نیشتمانپەروەریەتی گەیشتە ڕادەیەک لە کامڵبوون و ڕێگەی بە کارکردنێکی عەفەوییانە دا ئەو کاتە گەل پێویستی بە نوێنەریش نابێت، ئەو دەمە دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتێکی گێرەشێوێنی ڕووناکبیرانە. لە دەوڵەتێکی لەم جۆرە، هەر کەسێک دەبێتە حاکمی خۆی. خۆی دەبات بەڕێوە بە شێوەیەک هەرگیز دراوسێیەکەی بێزار ناکات. بە ڕای من، دەوڵەتێکی نموونەیی دێتە ئاراوە کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی لە بووندا نەبێت، بە هۆی نەمانی دەوڵەت. بەڵام ئێمە لەم ژیانەدا ناتوانین ئەم نموونەیە جێبەجێ بکەین. و لەم ڕوانگەوە، تورۆ (thoreau) جەختی کردووە کە باشترین حکوومەتەکان ئەوانەن کە کەمترین ماوە حوکم دەکەن.

هیوام وایه پیشانی بدەم کە سواراجیی ڕاست بە دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا لە لایەن هەندێک کەسەوە بە دەست نایەت، بگرە لە توانی هەمووانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی دەسەڵات. بە دەستەواژەیەکی دی، پێویستە بەوە سواراج بە دەست بێنین بەوەی قەناعەت بە جەماوەر بکەین کە دەتوانێت چاودێریی دەسەڵات و کۆنتڕۆڵی دامودەزگەکانی دەسەڵات بکات.

تەنیا کشانەوەی ئینگلیز لە هند هاوواتەی سەربەخۆیی نییە، چونکە سەربەخۆیی وشەیەکە بە مانای ئەوەیە هەر لادێیەک دەبێت بە تەواوەتی درک بکات کە خۆی دروستکەری چارەنووسی خۆیەتی و لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە دەتوانێت خۆی یاسادانەر بێت.

دەمێکە ئێمە وا ڕاهاتووین کە دەسەڵات لە ئەنجوومەنی یاسادانان سەرچاوە دەگرێت، بەڵام من ئەم بڕوایە بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێم، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و پرنسیپە باوەکان. خوێندنەوەی مێژووی بەریتانیا بە شێوەیەکی ڕواڵەتی وای لێمان کرد کە وا بزانین تەواوی دەسەڵات لە ڕێگەی ئەنجوومەنەکانی پەرلەمانەوە بە گەل دراوە. بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵات لە گەلەوە دێت، ئێمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو متمانە بەو نوێنەرانەی کە هەڵیان دەبژێرین دەدەین، ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ دەسەڵات و بوونییەکی نییە ئەگەر لە گەلەوە دوور بێت. لەم بیست و یەک ساڵەی دواییدا لە هەوڵدا بووم گەل بەم حەقیقەتە سادەیە قەناعەت پێ بێنم. کەواتە، یاخیبوونی مەدەنی کلیلی دەسەڵاتە. جا بیهێنە بەر چاوت گەلێک بە تەواوەتی ملکەچ نەبێت بۆ یاساکان و ئامادەیی هەبێت ئاکامەکانی یاسایی و جێبەجێ کردن تووشی ئیفلیجیەکی تەواو بکات. بە دڵنیاییەوە ئاساییە پۆلیس و سوپا پەنا بۆ هێز بەرن بۆ دامرکاندنەوەی کەمینەکان جا تواناکانیان هەرچەندێک بێت. بەڵام هیچ پولیس و سۆپایەک ناتوانێت گەلێک

کە بە هەموو هێزێکیەوە بە نیازی بەرهەڵستیکردنی بێت ملکەچ بکات. هیچ چاکەیەک لە پەرلەمانتارییەتیدا نییە، مەگەر نوێنەران ئامادەباشییان تێدا هەبێت بۆ ویستی زۆرینەی گەل گوێڕایەڵبن. ئێمە چێمان دەوێت، بەلانی کەمەوە هیوادارم، حوکمێک هێزی خۆی وەربگرێت نەک دەسەڵاتێکی زۆرەملێ بەڵکو شارەزایی بوونەوە لە چۆنیتیی ڕێنوێنی و قەناعەت پێکردنی ئەم کەمینەیە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر گۆڕانگارییە خوازراوەکان تەنیا لە ڕەنگی بەرگە سەربازیدا خۆی ببینێتەوە، کەواتە چ پێویست دەکات بە وروژاندنی ئەم هەموو کێشەیە. و هەرچییەک بێت کارەکە، لەم حاڵەتەدا بە شێوەیەکی تەواو بێبایەخ دەبین بەرامبەر بە گەل. هەتا وای لێ دێت بەرەو قۆرخکردن هەنگاو بنێین، هەر وەک حاڵی کارەکان لە ئێستەدا، بەڵکو بە زیادیشەوە. وەلێ هەست دەکەم، کە ئەوروپاش لە ناخەوە بە دەستی هەمان دەردی هندستانەوە دەناڵێت، هەرچەند ئەوروپاییەکان بە سیستمی حوکمکردنی ئۆتۆنۆمی بەختەوەرن... کەواتە، دەبێت بتوانین هەمان چارەسەر پێڕەو بکەین. ئەگەر بچینە قووڵایی دیاردەکان و دیقەتییەکی وردی بدەین، دەبینین توندوتیژی ڕێگەی بە ئەوروپا داوە گەل قۆرخ بکات. بەڵام گەل ناتوانێت بە پەنابردنەبەر توندوتیژی لە ڕووی دەردەکە بوەستێت.

هەرچییەک بێت، هەتاوەکو ئەمڕۆ، ئەزموونەکان دەری دەخەن کە ئەو سەرکەوتنانەی توندوتیژی بە دەستی هێناون بۆ ماوەیەکی کورت بوونە. لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ئەوە زیادبوونی توندوتیژییە. لە ئەنجامدا، ئەگەر گەلانی ئەوروپا، وەک بۆم دەر دەکەوێت بیەوێت ڕزگاری بێت، دەبێت زوو یان درەنگ پەنا بباتە بەر ناتوندوتیژی.

من هەوڵەکانم تەنیا بۆ ڕزگارکردنی هند لە داگیرکردنی ئینگلیز تەرخان نەکردووە، بەڵکو بە نیازم هند لە هەموو شێوەکانی کۆیلایەتی کە ئەرکی سەرشانی ڕۆڵەکانی قورس کردووە ئازاد بکەم. کەواتە، هیچ مەبەستێکم

نییە بۆ گۆڕینەوەی پاشایەکی بێدەسەلات بە پاشایەکی فێڵباز کە کار بۆ هەڵخەڵەتاندنمان بکات. هەر بۆیە بزاوی (سواراج–swaraj)م دامەزراند، کە هەر مرۆڤێک بە پاککردنەوەی ناخ پێوەست دەکات.

ئەگەر ئێمە دەستمان کرد بە سەپاندنی دەسەلاتی خۆمان بە سەر کەسانی دیدا، ئەمەیان گەلێک خراپتر دەبوو لەو زۆرداریە بیرۆکراتییەی بەریتانیا کە قۆرخ کراوە بۆ کۆمەڵێک بەڕێوەبەر، چونکە تیرورکردنێکە سەپێنراوە لەلایەن کەمینەیەکی دەورەدراو بە ئۆپۆسوزیۆن. بە پێچەوانەوە ستەمکاریی ئێمە تیرۆرێکە کە زۆرینە دەیسەپێنێت و، لەسەر ئەم بنەوایە خراپەیەک و کوفرێکی گەورەتر لەوی دی دەر دەکەوێت. کەواتە پێویستە هەموو شێوەک لە شێوەکانی بەرهەڵستیی زۆرەملێ وەلابخەین. لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی کەم بووین بانگەوازی مەسەلەی هاوکارینەکردنمان کرد (non-co-opearation) ڕەنگە ڕوو بدات ناچار بین بۆ مردن ئەگەر هەوڵ بدەین ڕێنیشاندەریی کەسانی دی بکەین بۆ بوچوونەکانمان. بەڵکو ئێمە بەمە، بە باشترین شێوە نموونەی باوەڕمان نواند و، بەرگرییەکی شایستەمان لەسەری کرد، بەلام ئێمە ئەگەر ویستمان هێز بەکاربهێنین لە پێناو لەخۆگرتنی پیاوانی دی بۆ تیمەکەمان، ئێمە بەمە ناپاکی لە خودا و مەسەلەکەی خۆمان دەکەین. بەلام ئەگەر وا دەرکەوت بۆ کاتێک ئێمە سەرکەوتووین لە هەوڵەکەمان، ئەمەش بە شێوەیەکی بێ هاوتا دەبێتە سەرکەوتنی تیرۆر.

بنەمای زێڕینی ڕێبازەکەمان ئاڵوگۆڕکردنی لێبوردەیییە، لە ڕاستیدا، ئاساییە هەموومان لەسەر هەمان ڕا نەبین. وابزانین بە بۆچوونە جیاوازەکان حەقیقەت پارچە پارچە دەبێت، ئینجا دەبینیت ویژدان لەگەڵ هەموومان بە هەمان شێواز نادوێت. بێگومان ویژدان باشترین ڕێنیشاندەرە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە، بەلام هەوڵدان بۆ سەپاندنی هەڵسوکەوتی تاک

بەسەر کەسانی دیدا دەبێتە هۆی تێکدانی ئازادیی ویژدان و ڕەنگە بەرگەی نەگرێت.

پێویستە جیاوازیی بۆچوون دوژمنایەتی لەنێوان خەڵکدا دروست نەکات. ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوە من و خێزانەکەم دەبینە دوو دوژمنی سەرسەخت. من لە دنیادا دوو کەسم نەبینیوە هاوڕابن لە هەموو خاڵەکانی گفتوگۆکردنیان، لە کاتێکدا کە یەکێک بووم لە موریدەکانی جیتا (gita) هەموو هەوڵێکم دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەی هاواڕ نیم بەسۆز بم بە ئەندازەی سۆزداریم لەگەڵ خۆشەویستترین و نێزیکترین کەس لێمەوە.

کاتێک گەلەکەم هەڵەیەکی گەورە دەکات، بێ دوودڵی ڕایدەگەیەنم کە تاوانێک لە ئارادایە. بەڵام دەبێتە تاکە ستەمکارێک کە ڕازی بم بە بوونی لەم جیهانەدا، ئەو (دەنگە ڕوونەیە) کە هێشتا لە ناخمدا قسە دەکات.

دەتوانم بێژم بە پەلە نیم لە ئاشکراکردنی کەموکوڕییەکانی کەسانی وەک خۆم، ئەمە سەیر نییە، چونکە بە کەموکوڕییەکانمەوە، شایەنی بەزەیی کەسانی دیم. فێر کراوم حوکمی توند بەسەر کەس نەدەم، ڕەچاوێک بکەم بۆ ئەو کەم و کوورییانەی کە تێبینییان دەکەم.

بەردەوام خەڵک تۆمەتباریان دەکردم کە سروشتێکی توندم هەیە و، پێم باش نییە ملکەچی بڕیارەکانی زۆرینە بم. گەیشتە ڕادەی گومانکردن کە وەک دکتاتۆر هەڵسوکەوت دەکەم... ڕاستییەک دەبێژم نەمتوانی تۆمەتی ستەمکاری قبووڵ بکەم و، بە پێچەوانەوە، شانازی بە خۆمەوە دەکەم، بەو نەرمییەی کە دەرم خستووە سەبارەت بە گشت ئەو مەسەلانەی کە بایەخی چالاکەکان نەبێت. من ڕقم لە زۆرداری دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆم بەهایەکی قورسی لام هەیە و، ڕێزیان لێ دەگرم بە ئەندازەی ڕێزگرتنم لە ئازادی و سەربەخۆیی کەسانی دی. هیچ

ئارەزوویەکم نییە کەسی دی بهێنمە ناو مەسەلەکەمەوە، ئەگەر بانگەوازەکە سەرنجی کەسی ڕانەکێشابێت. من سەربەخۆیی خۆم هەڵدەگرم بەرامبەر نەریتەکان تا ڕادەی ڕەتکردنەوەی خواوەندێتیی دێرینی (شاتراس- shastras) ئەگەر نەتوانێت قەناعەت بە عەقڵم بکات. بەڵام ئەزموونەکان وایان لێ کردووم، ئەگەر بمەوێت بژیم لە ناو کۆمەڵگەیەک کە سەربەخۆیی خۆمی تێدا بپارێزم، پێویستە تەنیا بایەخ بدەم بەو پرسانەی کە گرینگییەکی گەورەیان هەیە. لە بوارەکانی دی، کاتێک ئاین و ئەخلاق دووچاری پێشێلکاری نابنەوە، پێویست دەکات ملکەچی ویستی زۆرینە بین.

من باوەڕ ناکەم بەو گوتەیە کە ئێژێت (دەبێت مەزنترین باشە بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک بێت). بە دەستەواژەیەکی ڕاستەوخۆ، واتە ڕازی بین قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی چل و نۆ لە سەدی خەڵکی بدەین بەرامبەر بە بەنجا و یەک لە سەدەکەی دی. بەهەرحاڵ ئەم باوەڕە بێ بەزەییییە زیانێکی لەڕادەبەدەری بە مرۆڤایەتی گەیاندووە. لە کاتێکدا تاکە باوەڕێک شایستە بێت بە متمانە پێکردن و مرۆڤدۆستانە بێت، ئەو باوەڕەیە کە تێدەکۆشێت بۆ چاکەی هەمووان. بەڵام ئێمە ناتوانین وای دەربخەین کە پێوەستین بەم باوەڕە، ئەگەر ئامادەییمان نەبێت بۆ قوربانییەکی توند و سەخت.

ئەو کەسانەی بانگەشەی ڕابەرایەتیی جەماوەر دەکەن پێویستە بە توندی ملکەچبوونیان ڕەتبکەنەوە. ناتوانین لەم کارە بە دوور بین ئەگەر بمانەوێت نەهێڵین ئاشووبێکی بێ سەر و بەر ڕووبدات و، ئارەزووی پێشکەوتنی وڵاتمان هەبێت لە چوارچێوەیەکی یاسایی. پێم وایە بەس نییە پێشەوا تەنیا پشتگیری لە ڕای تایبەتی خۆی بکات، بەڵکو جاروبار کار بکات بە پێچەوانەی هزری گەل، ئەگەر بینیی ئەم هزرانە خۆی بە هێزێکی قایلکەرانە و عەقڵانی ناسەپێنێت، بە تایبەتی لەو بابەتانەی گرینگیی سەرەکییان لە ئاستی نیشتمانیدا هەیە.

ئینجا پێشەوایەک بە هەموو ئەنجوومەنەکانی ڕاوێژکارییەوە دەور دراوە، شایستەی هیچ نابێت، ئەگەر ڕەفتارێکی هەبێت پێچەوانەی ویژدان بێت. زوویش دەکەوێتە کەنگەلانەوە، ئەگەر ئەو دەنگە ڕێنوێنیکەرەی ناخی لە دەست بدات.

دەوڵەت توندوتیژی دەنوێنێ بەڵام، بە شێوەیکی ڕێکخراو و پڕ بە حەشامەتی سەربازی، تاک خاوەن ڕۆحە، بەڵام دەوڵەت ماشینێکی بێ ڕۆحە و ناتوانی لە توندوتیژی هەڵبێت، هەتاوەکو هۆیەک بۆ بوونی مابێت.

قەناعەتێکی پتەوم هەیە ئەگەر دەوڵەت هەوڵ بدات سەرمایەداری بە توندوتیژی لە ناو بدات، بێگومان خۆی لە ناو گێژەلوولی توندوتیژی دەبینێتەوە و، ئەستەمیشە هەڵبسێت بە گەشەپێدانی ناتوندوتیژی بە شێوەیەکی ڕەها.

(ئۆتۆنۆمی) خۆبەڕێوەبردن مرۆڤ ناچار دەکات بەردەوام لە هەوڵدان بێت، بۆ ئەوەی دوور بێت لە کاریگەرییەکانی حوکمڕانی، جا کاریگەرییەکە لە سەرچاوەیەکی بیانی بێت یان ناوەخۆییەوە بێت. بەڵام ئەو حوکمەی کە سوارا ج یان ئۆتۆنۆمی بانگەوازی بۆ دەکات دەبێتە کارێکی پەژارەهێن کاتێک هاووڵاتییان چاوەروان بن هەموو وردەکارییەکانی ژیانیان بۆ ڕێک بخات. پێویستە مرۆڤ دڵخۆش بێت بە مردن ئەگەر ژیانی ئازادیی بۆ ئەستەم بێت.

بنەمای زۆرینە پراکتیزەکردنێکی سنووورداری هەیە، کەواتە دەبێت ملکەچی ئەم زۆرینەیە نەبێت تەنیا لە مەسەلە وردەکارییەکاندا نەبێت. بەڵام ملکەچبوون بۆ زۆرینە بە شێوەیەکی کوێرانە ڕەفتارێکە لە کۆیلەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. دیموکراسییەت بۆ ئەو کەسانە نییە کە وەک پەز بەڕیوە دەبرێن، چونکە هەموو تاکێک لە ڕیژیمی دیموکراسی مافی پارێزراوە لەوەی کە ئازادە لە بیر و بۆچوون و کاردا. یاسای زۆرینە گرینگیی نامێنێت کاتێک ویژدان وشە یەکلاکەرەوەکەی دەدرکێنێت.

بە تەواوەتی دڵنیام کەس ئازادیی خۆی لەدەست نادات، مەگەر لاوازییەکی بێ ئەندازە ناچاری بکات. کەس باوەڕ نەکات کە دەمانچەکانی بەریتانیا بەرپرسیارن لە ملکەچبوونمان بەڵکو ئەو هاوکارییەیە کە بە ویستی خومان بە ئینگلیز دەیبەخشین.

ئەستەمە بۆ هەر حوکمێک، ڕادەی ستەمکارییەکەی هەر چەندێک بێت، لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بە ڕازیبوونی حوکمکراوەکان نەبێت. زۆر جاریش بە هێز ئەوەی پێ دەکرێت، بەڵام ئەو گەلەی لە ژێر حوکمێکی زۆرداریدا بێت، زوو واز لەو ترسە دەهێنێت و حوکمەکەی دەڕۆخێنێت.

ڕەنگە ببینی زۆرینەی خەڵک تێ نەگات لە ئاڵۆزیی میکانیزمەکانی حوکمکردن، چونکە درک بەوە ناکات هەر هاووڵاتییەک، پشتگیری لە حوکمی دەسەڵاتێک بکات، پشتگیرییەکی بێدەنگانە بەڵام پتەوە، ئەمەش بەرپرەوێک بێت کە هیچ زانیارییەکی دەربارەی نەبێت. کەواتە، هەر هاووڵاتییەک لێپرسراوە لە هەموو ئەو کارانەی حکوومەتەکەی پێی هەڵدەستێت. باشتر وایە هاووڵاتی پشتگیریی دەسەڵات بکات، مادام بڕیارە گونجاوەکان وەردگرێت. بەڵام ڕۆژگارێک دێت درک بەوە بکات کە ئەو تیمەی حوکمیان کردووە بووەتە سەرچاوەیەکی زیانبەخش بە گەل، ئەو کات دەبێت پشتگیرییەکەی لێ بسەنێتەوە.

ئازادییەکی گەورەتر نییە لەوەی کە بەتەواوەتی ملکەچی بۆ پاشایەکی دنیا ڕەت بکرێتەوە ئەگەر گەورەیییەکەی هەرچییەک بێت.

ئازادیی دەرەوەمان هیچمان پێ نابەخشێت بە ئەندازەی درککردنمان بە پەرەپێدانی ئازادیی ناوەکیمان. ئەگەر بۆچوونێک هەبێت دەربارەی ئازادییەکی تەواو، پێویست دەکات هەموو وزەیەک لە ناخماندا بخەینە گەڕ لەپێناو چاککردنی خۆمان چاککردنێک کە لە ناخەوە بێت.

دیموکراتیخوازی ڕاست ئەو کەسەیە کە بەرگری لە ئازادیی خۆی دەکات، بە تەواوی ئامرازەکانی ناتوندوتیژی خۆی پڕ چەک دەکات ئینجا دەڕوات بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی ولات و، ئازادیی هەموو مرۆڤایەتی.

دیموکراسییەتی ڕێکخراوی ڕوناکبیرانە باشترین کارەکانە لە جیهاندا. بەڵام دیموکراسیەتی ناوزڕاو بە حوکمی دادگەیی و نەفامی و وەهم بە دڵنیاییەوە لە دەرەنجامدا گێرەشێوینی و، خۆویرانکردن بلاو دەکاتەوە.

دیموکراسیەت و ناتوندوتیژی ڕێککەوتنیان نییە. سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کە بانگەشە دەکەن کە دیموکراسین، کارێکی باشتر دەکات گەر خۆی بە دەوڵەتێکی توتالیتاری بە ڕاشکاوی ئاشکرا بکات، یان بە ئازایەتییەکی تەواوەوە بە نیاز بێت ناتوندوتیژی پێڕەو بکات، ئەگەر بە ڕاستی دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێکی دیموکرات. کوفرکردنە ئەگەر مرۆڤ جەخت بکاتەوە کە پێڕەوکردنی ناتوندوتیژی تەنیا تاکەکان دەگرێتەوە نەک گەلان. ئایا گەلان لە تاکەکان پێک نەهاتوون؟

سەرزەنشتی بەریتانیەکان ناکەم، ئەگەر ژمارەمان وەک ژمارەی ئەوان لاواز بووایە، دەکرا ئێمەش پەنا ببەین بۆ هەمان شێوازەکانی ئەوان کە پێڕەوی دەکەن، چونکە تیرۆر و فێڵکردن دوو چەکی دەستی لاوازەکانن نەک بە هێزەکان. بەریتانییەکان بە ژمارە لاوازن، کەچی ئێمە بە لاوازی دەر دەکەوین سەرەڕای زۆریی ژمارەمان! ئەنجامی ئەم کارەش هەر لایەنێک ئەویتر بۆ کەوتن ڕادەکێشێ. بەڵگەی ئەمەش لەبەر چاوە، ئەوەتا ئینگلیز زیانی لێ دەکەوێت لە ئەنجامی نیشتەنیبوونیان لە هند، لە کاتێکدا هندییەکان ئازاییەتی و پیاوەتییان لە دەست دەدەن ئەگەر پێوەندی بکەن بە ئینگلیزەوە. ئەم پرۆسە لاوازە کارێکی بێ سوودە بۆ گەلان و مرۆڤایەتی.

بەلام ئێمەی هندی ئەگەر بمانەوێت دەست بە جڵەوی چارەنووسمانەوە بگرین، ئینگلیز و خەڵکانی تری دنیایش بەلای کاری خۆیانەوە دەڕۆیشتن،

کەواتە بۆ بەشداریمان لە پێشکەوتنی دنیا پێویست دەکات کاروباری ناوەخۆیی ماڵی خۆمان ڕێک بخەین.

ئا لەم هەلومەرجەدا ئەو قوربانییانە چین کە دەبێت بیدەین گەر هاوکار نەبین؟ سەرەتا وا پێویست دەکات بە ویستی خۆمان هەموو قوربانی و ڕێگرییەکان کە دێنە پیشمان لە ئەستۆ بگرین دوای ئەوەی کە هاوکار نابین لەگەڵ ئەو تیمەی دژ بە خواستەکانمان حوکم دەکات. سەبارەت بەمە (سورو) دەبێژێت "تاوانە پارێزگاری لە دەسەڵات و کەڵەکەبوونی سامان بکەین لە سایەی حوکمێکی ستەمکارانە، لەم هەلومەرجەدا هەژاری دەبێتە چاکەیەک "ڕەنگە ڕووبدات لە قۆناخی هاوکارینەکردندا هەڵە بکەین... بەڵام ڕەنگە بتوانین لە هەندێ نارەحەتییەکانەوە بە دوور بین. هەر چۆنێک بێت، ئەم نارەحەتییانە چاکترە لەوەی هەموو نیشتمان یەختەبکرێ (بخەسێنرێ).

بۆ ئەوەیشی کە بتوانین خراپەکانی ستەمی چاک بکەینەوە، پێویستە چاوەڕوان نەبین تاوانکار بەئاگابێتەوە لەو زۆردارییانەی ئەنجامی داون. هەروەها نابێت ڕێککەوتنمان هەبێت تەنیا لە ترسی ئەوەی بە خۆمان یان کەسانی دی ئازار بگەیەنین. بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویست دەکات بشەڕین دژی خراپە و وازبهێنین لە پشتگیریی خراپەکار و یارمەتیدانی. ئەگەر دەرکەوت باوکێک دژی خێزانەکەی ستەمکارە. پێویستە ڕۆڵەکانی ئەو خێزانە ماڵەکە بەجێبهێڵن. ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک دەزگەکەی بەبێ ڕەچاوکردنی بنەوای ئەخلاقی بەڕێوە ببات، ئەرکی قوتابییانە ئەم دەزگەیە بەجێبێڵن، هەروەها، ئەگەر سەرۆکی کۆمپانیایەک لە گەندەڵیدا نغرۆ بووە، ئەندامەکانی ڕازینەبوونە دەست تێکەڵ بکەن، پێویستە واز لە وەزیفەکانیان بهێنن. ئەم حاڵەتە دروست دەبێت لە حکوومەتێک زوڵمیکی ترسناک ئەنجام بدات، دەبێت هاووڵاتی، لەم قۆناخە بکشێتەوە و هاوکاری نەبێت. بە تەواوەتی یان بە نیوچەیی، بۆ ئەوەی ببێتە کۆسپێک لە پێش

زیادەڕۆییی فەرمانڕەوایەکان لە زۆرداری و خراپەکارییان. لە گشت حاڵەتەکاندا هاووڵاتی دووچاری نارەحەتیی ئەخلاقی یان جەستەیی دەبێتەوە. لەڕاستیدا بەبێ ئەم نارەحەتییانە ئەستەمە بەو ئازادییە بگەین.

لە ئەو ساتەوە کە بووم بە ساتیاگراهییەک، وازم هێناوە کە یەکێک بم لە گەل، بەڵام وەک هاووڵاتییەک بەردەوام بووم، چونکە هاووڵاتی بە ئارەزووی خۆی گوێڕایەڵی یاساکانە، نەک بە زەبر یان تۆقاندنی بەرپرسە لە ئاکامەکان کە بە سەر خۆیدا دەیهێنێت کاتێک بە پێویستی بزانێت، ئامادەییشی هەبێ بۆ بەرگەگرتن لەو سزایانەی پێشبینی دەکرێن.

یاخیبوونی مەدەنی تەواو ڕاپەرینە، بەڵام بێ ئەوەی توندوتیژانە بێت، چونکە ئەو کەسەی بە تەواوەتی پێوەستە بە بەرگریکردنی ئاشتییانە هیچ بەهایەک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دانانێت، لەبەرئەوەی لە یاسا دەرچووە و، ئەو مافەی بە خۆی داوە هەر یاسایەک دەوڵەت دایبڕێژێت و دژی ئەخلاق بێت پێڕەوی نەکات. بۆ نموونە، دەبینێت پێوەستە کە باجەکان بە جێبهێنیت یان ڕەفزی دەستوەردانەکانی دەسەڵات بکات بۆ کاروباری ڕۆژانەی. سەرەڕای ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە، کە چی دەتوانێت بڕیار بدات بچێتە ناو سوپاکە ئەگەر پەیامێکی بۆ سەربازەکانی هەبێت. لەم هەموو نموونانەدا هەرگیز پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز نابات، هەتا ئەگەر توندوتیژیش دژی بە کارهێنرا. لە ڕاستیدا جێگەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە زیندانەوە یان ڕووبەڕووی ئامرازەکانی دامرکاندنەوە دەبێتەوە. بەم شێوازە هەڵسوکەوت دەکات، چونکە ئازادیی جەستە بە ڕواڵەت بارگرانییەکە بە سەریەوە، چیدی ناتوانێ هەڵیبگرێت. پاساو هێنانەوەشی ئەوەی دەوڵەت ئازادی بە تاک نابەخشێت بە ئەندازەی ملکەچبوونی تەواوی تاک بۆ یاسا. کەواتە ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی دەوڵەت، ئەو نرخەیە هاووڵاتی دەیدات بەرامبەر بە ئازادییە تایبەتیەکانی.

کەواتە وەک فیلێک دەر دەکەوێت کە تاک ئازادییە تایبەتییەکانی دەگۆڕێتەوە بەرامبەر بە ملکەچبوون، ئەمە دەوڵەتێکی یاسای ستەمکارە بە تەواوەتی یان حاڵی زۆرینەیانە. ئەگەر بۆ هاووڵاتی دەربکەوێت دەوڵەت لە کردەوەکانیدا خراپەکارە، ئەو کات ناتوانێت بەرگەی ژیان بگرێت و لەگەڵ ئەم ئەشکەنجەدا بسازێت. بۆیە بە ئەنقەست و بە بێ ئەوەی مەبەستی بێت هەڵەیەکی ئەخلاقی ئەنجام دەدات و، هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی زیندانی بکرێت، ئا بەم شێوەیە بەرگریی ئاشتییانە سەرکەوتووترین وەسیلەیە بە دەستی هاووڵاتییەوە بۆ ئەوەی شپرزەییی ڕۆحی دەربخات. ئەمەش تاکە ئامرازێکە کە بەرهەڵستیی مانەوەی دەوڵەتی خراپەکار لە حوکم و دەسەلات بکات. ئەدی ئەمە ڕێگەی هەموو چاکسازییەک نییە؟

کاتێک تیمێک لە خەڵک نکۆڵی لە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە دەکەن کە لە ژێر سێبەریدا بوونە، ئەو کات خەریکە نێزیک دەبنەوە لە بنیاتنانی حوکمی تایبەتی خۆیان. دەبێژم خەریکە، چونکە ئەوان پەنا نابەنە بەر هێز ئەگەر دەوڵەت بەرپەرچیانی دایەوە. لەبەرئەوەی ڕۆڵی ئەوان چ بە کۆمەڵ یان بە تاک بێت، ئەوەیە دەسەلات ناچار بکەن هەستێت بە گرتن یان کوشتنیان، مەگەر دەوڵەت ناچار بکەن دان بە بزووتنەوەی جیابوونەوەیاندا بنێت، بە دەستەواژەیەکی دی، دەوڵەت ڕازی بێت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان. دەبینێت سێ هەزار هندی کە لە باشووری ئەفریقیا دەژین، ساڵی ١٩١٤ سنوورەکانی ترانسفال دەبەزێنن بەبێ ئەوەی ڕەچاوی یاسای کۆچکردن بکەن و لەگەڵ خۆیان حوکمی زیندانی کردنیان هێنا. بەمەش دەوڵەت ملکەچ دەبێت دان بە دواکارییەکانیاندا بنێت، چونکە دەستەوەسان بووە بۆ ئەوەی هانیان بدات بۆ پێڕەوکردنی توندوتیژی یان ناچاریان بکات ملکەچ بن. کاتێک هەموو سوپاکانی بەرگریی ئاشتییانە بێتاوان بوو لە هەر تووڕەبوونێک -یان پێویستە وا بێت - نەبادا نیازی تۆڵەسەندنەوەی هەبێت،

پێویسته به گوێرەی توان ژمارەی سەربازەکان کەم بکرێنەوە. لە ڕاستیدا یەک بەرگریکارێکی مەدەنیی کامڵ بەسە بۆ ئەوەی شەڕی حەق بەسەر ستەمدا سەربکەوێ.

خاوەن باوەڕێکی پەرتەوازە نیم، ئەگەر یەک ساتیاگراهایم دۆزییەوە هەتا کۆتایی خۆڕاگر بوو ئەو کاتە دڵنیا دەبم لە سەرکەوتن.

کاتێک سەرکەوتوو دەبم مرۆڤایەتی قایل بکەم کە هەر پیاوێک یان ئافرەتێک، هەر چییەک بێت هێزی جەستەی، خۆی پاسەوانی کەرامەت و ئازادیی خۆی بێت. ئەو کات ئەرکی من کۆتایی پێدێت. ئەگەری مانەوەی ئەم بەرگریکردنەش بەردەوامیی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە بە تەنیاش دەمێنێتەوە لە بەرگریکردن هەتا ئەگەر هەموو دنیا ویرانیش بێت.

## فەرهەنگ

ئادفیتا: بە هندی واتەی "نادووانەیی"یە ئەمە قوتابخانەیەکی فەلسەفیە، یەکێک لە گەورەترین نوێنەرەکانی فەیلەسووفی هندی "سانکاراشاریا" (٧٨٨-٨٢٠)، کە باوەڕی بە بوونی یەک حەقیقەت بووە. ئەوانەشی کە ماونەتەوە تەنیا ڕواڵەتێکی پەتین.

ئاهیمسا: واتەی ناتوندوتیژی. لە بۆچوونێکی ئەرێیانەوە (پوزەتیفانە)، هێزی خۆشەویستی.

ئاشرم: وشەکە بە هندی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسراما واتە ئاینپەرست. مەبەست لە مەش جێگەیەکی هێمن و دوورە دەستە لە ئاوەدانی، یەک نموونە پاڵیان پێوە دەنێت، ژیانێک بە کۆمەڵ و ملکەچی بنەمایەکی ناسراو لە نێوانیاندا. وشەی ئاشراما زۆر جار بۆ ئەم مەبەستەش بەکار دێت کە ئەو جێگەیەیە گاندی و شوێنکەوتووانی تیادا نیشتەجێ بووبوون.

ئاشراما: ئاسراما، وشەیەکە بە هندوسییە واتەی، ژیانێکی نموونەیی دێت کە چوار قۆناخی یەک لە دوای یەک دەگرێتە خۆی یان ئاشرامات: قۆناخی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوە و ئاینگەرێتی و، قۆناخی دووەم تێکەڵبوونە بە جیهان، مورید لێرەدا دەکەوێتە ژێر دژوارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و، لە کاتی قۆناخی سێیەمدا، تێرامان قووڵتر دەبێتەوە، لێرەدا مورید (شوێنکەوتوو) جیادەبێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیبەستنەوە بە جیهان، بەڵام قۆناخی چوارەم لە ئاینپەرستییەکی تەواودا خۆی دەبینێتەوە.

ئاتما: واتە ڕۆح، یان خۆ.

ئافاتار: بەرجەستەبوونی خودایە.

بانیا: واتەی ئەو ئەندامەیە کە سەر بە کۆمەڵەی هندۆسی سێیەمە. بازرگانیش

چالاکییەکی ئاساییی ئەم کۆمەڵەیە کە ئەنجامی دەدەن.

بهاغافات: بهاغافاتا، یەکێکە لە کتێبە پیرۆزەکانی هندۆسیەت. تیایدا بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە هەواڵەکانی ژیان و ڕێنوێنییەکانی کریشنا دەکات.

براهماشریا: براهما-کاریا، ئەمەش وازهێنانە لە ژنهێنان و شووکردن، ژیانێکی دەروێشانە و پاکبوونەوەیە تەرخان دەکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا.

براهمین: براهمانا، ئەندامێکی کۆمەڵی یەکەمی هندۆسی. بۆ زانیاری براهمانییەکان وەک لاساییکردنەوەیەک خۆیان بۆ کەهەنوت (قەشەیەتی) و خوێندنەوە تەرخان دەکەن.

شاباتی: نانی تیرییە کە بە بێ هەوێن دەکرێت.

شارخا: خەرەکی ڕستن و چنین.

دهارما: ئاین، بنەما یان پێڕەوێکی ئەخلاقی، ئەرک.

دیوان: سەرۆکی وەزیرانە لە یەکێک لە ویلایەتەکانی هند.

هیمسا: توندوتیژی.

کالما: ئاشکراکردنی باوەڕە کە موسڵمان گەواهی دەدات بەوەی کە خوایەکی تر نییە جگە لە خوای تاک و تەنیا.

خدار: کوتاڵیکە بە دەست دەچنرێت.

مهاتما: واتە ڕۆحی مەزن، بە شێوەیەکی گشتی نازناوێکە بۆ پیاوانی ئاینی بەکار دێت. ئەم وشەیە لە گاندی ناونرا لە ساڵەکانی دواییدا.

مانۆ: واتەی ڕێنیشاندەر و یاسادانەری هندی لە سەردەمە کۆنەکان. کتێبی یاسای مانۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

موکشا: موسکا، واتەی جیابوونەوە لە هەموو پێوەندییەکانی سەر زەوین، یان ئازاد بوون لە لەدایکبوونی دووەم.

مونی: واتە بینەر، دانا، بە تایبەتی بەڕێز (جاینا) یان دجاینا. کە ئەمەش شوێنکەوتووی دجاینیە، سیستەمێکی ئاینی و فەلسەفییە لە هند.

نواب: فەرمانبەرێکی گەورەیە یان شایەکی موسڵمانە (نبان).

جوردە: پەچەیە کە لە هەندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئافرەتان دەیپۆشن بۆ شاردنەوەی

ڕووخساریان.

ڕیشی: ڕشی و واتە دانا.

سادافرتا: واتەی خێرە یان بەخشندەیی.

سامسکار: سامسکارا، ئەو کاریگەرییەیە کە ڕابردوو بەجێی دێڵێت و هەرگیز ناسڕێتەوە.

ساتیاگراها: زمانێکە واتەی ئەو کەسەیە کە پەیوەست بە حەقیقەت دەبێت. ئەو ناوەیە کە گاندی بەکاری هێنا بۆ تەکنیکی بەرگریی ناتوندوتیژ بە گوێرەی بۆچوون و پێڕەوکردنی خۆی.

سیفاسامیتی: ناوی ئەو کۆمەڵەیە کە بایەخ بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە خۆبەخشەکان دەدات.

شاترا: ساسترا، ئەمەش ڕێنووسی هندۆسییە.

سوادیشی: خۆشەویستیی مرۆڤە بۆ وڵاتەکەی یان بەرگریکردن لە هەموو شتێکی خۆماڵی و ناوەخۆیی وڵات.

سواراج: واتەی ئۆتونومی یان خۆبەڕێوەبردن.

فاکیل:دادوەر یان پارێزەر.

فیداس: دەقە دێرین و پیرۆزەکانی هندۆسیەت.

ئۆبانیشاد: ئۆبانیساد، بریتیە لە گفتوگۆکردنە فەلسەفیەکان بەگشتی بە سەرچاوەی نووسینەکان کە میتافیزیکای هندۆسی پشتی پێ بەستبوو. ژمارەی ئۆبانیشادەکان بە سەد دانە مەزندە دەکرێت. ئەمەش دەیان دەقی بایەخدار لە دیدی دابونەرێتی هندۆسی لە خۆ دەگرێت.

........................................................................

کۆکردنەوە و هەڵبژاردن: سری کریشنا کریپالانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی: د. ئەنتوان ئەبو زەید

## پێڕست


زانكۆی "ئۆنور" ........ 5
ناتوندوتیژی به زوانی كوردی ........ 8
پێشەكی وەرگێڕ ........ 17
پێشەكی ........ 20
بەشی یەكەم: ئاین و حەقیقەت ........ 24
بەشی دووەم: مەبەست و ئامراز ........ 44
بەشی سێیەم: ئاهیمسا یان ڕێگەی ناتوندوتیژی ........ 49
بەشی چوارەم: ئاشتیی ناودەوڵەتی ........ 76
بەشی پێنجەم: مرۆڤ و ئامێر ........ 84
بەشی شەشەم: هەژاری لە ناوەندی فرەییدا ........ 92
بەشی حەوتەم: دیموكراسیەت و گەل ........ 99
فەرهەنگ ........ 114